# ئایا ئێمە موسوڵمانین؟!

بەشی دووەم


نووسینی:

محمد قوتب

وەرگێڕانی:

ئوسامە بەرزنجی



١٤٤٢ک - ٢٠٢١ز

# ئایا ئێمە موسوڵمانین ؟!

بەشی دووەم

نووسینی: محمد قوتب

وەرگێڕانی: ئوسامە بەرزنجی

بۆ پۆلی دووەمی ناوەندیی دیراساتی ئیسلامی (نیدا)

ساڵی: ١٤٤٢ك - ٢٠٢١ز

ماڵپەڕی زادی ڕێمان
www.zadyreman.com

فەیسبووك
www.fb.com/zadyreman

تویتەر
twitter.com/zadyreman

ئیمەیڵ
Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إلَهَ إلَّا اللّٰه وَأَشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# پێشەکیی وەرگێڕ

الحمدلله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده.

سوپاسی خوای گەورە دەکەین بۆ ئەوەی یارمەتیی داین لە وەرگێڕانی ئەم بەشـەی ئەم کتێبە.

خـوێنەری بەڕێـز.. ئەم کتێـبەی بەردەسـتت وەرگێـڕاوی کتێبـی (هـل نحـن مسلمون؟!)ی محمد قوتبە (ڕەحمەتی خوای لێبێـت)، کە پێشـتر مامۆسـتا کرێکـار (خـوای گەورە ئـازدی بکـات) بەشـێکی باشـی لـێ وەرگێڕابـوو، بەڵام بەداخەوە دەرفەت نەبـوو تەواوی بکـات. ئەمەی بەردەسـتت وەرگێڕانـی ئەو بەشـەی تـری کتێبەکەیە، خوای گەورە بیکاتە مایەی خێر و سوود بۆ هەموو لایەکمان.

کتێبەکە بە عەرەبی خۆی یەك بەرگە، بەڵام ئێمە جیامانکردووەتەوە، بەشی یەکەمـی (کە مامۆستا کرێکار وەریگێڕاوە) لە پۆلی یەکەمـی ناوەنـدیی دیراسـاتی ئیسـلامی (نیـدا) دەخوێنرێـت، بەشـی دووەمشـی -ئەمەی بەردەسـتت- لە پـۆلی دووەمـی ناوەندیی دیراساتی ئیسلامی (نیدا) دەخوێنرێت.

هەمـوو موسـوڵمانێکی خـاوەن هەسـت و پەرۆشـی بـۆ ئـوممەتی موسـوڵمان، بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ڕادەچڵەکێت کاتێك دەبینێت بێباوەڕان چۆن و چەند و بە چ شێوازێك هەموو هەوڵ و تەقەلایان داوە بۆ ئەوەی ئەم ئوممەتی موسوڵمانە زەلیل و ژێردەستە بکەن و شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام لە واقیعی ژیان و کۆمەڵگە داماڵن.

نوسەری بەڕێـز؛ خـۆی خەڵکـی میسـڕ بـووە، بـۆیە دەبینیـت زۆرجـار ئەو پـلان و پیلانانەی بێباوەڕان باسدەکات و هەڵیاندەسەنگێنێت کە لە میسر ڕوویانـداوە، بەڵام بە خوێندنەوەیان خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە تەنها لە میسر نەبووە، بەڵکو لە کوردستان و هەموو وڵاتانی تری موسوڵمانانیش هەمان پیلان و ئامانجیان هەبووە و کاریان بۆی کردووە و بەردەوامیشن لەسەری، ئەگەرچی هەندێکجار لە هەر وڵات و لە هەر سـەردەمێکدا پیلانـی جیاوازیـان بەکـار هێنـاوە و گۆڕانکارییـان تیایـدا کردووە، بەڵام ئامانجەکەیان تەنها یەك شت بووە: کەنارخستنی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام لە واقیعی ژیان و کۆمەڵگە و نەهێشتنی لە دەر و دەروونی موسوڵماناندا.

**ئوسامە بەرزنجی**

**٢٩ی ڕەمەزانی ١٤٤٢ی کۆچی**

**١١ی ئایاری ٢٠٢١ی زایینی**

# لادان و پووکانەوە

لادان و پووکانەوە چۆن دەستیپێکرد و درێژەیکێشا؟

ئایا دەکرێت کۆمەڵگەی ئیسلامی لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و نەمانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی کەسایەتیی ڕەسولی ئەکرەم لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا، ئەم شکۆمەندی و دەسەڵاتەی هەر وەکو خۆی بمێنێت؟

واقیعبین نابین ئەگەر وەڵامەکەمان ئەرێنی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر واقیعبین نابین ئەگەر پێمانوابێت کە نەمانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) یەکسانە بە تێکشکان و داڕووخانی بنچینەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەوە بیرکردنەوەیەکی واقیعی و هەستێکی باوەڕدارانە نییە.

بیرکردنەوەیەکی واقیعیمان نابێت ئەگەر پێمان وابێت: بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی باوەڕ بە شتانی نموونەیی و بنەما و قیبەمە باڵاکان بکات پێویستی بە هێزێکی بە دەر لە سروشتە تا ئەم بنەما و قیبەمانە بچەسپێنێت، کاتێکیش ئەم (هێز)ە نەما باوەڕ بەم بنەما و قیبەمە باڵایانەش نەمێنێت.

ئەم بیرکردنەوەیە بە سووك تەماشاکردن و بێئاگا بوونە لەو واقیعەی کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو پیایدا تێپەڕبووە، کە پڕ بووە لە باوەڕ بە بنەما و قیبەمە باڵاکان و لەپێناو چەسپاندن و بڵاوکردنەوەیان چەندان قوربانی دراوە، بێئاگابوونیشە لە مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلام.

ئەم بیرکـردنەوەیە لە هەسـتێکی باوەڕدارانەشـەوە نـایەت کە پێمـان وابێـت خـوای پەروەردگار پەرتووکی خۆی (قورئان) بۆ ئەم خەڵکە دادەبەزێنێت و پێغەمبەریان بۆ دەنێرێت و داوایان لێدەکات بە پەیـڕەوو پڕۆگرامـی ئەم قورئـانە بچـن بەڕێـوە، لەم پەرتووکەدا گشت شەرع و ئاڕاستەیەکیان بۆ ڕوون دەکاتەوە.. ناکرێت هەموو ئەمانە تەنها بۆ چەند ساڵێک یان بۆ چەند دەیەیەک بن.

ئەمە گاڵتەجاڕی و بێسوودییەکە کە خەڵکی سەرزەمین لێی دوورن، چجـای ئەوەی خوای خالقی ژیان و گەردوون ئەمە بکات؟!

ناشـێ بە نەمـانی کەسـایەتیی پێغەمـبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بنەماکـانی کـۆمەڵگەی ئیسلامی تووشـی لادان و پووکـانەوە بـبن، بەڵام چاوەڕوانکراویشـە دوای وەفـاتی پێغەمـبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەکـو خۆیـان نەمێـنن و لەو ئاسـتە بـاڵایە دابەزن بـۆ ئاســتێکی نزمتــر، چــونکە کەســایەتیی خــودی پێغەمــبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبـوو لەسـەر بەرزکـردنەوەی خەڵـك و کـۆمەڵگە لە هەموو ڕووەکانیەوە، کاتێك ئەم هێزە کـاریگەرە نامێنێـت چـاوەڕوانکراوە خەڵـك و کۆمەڵگەش دابەزنەوە ئاستێکی تر، بەڵام کام ئاست؟

ئەو ئاسـتەی کە ئیسـلام درووسـتی دەکـات.. جیـاوازی هەیە لە نێـوان ئیسـلام و کەسایەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ):

(يَا أَيُّهَا النَّاس؛ مَنْ كَانَ مِنْكُمْ يَعْبُدُ مُحَمَّداً فَإِنَّ مُحَمَّداً قَدْ مَات، وَمَنْ كَانَ يَعْبُدُ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ حَيٌّ لَا يَمُـوت)، واتە: هـۆ خەڵکیـنە! هەر کەسـێك لە ئێـوە مـوحەممەدی دەپەرست ئەوە موحەممەد مرد، هەر کەسێکیش لە ئێوە خوای دەپەرست ئەوە خـوا

هەر زیندووە و نامرێت.

ئەمە قسە ڕاستەکەی ئەبوبەکری ڕاستگۆ بوو (خوا لێی ڕازیبێت) کە دوای وەفاتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی.

ئیسلام وشەی خوایە.. وشەی خوا زیندووە و نامرێت.

دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاریگەریی ئیسلام لە دەروونەکاندا هەر دەمێنێت، چونکە ئیسلام پەتی پەیوەستییە لە نێوان خوا و خەڵك، ئەم پەتە هەر دەمێنێت و ناپچڕێت.

پاشان کاریگەریی کەسایەتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کورت هەڵنایەت تەنها لە ژیانی دونیاییدا، بەڵکو تا ئەوکاتەی خەڵکی دڵ و دەروونیان بۆی بکەنەوە بەردەوام پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر پێشڕەوو پێشەوایانە.

کاتێك قەدەری خوا وادەبێ کە سەردەمی نموونەیی ئیسلام بەردەوام نابێت، مانای ئەوە نییە بە یەکجاری کۆتایی هاتبێت، نا.. بەڵکو هەر دەبێت بگەڕێتەوە و وێنەیەکی درەوشاوەی هەبێت و نەوە دوای نەوە هەوڵ و قوربانیی بۆ بدەن تا بیگەڕێننەوە ئاستە بەرز و بڵندەکەی جارانی.

کەوایە هەر دەبێت کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەر ئیسلامەتی و خواناسییەکەی بمێنێت و بەسەر زەویدا بڵاوی بکاتەوە، هەر دەبێت خەڵکی بە پێی ئاراستەی ئەم ئایینە بژین و بچن بەڕێوە، ئەمەش بە کرداری لە مێژوودا ڕوویداوە.

کۆمەڵگەی ئیسلامی -لە هەموو ڕووەکانەوە- وەکو زەمەنی پێغەمبەر

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و جێنشینە ڕاشیدینەکانی نەبوو، بەڵام هەر بەرز و بڵند بوو.. بەرز و بڵند بوو بە بەراورد بە هەموو سیستەم و قیەم و شارستانییەتەکانی تری سەر زەوی.

پێشتر وتەی ڕۆژهەڵاتناس (وڵفێرد کانتوڵ سمیس)ـمان باسکرد[1] کە وتی: ئەو هەوڵانەی ئیسلام داویەتی بۆ بڵاوکردنەوەی داد لە نێو خەڵکیدا، بەهێزترین و زۆرترین هەوڵدان بووە.

هەروەها وتەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی تریشمان باسکرد، دەربارەی ئەوەی چۆن ئیسلام هات ژیانی مرۆڤایەتیی ڕووناك کردەوە و ئەورووپا لە پێشکەوتنەکەیدا چەندێك سوودی لە ئیسلام وەرگرت.

ئەوە موسوڵمانان بوون واتای ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییان لە دەروونی خەڵکیدا چاند کە ئەورووپا پێشتر نامۆ بوو پێی، جارێك لە جەنگەکانی خاچپەرستیدا بەدیی کرد و جارێکیش لە زانکۆ ئیسلامییەکانی ئەندەلووس و باکووری ئەفریقیادا بەدیی کرد.

کەواتە ئەوەی لە دەروونی هەندێ لە موسوڵماناندایە لەوەی کە بە وەفاتی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و نەمانی جێنشینە راشیدینەکانەکان ئیسلامیش کۆتایی پێهاتبێت، شتێکی ناڕاست و نابەجێیە، بەڵێ ڕاستە کە زەمەنی (نموونەیی) کۆتایی هات و زەمەنی (ئاسایی/عادی) دەستیپێکرد لە مێژووی ئیسلامدا، هەرچەند ئەوە بە نسبەت ئیسلام زەمەنی (ئاسایی/عادی) بووە بەڵام بە نسبەت مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی باشترین و باڵاترین زەمەن بووە.

---

(١) ئایا ئێمە موسوڵمانین؟! بەشی یەکەم، لاپەڕە: ٧٢. (وەرگێڕ).

لێرەوە لادان و پووکانەوە دەستیپێکرد، کاتێک لە سەردەمی ئومەوییەکاندا یەکەمین بنەمای سیاسەتی حوکمڕانی و سیاسەتی ئابووری داڕووخا و (پادشـایەتیی بەزۆر/ الملك العضوض)، دەستیپێکرد و سیستەمی حوکمڕانی بووە سیستەمێکی میراتگری و فیتنەی چوونە بەردەرگای سوڵتان پەیدابوو.

هێشتا کۆمەڵگەی ئیسلامی لە چوارچێوە ئیسـلامییەکەدا هەر مـابوویەوە، بە تەنهـا پایتەخـت تووشـی لادان و لاڕێبـوون ببـوویەوە لە بەشـێکی سیاسـەتی داوەری و داراییــدا بــۆ بەرژەوەنــدی دەســەڵاتدار و کاربەدەســتان، بەڵام لەگەڵ لادان و خراپبــوونی ئەو کاربەدەســتانە هێشــتا هەر دانیانــدەنا بە بنەماکــانی ئیســلام و شەریعەتی خوای گەورە حاکم بوو لە بچـووك و گەورەدا، لەگەڵ هەنـدێ لادان لە هەندێ کاتدا بۆ بەرژەوەندی خزم و کەسوکاریان لە کاروباری داوەری و داراییدا.

بێگومان ئەوە لادان و گەندەڵییە، بەڵام وەکو وتمان لادان و گەندەڵییەکی جوزئییە و هێشتا لە پایتەختەوە شۆڕنەبوەتەوە بـۆ نـاو هەمـوو کـۆمەڵگە ئیسـلامییەکە، هێشـتا کاریگەریی خراپـی لەسـەر ژیـانی ڕۆژانەی تـاك و کـۆی موسـوڵمانان درووسـت نەکردبوو -تەنها کەمێکیان نەبێت- هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەژیـان و لە واقیعیشدا موجاهیدی خواویست بوون و هەوڵیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئیسلامە بوو، هەستیان دەکرد بە هۆی ئەم ئیسلامەوە خـوای گەورە سـەربەرزی و عیزەتـی پێ بەخشیون، هەستیان دەکرد ئەو ئیمانە چی دەبەخشێت بە دەروونەکان، هەستیان دەکرد بە هـۆی ئەم ئیمـانەوەیە بـوونە بە باڵادەسـت و پێشـڕەوی گەورە، هەسـتیان دەکرد ئەو ئیمانە چ برایەتییەکی پتەوی لە نێوانیـان چانـدووە کە لەسـەر ئەساسـی ئایین و تەقوا دامەزراوە، چ ڕێز و هاوکاریکردنێکی خستووەتە نێوانیان و بـوون بە

یەك ئوممەت و موسوڵمانێکی ئەوپەڕی دونیا؛ بۆ ئەوپەڕی دونیا بە سەلامەت و ئەمینییەوە دەچێت و دەگەڕێتەوە، ئەوە هەر ئیمانەکەیە ئەمەی درووست کردووە، ئەوەی هی خۆیانە بەشی برا موسوڵمانەکەشی تێدایە، ماڵ و موڵك هەمووی هی خوایە و خەڵکی هەمووی تیایدا هاوبەشن، لێرە دەوڵەمەند و هەژار جیاوازی نییە، لێرە دەوڵەمەند پڕ و هەژار قڕ نییە، ڕەفتار و ڕەوشتیشیان هەمووی بە پێی ڕێنماییەکانی خوا و پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەچێت بەڕێوە، شەریعەتی خوای گەورە تاکە سەرچاوە و پەیڕە و پڕۆگرامی ژیانیانە، تاکە دەستووریش هەر دەستوورەکەی خوای گەورەیە، دەبێ ئەوانیش بە هێز و بازویان لە ژیانی واقیعیاندا کار بەو بیروباوەڕ و زانینەیان بکەن و هەوڵ و کۆشش بدەن بۆ ڕێنموونیکردنی مرۆڤایەتی بۆ ئەم نوور و ڕووناکییە، ئا لێرەوە ئەو فتوحاتانەی لە مێژوودا ڕوویانداوە دەستپێکردووە.

# سەردەمی عەباسییەکان

لەو سەردەمەدا لە لایەنی سیاسەتی دەوڵەتەوە فارسەکان تەداخولیان کرد، لە بواری فیکریشەوە کۆمەڵێك فیکر و بیروبۆچوونی نامۆ تێکەڵ بە فیکری ئیسلامی بوون لە دیارترینیان: سۆفیگەری و فەلسەفەی نەزەریی تەجریدی.

دیسانەوە لەو سەردەمەدا جۆرەها لادانی ئەخلاقی لە پایتەخت و کۆشك و تەلاری دەسەڵاتدارانەوە سەری هەڵدا و کەشێکی پڕ لە فیسق و فجوور و ڕابواردن و خۆخەریککردن بە شتی بێکەڵك پەیدابوو، کەشێکی وا کە تەواو نامۆ بوو بە ئیسلام، کەنیزەکی تەپڵلێدەر و سەماکەر.. لەولاوەش ئەدیب و نوسەرانێك ئاگرەکەیان زیاتر جۆشدەدا تا بەهۆیەوە بلەوەڕێن، (هونەر)ـەکانیان بەکار دەهێنا بۆ شتانێك کە ئیسلام نەیدەویست و بەو جۆرە هونەرانە ڕازی نەبوو.

هەموو ئەمانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوکاتدا پێیان چەقاندبوو، بەڵام وێنایەکی هەڵە دەکەین ئەگەر پێمان وابێت هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامی هەر بەم شێوەیەی پایتەخت تووشی فەسادی و لاڕێبوون بوونبێتەوە و جگە لە پایتەختیش هەموو شوێنەکانی تر دەنگی تەپڵ و گۆرانیان لێوە هاتووە و خەریکی شتی پڕوپوچ بوونە.

کتێبەکانی مێژوو بە تایبەتی کتێبی ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆر هەوڵ و تەقەلایان داوە تا ئەو وێنەیە زەق بکەنەوە و وا نیشان بدەن سەرتاپای کۆمەڵگەی ئیسلامی بەم شێوەیە بووە، بەڵام ئەگەر پرسیار بکەین: ژیان لە پایتەخت و ژیان لە شارەکانی تری دەوڵەتی ئیسلامی چۆن بووە و جیاوازییان چی بووە؟ دەستبەجێ هەست بەو

جیاوازییە گەورەیە دەکەین لە نێوان ئەم دوو ژیانە. هەست دەکەین کە ژیانی لادەرانەی پایتەخت زۆر بچووکە لە بەرامبەر ژیانی شارەکانی تر کە قیەم و ئەخلاقیان پارێزراو بووە.

ئێمە لێرەدا بە تەنها قسەمان لەسەر خەلیفە و دەسەڵاتدارەکان نییە و لە بەرژەوەندی ئەوان مێژوو نانوسینەوە، بەڵکو مێژووی ڕاستەقینەی هەموو کۆمەڵگەکە نیشان دەدەین، مێژووی ئەو تاکانەی ئەم کۆمەڵگەیەیان پێکهێناوە و وێنای حەقیقەتی فیکری ئیسلامی دەکەن.

وتمان ئەو لاڕێ بوونە لە پایتەخت پەیدا بوو شۆڕببوەوە بۆ ناو کۆمەڵگەکە، بەڵام بەراورد بە هەموو کۆمەڵگەکە شتێکی کەم بوو، ئەگەر لە کۆشکەکانی پایتەخت فەسادی و لاڕێبوون زاڵبووبن و سامان و توانای کەسانێکی تیادا بەهەدەر درابێ.. بەڵام لەولاوە و هەر لە پایتەختدا کۆمەڵێك زانای کارا هەبوون کە دوور بوون لەو لاڕێبوونەوە و ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ نووسین و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە، شەرعزانانێك هەبوون کە ڕۆچووبوون لە دیراسەکردنی شەرع، لەولاوەش کۆمەڵێك جوگرافیزانی بلیمەت گەشتەکانیان بەسەر زەویدا بەردەوام بوو بۆ وردبینی و لیکۆڵینەوەی زانستییانە لە هەر شتێکی سەر ئەم زەمینەدا، بانگخوازانێکیش بەردەوام دەنگیان دەهات بۆ بانگەوازکردنی خەڵکی لە چین و ئیندۆنیسیا و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم کۆمەڵگەیە، موجاهیدانی قارەمانی بۆخواسوڵحاویش بەردەوام بوون لە بەرپاکردنی جیهاد دژی دوژمنانی ئیسلام، لەگەڵ ئەوانەشدا تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش لە شار و دێهاتەکان بە ڕۆحیەتێکی ئیسلامیانە دەژیان و ژیانیان لە ژێر حوکم و سایەی ئیسلامدا بەڕێدەکرد، خۆپارێزبوون لە حەرام و

بەرچــاو ڕۆشــن بــوون بە هیــدایەتەکەی خــوا و پێغەمــبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و پارێزگاریشیان دەکرد لە قییەمە باڵاکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی.

ناڵێین ئەم کۆمەڵگەیە لە هەمـوو لایەنەکـانییەوە (نمـوونەیی) بـوو.. ئەوە بـۆ هـیچ کۆمەڵگەیەك بە درێژایی مێژوو ڕوویندەداوە، تەنـانەت بـۆ ئەو کـۆمەڵگەیەش کە لە ژێر چاودێریی خودی پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پەروەردە دەبـوون، بەڵکـو مانـای وایە خێر و چاکییەکانی زۆرتر بوو لە خراپییەکانی، قییەمە باڵاکان زاڵببوون بەسەر قییەمە نالەبار و لادەرەکاندا.

-بە گشتی- کۆمەڵگەی ئیسلامی لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسییەکاندا پێگەی نزمتـر و لاڕێتــر ببــوو بەراورد بە ســەردەمی دەوڵەتــی ئومەوییەکــان، بەڵام هێشــتا کۆمەڵگەیەکی موسوڵمان بوو؛ هێشتا لە ژێر تەعلیمات و دەسەڵاتی ئیسلامیدا بوو.

# سەردەمی عوسمانییەکان

عوسمانییەکان -کە تورك بوون- دەسەڵاتیان کەوتە دەست..

گومانی تیا نییە عوسمانییەکان جەنگ و جیهادی بێوێنەیان بۆ خزمەت و سەرخستنی ئیسلامی کرد، بەڵام گومانیشی تیا نییە کە چەمکە ئیسلامییەکان لەو سەردەمەدا دووچاری داڕووخانی گەورە بوونەوە، یاخود بڵێین ئیسلام لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان چەقی بەست و لە گەشە کەوت.

لەو کاتەوەی ئیسلام هاتووە دیارترین خاسیەتی ئیسلام بریتیبووە لە (گەشەکردن)، گەشەکردن لە مەیدانی جەنگ، زانست، شەرع، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فیکری و سیاسی.. کاتێ عوسمانییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست لە جەنگ و سەربازیدا بلیمەت بوون، بەڵام لە مەیدانەکانی تردا چەقبەستوو کۆڵەوار بوون، لەوکاتەی گەشەسەندنی زانستی ئیسلامی وەستا؛ ئەورووپا سوودی لە سەرچاوە ئیسلامییەکان دەبینی بۆ بنیادنانی بنچینەکانی راپەڕینەکەی!

عوسمانییەکان لە بواری شەرعزانیدا دامەزراو نەبوون، هەموو هەوڵیان پێداگری بوو لە مانەوەی توراسی فیقهی وەکو خۆی و پەرەیان پێ نەدەدا، ئەم فیقهە تەعبیرە لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەژێر فیکری ئیسلامیدا، هەرکاتێک فیقهەکە چەقبەستوو بێت کۆمەڵگەش لە گەشە دەکەوێت، ئەوە ڕوویدا.. کە هەرگیز لە مێژووی ئیسلامیدا شتی وا ڕووینەدابوو.

کۆمەڵگەی ئەوکات پارێزگاری لە قییەمە باڵاکانی کردبوو وەکو شتێکی (میراتی)

بەڵام واتای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دابوو، ڕوکەشێکی بێ ناوەڕۆك بوون و مەبەستی خۆیان نەدەپێکا، (حیجابی تورکی -وەکو نموونە-) موقەددەسێکی کۆمەڵگەکە بوو، کەچی فیسق و فجووری زۆر تەشەنەی کردبوو چووبوویە ناو کۆشکەکانەوە (کورد گووتەنی: چەندی بە چەند؟!).

لێرەوە مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر ئیسلام دەستیپێکرد.. مەترسیترین شت بۆ سەر هەموو فیکرێك ئەوەیە لە گەشە بکەوێت و چەقبەستوو بێت لەسەر یەك شێوە، حەتمەن ئەوە تووشی لاوازی و پووکانەوەی دەکات.

هەر ئەوە بەس نەبوو، ئیسلام خۆی لە ژێر هێرشی تردا بینییەوە، هێرشی ناوخۆ و دەرەکی: ململانێ لەسەر دەسەڵات، هێرشی مەغۆل و تەتارەکان و هێرشی بێئامانی خاچپەرستان..، ئەم سەردەمی چەقبەستوویە هەلێکبوو بۆ ئەوەی گورزێکی پشتشکێن لە ئیسلام بدرێت.

خاچپەرستان ئەو هەلەیان لە دەست نەدا کە سەردەمانێکی زۆربوو بە ئاواتی هاتنی بوون، هێرشی توندیان کردە سەر ئیسلام بۆ ئەوەی بە یەکجاری بیڕوخێنن و لە ناوی ببەن، ئیسلام لە ناوخۆ و دەرەوە پێکرا.. بەڵام ئایا ئیسلام ڕووخا وەك ئەوەی دەیانویست و بەرنامەیان بۆی دانابوو؟

بێگومان نەخێر..

خاچپەرستان یەك سەدەی تەواویان پێویستبوو تا بە هەموو هێزێك کە لە دەستیاندایە زاڵبن بەسەر ئیسلامدا، یەك سەدەی تریشیان ویست تا دوای زاڵبوونیان بەسەر ئیسلامدا هەوڵی سڕینەوەی تەواوەتی بدەن و دەستیان لە هیچ

نەخشە و فرتوفێڵێك نەدەگێڕایەوە.

دوای ئەم هێرش و پەلامارەی خاچپەرستان گۆڕانێکی جەرگبڕ دووچاری جیهانی ئیسلامی بوویەوە، گەورەترین گۆڕان بوو لە مێژووی ئیسلامدا، هەروەکو چۆن گەورەترین لادان و پوکانەوەش بوو.

کۆمەڵگەی ئیسلامی هەمیشە خاوەنی زیندوێتی و زیتەڵەیی بووە کە هەرجارێك هێرشی بۆ هاتبێت (لە ململانێی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵات، جەنگی مەغۆل و تەتار و خاچپەرستان)، ڕووبەڕوویان بۆتەوە و شکستی پێهێناون، ڕاچڵەکیوە و هێزی داوەتەوە بەرخۆی.. ئەو زیندوێتییە لە سەردەمە چەقبەستووییەکەی عوسمانییەکان ویستی جارێکی تریش خۆی نیشان بداتەوە تا جارێکی تر بگەڕێتەوە.. ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی چەند بزووتنەوەیەك، لەوانە:

بزووتنەوەی وەهابی لە خاکی حیجاز (بەسەرکردایەتیی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب)، هەروەها بزووتنەوەی مەهدی لە سوودان (بە سەرکردایەتیی موحەممەد ئەحمەد مەهدی)، ئەم بزوتنەوانە توانایان هەبوو زیندویەتی و باڵادەستی بۆ ئیسلام بگێڕنەوە و لاپەڕەیەکی تری شکۆمەندی لە مێژووی ئیسلام پڕ بکەنەوە.

بەڵام هێزی داگیرکەری خاچپەرستان پێشتر هەرچی لە تواناياندابوو کردبوویان بۆ ئەوەی لێدانی ئەمجارەیان لە ئیسلام لێدانی یەکجاری بێت و ئیسلام لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبکەنن، پیلانی ئەمجارەیان وەکو جارەکانی پێشو تەنها لە ڕێی سوپاوە نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا هەرچی بۆیان لوابوو لە لایەنی زانست و فرتوفێڵەوە

کردبوویان، تاوەکو قییەم و بنەما باڵاکانی ئیسلام بشێوێنن و ئەو وێنە شێوێنراوەی ئیسلام لە دەروونی موسوڵماناندا بچەسپێنن، بۆ ئەوەی لە ژیانی واقیعییاندا فڕیان بەسەر ئیسلامەوە نەبێت[1].

دوای ئەم هێرشە یەك لە دوای یەکانەوەی خاچپەرستان بۆ سەر جیهانی ئیسلامی، ئیتر لێرەوە لادان و پووکانەوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕێڕەوی خۆی گرت و گەیشتە ئەوپەڕی، بۆچوونی نامۆ بە ئیسلام لە ناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکەدا بڵابوبوویەوە کە لە هیچ سات و سەردەمێکی مێژووی ئیسلامی ئەو بۆچوونانە باو نەبوون..

ئەو بۆچوونانەی دەڵێن:

ئایین نابێ تەداخولی سیستەمی ژیان و کۆمەڵگە بکات.

ئایین نابێ تەداخولی بواری ئابووری بکات.

ئایین نابێ تەداخولی پەیوەندی خەڵکی بە خۆیان و دەوڵەتەوە بکات.

ئایین نابێ تەداخولی خوڕەوشت بکات.

ئایین نابێ تەداخولی جلوبەرگی ئافرەتان بکات.

ئایین نابێ تەداخولی هونەر بکات.

---

(١) پێشتر لە ڕێی موژدەدەرە مەسیحییەکانەوە هەوڵیاندا موسوڵمانان بکەن بە مەسیحی و شکستیان هێنا، ناچار ئەمجارە هەوڵیان بۆ ئەوەبوو کە وێنەی ئیسلام لە دەروونی موسوڵماناندا بشێوێنن. لە بەشەکانی دواتردا زیاتر باسی لێوە دەکەین إن شاء الله.

ئایین نابێ تەداخولی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن بکات.

بە کورتی: ئایین و ژیان چ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە؟ ئایین کـوا بـۆ ئەم ڕۆژگـارە شیاوە؟!

موسوڵمان وا فێرکرابوو بڵێت: مادام نوێژ دەکەم و ڕۆژوو دەگرم، ئیتر موسـوڵمانم.. بەڵام هیچ لارییەکی تیا نییە کە پابەندی هەر سیستەمێکی تر ببم جگە لە ئیسلام.

ئافرەتی موسوڵمان دەیوت: مادام نییەتم پاکە، موسوڵمانم.. بەڵام هیچ لارییەکی تیـا نیـیە تێکەڵـی کـوڕان بـبم و لەگەڵیـان بچـمە دەرەوە و کـاتێکی خۆشـیان لەگەڵ بەڕێبکەم، لاری تیا نییە چ جلوبەرگێك دەپۆشم، ئاخر نیـیەتم پـاکە، لاری تیـا نیـیە کەرەستە و هۆکارەکانی جوانکاری هەرچی و هەرچەندێك بەکاردێنم، چون نیـیەتم پاکە، جارجاریش کە پێویست بوو کە لە بۆنە و ئاهەنگەکـان لاری تیـا نیـیە سـەما بکەم، چونکە نییەتم زۆر پاکە!

لە سـەرووی هەمـوو ئەمـانەوەش خەڵکـی دەروون بەزیـوو داشـۆراو لە ئـایین بانگەشـەیان دەکـرد: ئـایین دواکەوتـووییە، کۆسـپێکە و پێویسـتە بشـکێندرێت تـا (پێشکەوتن) بەدەست بێنین!

ئەوە بەروبوومی هەوڵی ستەمکارانەی خاچپەرستان بوو کە دژی جیهانی ئیسلامی گرتیانە بەر کە دوو سەدەی تەواوی خایاند، بەڵام بۆ گەیشتن بەوە خاچپەرستان بە تەنها نەبوون، بەڵکو لەگەڵیاندا هەندێك تەوژم و ڕەوتی ماددیانە هەبوون کە فڕیـان بەسەر ئایین و خوڕەوشـتەوە نەبـوو، بانگەشـەی ژیـانێکی ئاژەڵیانەیـان دەکـرد بـۆ مرۆڤ کە تەنها گرنگی بە تێرکردنی سك و دامێنـی بـدات، ئەم تەوژم و ڕەوتـانەش

داڕووخانی خۆیان بە پاڵپشتی هەندێ (بیردۆزی زانستی) بەد و خراپ بەهێز دەکرد.

لە دوو بەشی داهاتووی ئەم کتێبە باسی پیلانەکانی هێزی داگیرکەری خاچپەرستان و ڕەوتە جیهانییەکان دەکەین.

سەرەتا بە قسەکردن لەسەر "پیلانی خاچپەرستان" دەستپێدەکەین کە ناومان ناوە (هۆکارە ناوخۆییەکان)..

# هۆكارە ناوخۆییەكان

ئەم قۆناغە بە هێرشی فەڕەنسییەكان بۆ سەر میسر دەستیپێكرد، لێرەوە لاپەڕەیەكی نویێ لە مێژووی ئیسلامی هەڵدرایەوە.. لاپەڕەیەكی خراپ.

پێشتر خاچپەرستان بەردەوام هێرشیاندەكردە سەر جیهانی ئیسلامی، بەڵام هەموو جارەكان بە سەرشۆڕی و بەزیوی دەگەڕێندرانەوە بۆ شوێنی خۆیان -هەرچەند هەندێكجار بۆ ماوەیەكی كاتی هەندێ زەمینی موسوڵمانانیان داگیر دەكرد و زیانیان بە سوپای ئیسلامی دەگەیاند-.

لەم قۆناغەدا هێرشی فەڕەنسییەكان بۆ سەر میسر دەستیپێكرد، لە كۆتاییدا گەل دەریپەڕاند.. بەڵام دوای چی؟

ئەو شكانەی كە ناپلیۆن بەسەر سوپای مەمالیكاندا هێنای لە باكووری قاهیرە، لە ڕاستیدا تەنها شكانی سەربازی نەبوو لە مەیدانی جەنگ، بەڵكو شكانی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی ئیسلامی بوو، شكانی ئەو فكرە بوو كە ماوەی ئەم دەسەڵاتدارییە وێنای دەكرد، شكانێكی قووڵ و قورس بوو لەسەر دەروونی موسوڵمانان، دەروونەكانی بە توندی ڕاچڵەكاند، هەرچەند ئەوە خۆ یەكەم شكستی موسوڵمانان نەبوو لە مێژووی خۆیاندا، پێش ئەوەش چەندجارێك بەرامبەر هێزی خاچپەرستان تووشی شكست بوونەوە، بەڵام هەموو جارێك موسوڵمانان وا حسابیان دەكرد كە ئەوە تەنها (شكستێكی كاتی)ـیە، هۆكارەكەی زۆری ژمارەی داگیركەر یان بێئاگایی موسوڵمانان بووە و هەركاتێك سوپای

موسوڵمانان خۆی کۆبکاتەوە و بچێتەوە مەیدانی جەنگ و دەروونەکان ئامادەیی جەنگ و گیانفیدایيان تێدا بێ، ئەوە سەرکەوتن لای خوا مسۆگەرە.

بۆنا، هەموو جارێکیش هەر وا دەبوو..

موسوڵمانان سوپایان ئامادە دەکرد و بە پەرۆشەوە شاڵاوێکی بە کوڵیان دەبرد بۆ دەرپەڕاندنی هێزی داگیرکەر و بەرگری لە عەقیدەکەیان، لە کۆتاییدا وەکو هەموو جارەکان سەردەکەوتن.

موسوڵمانان بەردەوام باڵادەستی خۆیان دەپاراست، هەرگیز گومانیان لەوەدا نەبوو کە سەربەرز و سەرکەوتوو هەر خۆیانن، دووبارەبوونەوەی سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکان -دوای شکستە کاتییەکان- ئەوەی لە دەروونی موسوڵماناندا چەسپاندبوو، بە هۆی ئیمانەکەیانەوە هەستی (سەربەرزی و باڵادەستی) لە دەروونیاندا ڕەگی داکوتابوو، هەمیشە بە هۆی ئیسلامەکەوە بە عیززەت بوون، دوژمنان هەرکێ و هەرچۆنێك بن هیچ نین جگە لە کۆمەڵێك هەرچیوپەرچیی بێباوەڕی خوانەناس، با بۆ ماوەیەکی کاتیش جەنگ لە بەرژەوەندی ئەوان تەواو بێت.

ئەو هەرچیوپەرچییانە هەر منگەمنگ دەکەن بە نەریتە بۆگەن و خوڕەوشتە بەدەکانی خۆیان، باشترین وەسفێك بۆیان وەسفەکەی (موقریزی)یە کە دەڵێت: ئەوانە هەر پیاوەتیان تێدا نەماوە، دەبینی کابرا لەگەڵ ژنەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە کە ڕووت و قووتە، کاتێ پیاوێکی هاوڕێی ژنەکە پێیان دەگات مێردەکە کەنار دەکەوێت و بە تەنها جێیان دێڵێت قسەی خۆیان بکەن، دوایش دەچێ قوڵ لەناو

قۆڵی دەکات و دەڕۆن و مێشێك میوانی نییە!

ئەوە لای موسوڵمانان داڕووخـانی ڕەوشـت و ونکردنـی شـەڕەف و پیـاوەتی بـوو، وێنایان نەدەکرد و پێیـان هەزم نەدەکـرا ئەمە بە هـیچ کلۆجێـك بگونجێـت ئەنجـام بدرێت[1].

بەم شێوەیە ئیمان و عەقیـدەکە لای موسـوڵمانان چەسـپاوو دامەزراو بـوو، کـاتێ بێباوەڕانیان بەم شێوە نابووتە دەبینی هەستیان بەو عیززەتە دەکرد کە خـوای گەورە بـۆ خـۆی و پێغەمـبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و هەمـوو ئیمانـداران قەراری داوە، ئەو کاتانەیشی کە هێرشی خاچپەرستان وەکو لافاو شاڵاویان دەهێنـا موسـوڵمانان هەر هەستیان بەوە دەکرد و ئەوە لە دەروونیان چەسپابوو کە هەموو خوڕەوشتێکی جگە لە خوڕەوشـتی ئیمانـدارانەی خۆیـان پیسـە و نـابووتە و نـاکرێ و نـابێ زەویـی موسوڵمانانی پێ پیس بکرێت.

---

(١) جا سەیر بکە ئێستا چۆن پێوەرەکـان پـێچەوانە بـوونەتەوە، ئەوەی دوێنـی لای موسـوڵمانان ئەنجامـدانی هەر وێناش نەدەکرا، ئەمڕۆ لایان بووە بە پێشکەوتن!

# موسوڵمانان دوای هێرشی فەڕەنسی

ئەو هەستی عیززەت و سەربەرزییە دوای هێرشی فەڕەنسییەکان هەروەکو خۆی نەمایەوە..

عەقیدەکە لە ناو موسوڵمانان هەبوو، بەڵام وەکو لە بەشەکانی پێشوو باسمان کرد لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا چەقی بەستبوو ئەو زیندوێتییەی تێدا نەمابوو کە سیمای سەرەکی کۆمەڵگەی ئیسلامی بوو، تەنها چەند درووشم و نەریتێکی موقەددەس بوون و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لە ژیانی واقیعیدا هیچیان پێ نەدەکرا.

پاشان ئەو شکستەی کە مەمالیکەکان تووشی هاتن لەسەر دەستی ناپلیۆن لە (ئیمبابە)[1] زەنگی شکست و نەمانی عەقیدەکە بوو لە دەروونی موسوڵماناندا.

موسوڵمانەکان بە هێزەکەی ناپلیۆن سەرسام بوون و ترسان، بۆیان دەرکەوت ئەو هێزەی کە خۆیان هەیانە هیچ نییە لە بەرامبەر هێزەکەی ناپلیۆندا کە پێی ئاشنا نەبوون، هەر وێنای بونی هێزێکی واشیان نەدەکرد.. پێوەری هێز بە تەواوی لە دەروونیاندا هەڵگەڕایەوە، ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کە سوپای موسوڵمانان بە شایستەیی تێکبشکێن و خاچپەرستان زاڵبن بەسەریاندا، چونکە ئەمان هێزی حەقیقییان لە کەرەستەی سەربازی و هونەری جەنگ لایە؛ کە لای موسوڵمانەکان نەبوو.

(١) شارێکە لە میسر. (وەرگێڕ)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەڵام هێشتا مومکین بوو کە پێوەری هێز لە دەروونەکاندا هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە و نەگۆڕێت.

مومکین بوو دەروونەکان بەرامبەر ئەم هێزە خۆڕاگر بن و خۆیان کۆبکەنەوە بۆ سەرکەوتنێکی نوێ وەکو کە زۆر جاریتر ڕوویدابوو.

بەڵام دەستمایەی ناوخۆیی بۆ عەقیدەکە لەمجارەدا وەکو جارەکانی پێشوو بەهێز نەبوو تا سەرلەنوێ بگەڕێتەوە و خۆی کۆبکاتەوە، ڕاستە گەلەکە بەرگری قارەمانانەیان دەکرد بەرامبەر هێرشە داگیرکارییەکەی فەڕەنسا و لە قاهیرەش بە ڕابەرایەتیی پیاوانی ئایینی ڕاپەرین ڕوویدا، هەروەها چەندان پاڵەوانێتیی سەرسورهێنەر تۆمارکران.. جوانترینیان لێهاتووی و پاڵەوانێتیی (لاوە بچووکەکە) بوو:

هەموو شەوێك خۆی هەڵدەدایە ناو سەربازگەی دوژمن و لەناو کۆگای چەکەکان تفەنگی فەڕەنسییەکانی دەبرد و بە مەلەوانی بە ئاوەڕۆکەدا دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە و چەکەکانی دەدا بە خەڵکی تا بەم چەکانە بەرەنگاری دوژمن ببنەوە، بەم شێوەیە بەردەوام بوو تاوەکو لە کۆگای چەکەکان هەستیان کرد چەکەکان زۆر کەمیان کردووە، پاسەوانەکان کەمینیان دانا وایان دەزانی باندێکی گەورەیە و دێن ئەو چەکانە دەبەن، بەڵام تووشی سەرسووڕمان بوون کە بینیان ئەوە بە تەنها ئەو لاوە بچووکەیە ئەم کارە دەکات، پەلاماریاندا و ویستیان قۆڵبەستی بکەن، بەرگری کرد تاوەکو هەردوو قۆڵی شکا، بردیان بۆ فەرماندەکەیان کە ناوی (دیزیە) بوو، زۆر سەرسووڕمان بوو بە ئازایەتی و پاڵەوانێتیی ئەو لاوە بچووکە، ویستی بیکاتە کوڕی

خۆی لاوەکە ڕەتی کردەوە، چونکە ئەو کافرە و ئەمیش نابێت بە کوڕی کـابرایەکی کـافر، پاشـان پێشـنیاری بـۆ کـرد کە وازیلێـدێنێ بەو مەرجەی پەیمـانی پێبـدات جارێکیتر نەگەڕێتەوە بۆ بردنی چەکەکان، لاوەکە ڕەتـی کـردەوە کە ئەو پەیمـانەی پێبدات مـادام بێبـاوەڕان لەم وڵاتە بمێـنن، لە کۆتاییـدا وازی لێهێنـا و فەرمـانیکرد پاسەوانێتیی کۆگای چەکەکان بەهێزتر بکەن.

بەڵـێ هەمـوو ئەمـانە ڕوویـدا.. بەڵام ئەمـانە کـاری تاککەسـی بـوون و قەوارەی حەقیقیی جەنگاوەرانی موسوڵمان کە هێز کۆدەکـاتەوە و بە کـۆمەڵ و ڕێکخـراوی دەجەنگێت و بە سیفەتی (دەوڵەتـی ئیسـلامی) لە بەرامـبەر دوژمـن دەوەسـتێت لە دوای شەڕی ئیمبابە توایەوە و وجودی نەما.

# شکانی حەقیقی

شکانی حەقیقی شکان نییە لە مەیدانی جەنگ.

ناپلیۆن لە ماوەی مانەوەی لە میسردا دەستوورێکی نوێی دانا و حوکمی موسوڵمانانی بەو دەستوورە دەکرد نەك بە شەریعەتی خوا، دەستوورێك بوو کە لە یاسای فەرەنسی وەریگرتبوو، شەریعەتی خوای قەتیس کردبوو تەنها لە (ئەحوال شەخصی): هاوسەرگیری و دەستلێکبەردان (تەڵاق) و میرات و ...

لە مێژووی موسوڵمانان ئەوە یەکەمجار بوو کە بێباوەڕان حوکمی جگە لە حوکمی خوا لەسەر موسوڵمانان فەرز بکەن و بە جگە لە حوکمی خوا حوکمیان بکەن.

پێشتر خاچپەرستان هەندێجار دەهاتنە ناو وڵاتی موسوڵمانان و چەند ساڵێك دەمانەوە، بەڵکو کەمێ پێش سەردەمی سەڵاحەدینی ئەییوبی چەند هەرێمێکی تایبەت بە خۆیان لە کەنار دەریای سپی لە شام دامەزراند، بەڵام هەرگیز بوێری ئەوەیان نەبووە خۆیان دەستوورێك دابڕێژن و حوکمی موسوڵمانانی پێبکەن، هەموو جارەکانی پێشوو بەشێکی زەوی و زاریان بە تاڵان دەبرد، بەڵام هەرگیز دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار و زاڵیان نەبووە لەو زەویانەدا.

بەڵام ئەمجارە و بۆ یەکەمجار دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار و زاڵیان لە زەویی ئیسلامدا درووستکرد، دوای ئەوەی دەوڵەتی موسوڵمانانیان لەناوبرد و لە مەیدانی جەنگدا تواندیانەوە.

لێرەوە شکان و شکستی حەقیقی دەستیپێکرد.. شکستی عەقیدە، کە دەستپێکی پووکانەوە بوو لە جیهانی واقیعدا پاشانیش پووکانەوە لە دەروونەکاندا.

لە ژێر سایەی ئەم شکستەدا دەروونی مسڕییەکان زۆر سەرسامبوون بە فەرەنسییەکان، سەرەتا سەرسامبوون بە هێزی سەربازیان، پاشان سەرسامبوون بە زانستی ڕۆژئاوایی، سەرسامبوون بەو چاپخانەی ناپلیۆن هێنای بۆ میسر، سەرسامبوون بە ڕێکخراوەکانیان.. بە کورت و پوختی: سەرسامبوون بە هەموو شتێکی هاوردەکراو لە ڕۆژئاواوە و هەرشتێك کە ئیسلام نییە!

ئەوە شکستی حەقیقی و تەواوەتی بوو، کە بوویە لانکەی هەموو داهێنراوەکانی هێزی داگیرکەری خاچپەرستان کە بۆ تێکدانی ژیان و عەقیدە و فکر و بیروهۆش و خوڕەوشتی موسوڵمانان دایاندەهێنا و هەناردەی وڵاتی موسوڵمانانیان دەکرد.

هەر بۆیەش بە دەرکردنی فەڕەنسییەکان یان پاشەکشەیان هیچ کاریگەرییەکی حەقیقی لە واقیعەکە نەگۆڕی، چونکە شکستەکە تەنها شکست نەبوو لە مەیدانی جەنگ بەڵکو چووبوویە ناو دەروونەکانیشەوە.

# دوو خاڵی گرنگ..

لێرەدا پێویستە لەسەر دوو خاڵ بووەستین:

**یەکەم:** هێزی داگیرکەری خاچپەرستان -لەگەڵیشیدا هەندێ مێژوونووسی موسوڵمان- پێداگر بوون لەسەر ئەوەی هێرشی فەرەنسییەکان بۆ سەر میسر و دواتریش کە وڵاتە موسوڵمانەکانی تریشی گرتەوە؛ هێرشێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو ئایین پەردە و بیانوویەك بووە و لە پشتییەوە تەماحی ئابووری هەبووە، چەند موسوڵمانێکیش کە لە ئاشی هێزی داگیرکەر دەیانخوارد ئەم قسەیان دووبارە دەکردەوە و چاویان نوقاندبوو لەبەر گەمژەیی خۆیان یان لەبەر پاداشتێکی دیاریکراو.

**دووەم:** هێزی داگیرکەریی خاچپەرستان -لەگەڵیشیدا هەندێ مێژوونووسی موسوڵمان- دەیانوت کە هێرشی فەرەنسییەکان بۆ سەر میسر خێر و بەرەکەت بوو، چونکە موسوڵمانانی لە خەو ڕاچڵەکاند و چاویان کرایەوە، بەرەو هێز و پێشکەوتن و شارستانییەتی هەنگاویان نا، بۆیە خێر و بەرەکەت بوو لە هەموو ڕوویەکەوە.

بۆ وەڵامی خاڵی یەکەم ئێمە وەڵامی نادەینەوە، بەڵکو با نووسەرە گاورەکان خۆیان وەڵام بدەنەوە:

(ڕوم لانـدۆ/ Rom Landow) نوسـەرێکی مەسـیحییە، لە سـەدەی بیسـتەمی زاییینیدا ژیاوە، بە عەقڵییەتی سەدەی بیستەم -ئەو عەقڵیەتەی پێمان دەڵێـت لێـرە لە ڕۆژهەڵات لە نەزانی و دەمارگیریی ئایینی ڕزگاری بووە و وەکـو ئـێمە دواکەوتـوو

کۆنەپەرست نییە- بە تایبەت دەربارەی ڕووداوەکانی باکووری ئەفریقیا دەنوسێت و کتێبێکی بە ناونیشانی (ناسۆری مەراکیش/ The Moroccan Drama) نوسیوە، لە لاپەڕە (٣١٠) دەڵێت:

(پەرلەمانتاری فەڕەنسی "کلوسترمان وریتز" دەڵێت: (مسیو بیدۆ) وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بەم شێوەیە سەیری ڕووداوەکانی ئێستای مەراکیش دەکات کە شەڕی نێوان مەسیحیەت و ئیسلام بێت، کاتێکیش هەوڵدرا باوەڕی پێبهێنرێت کە سنوورێك بۆ ئەم ڕووداوانە دابنێت، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە و وتی: ئەوە شەڕی نێوان مانگ و خاچە[1]).

ئێستا ئەوانەی لە دەوری ئاشی هێزی داگیرکەر (ئیستیعمار) بوون ڕاستیان وت؟

ئێستا -لە سەدەی بیستەم.. سەدەی ڕزگاربوون لە خورافە و دەمارگیری ئایینی!- فەرەنسا چۆن سەیری پەیوەندییەکەی بە مەغریبەوە دەکات؟ دوای ئەوە هێشتا هەر نکۆڵی دەکەن لەوەی کە ڕۆحییەتی خاچپەرستی لە دەروونی فەرەنسییەکاندا هەبوو لە سەدەی هەژدەیەم؟

ئەوە دەربارەی فەرەنسا..

بەڵام بەشەکەی تری ئەورووپای خاچپەرست، ئەوە (ۆڵفرد کانتول سمیث)ـە کە لە کتێبی (الإسلام في التاريخ المعاصر) لە لاپەڕەی (١٠٩-١١٠) دەربارەی دەڵێت:

(تا ئەوکاتەی مارکس و شیوعیەت هات، ئیسلام بە درێژایی مێژووی تاکە

---

(١) مەبەست لە مانگ ئیسلام و خاچیش مەسیحییەتە. (وەرگێڕ).

بەرەنگاری شارستانییەتی ڕۆژئاوا بوو، بەرەنگارییەکی حەقیقی بوو چەندین جار دەبوو بە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەری.

(هێرشەکە راستەوخۆ بوو، لە مەیدانی جەنگ و عەقیدەدا بوو، بەهێز و کاریگەر بوو، ئەم هێرشە بەلای موسوڵمانانەوە شتێکی حەتمی و ڕاست و درووست بوو، هەر دەبوایە ڕووی بدایە، هەر دەبوایە ئیسلام بڵاوبووبایەوە، بەڵام بەلای کەسێ کە لەدەرەوەی بازنەی ئیسلامەکە بوو شتەکە جۆرێکیتر بوو، چاوی هەموو ئەو شتانەی نەدەبینی، بە تایبەتی کاتێ فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی ئیسلامەکە لەسەر حسابی خۆی دەبوو.

ئەوەتا مەسیحییەت بەیەکجار جوانترین ناوچەی ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانی لە دەستدا و لەژێر هەڕەشەی لە دەستدانی تەواوی ئیمپڕاتۆریەتییەکەشدا بوو.

سەرەڕای ئەوەی قوستەنتینییە[1] وەکو میسر و سووریا بە تەواوی نەکەوتە ژێر دەستی موسوڵمانانەوە و ماوەیەکی درێژ هێرش و گوشاری لەسەر بوو، تاوەکو شەپۆلی دووەمی فراوانبوونی ئیسلامی لە ساڵی (١٤٥٣)ی زایینی قوستەنتینییەشی کەوتە دەست. لەولاوەش لەناو جەرگەی ئەورووپادا لە ساڵی (١٥٢٩)ی زایینی گەمارۆی وڵاتی (ڤییەننا) درا، بەم شێوەیە ئەم فراوانبوونەی ئیسلام بەردەوام بوو.. لە ساڵی (١٦٨٣)ی زایینیدا جارێکی تریش ئەم هێرشی فراوانبوونە دەستپێیکردەوە، کاتێکیش لە ساڵی (١٩٤٨)ی زایینیدا (سلۆڤاکیا) کەوتە ژێر دەستی شیوعییەت بەو ڕادەیە ترسی نەخستە ناخی ڕۆژئاواییەکانەوە وەکو کە پێشتر

(١) ئەستەمبوڵ.

بەرامبەر فرانبوونەکەی ئیسلام ترس لە دەروونیاندا ڕەگی داکوتابوو، چونکە هەستیان بەوە کردبوو ئەو هێرش و فراوانبوونەی ئیسلام کپ نابێت و جار دوای جار بەهێزتر و بە گوڕتر دەبێت.

(هێرشەکانی ئیسلام بەردەوام بوون و واقیع و بیروهۆش و ڕەوشت و قیەمە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکیشی دەگۆڕی بەیەکەوە، ، عەقیدەی ئیسلامی بە تەواوی کاری کرد لەسەر نکۆڵیکردنی ڕێسا سەرەکییەکانی عەقیدەی مەسیحییەت، کە بە نسبەت ئەورووپاوە عەقیدەیەکی نەگۆڕ و چەسپاو بوو، شارستانییەتەکەشی پێوە دەپاراست، هێرشەکانی ئیسلام بەهێز و بە زەبر بوون، براوە و سەرکەوتوو بوون، بە نزیکەیی نیوەی جیهانی مەسیحییەتی ڕامالّی، ئیسلام هێز و قووەتێکی وای لە باردایە کە بە دەیان ملیۆن مەسیحی لە ناو خاك و خەڵکی خۆیان کرد بە موسوڵمان.

ئێستا ئەوانەی لە دەوری ئاشی هێزی ئیستیعمار بوون، پێیان وایە ئەورووپا چۆن دەڕوانێتە جیهانی ئیسلامی و پاڵنەرە حەقیقییەکان کامانە بوون لە پشتی ئەم داگیرکارییە؟

ڕاستە کە هێزی ئیستیعماری ئەورووپی -کە بە پاڵنەری ئابووری ئاراستە کرابوو- تەنها جیهانی ئیسلامی نەگرتەوە، بەڵکو هەر شوێنێك دەستی پێی گەیشتبێت و توانای بەسەریدا هەبووبێت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا داگیری کردووە، بەڵام ئەم ڕاستییە نابێ بێئاگامان بکات لە ڕاستییەکی تر کە: پاڵنەری سەرەکی بۆ داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی بە تەنها ئابووری نەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئیستیعمار بە تەنها بەوە ڕازی نەبوو دەست بەسەر ئابووری جیهانی ئیسلامیدا بگرن و واز بهێنن،

بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا هەوڵ و ڕەنجێکی زۆریاندا بۆ ڕیشەکێشکردنی بنەماکانی ئیسلام و سووك و بێئەرزشکردنی لە دەروونی موسوڵماناندا، کەچی لە هیند دەستیان بۆ بنەماکانی ئایینی هیندۆسی نەبرد، لە چین دەستیان بۆ بنەماکانی ئایینی بوزییەت نەبرد، کە ئەوان لە ڕووی ژمارەوە زۆر لە موسوڵمانان زیاتریش بوون.

ئەوە بە نسبەت خاڵی یەکەمەوە (بە تایبەت ئامانجی داگیرکاریی فەڕەنسا بۆ سەر میسر) کە پێموایە تا ئێرە بابەتەکان بۆ خوێنەر ڕوونبووبنەوە، ئەوەش بۆ خوێنەر ئاشکرا بووبێت کە نهێنیی دانانی (دەستوورە دەستکردەکان) کە لە میسر لە جیاتی شەریعەتی خوا حوکمی موسوڵمانیان پێ دەکرد، چییە.. شەریعەتی خوای گەورەیان کەنارخستبوو، ئەو شەریعەتە جوان و گشتگیرەیان قەتیس کردبوو لە یاساکانی باری کەسێتی (هاوسەرگیری و دەستلێکبەردان و میرات و ...)

بەڵام خاڵی دووەم.. موسوڵمانان و هەندێ لە مێژونوسە موسوڵمانەکانیش پێیان وابوو کە ئەو هێرشەی کرایە سەر میسر و هەموو جیهانی ئیسلامی، خێر و بەرەکەتی بەدوای خۆیدا هێنا!

ڕاستە کە جوڵانەوە زانستییەکان لە لایەکەوە میسریەکانی هۆشیار کردەوە، بەڵام ئەوە بیانو و پەسەندی نادات بە هێرشی داگیرکەری فەڕەنسی، ئاساییە ئەورووپییەکان ئەوە بڵێن.. بەڵام ئێمە کاتێ باسی ئەم مێژووە دەکەین دەبێ بایەخ بە هەموو مەبەستەکانی پشت ئەم هێرشانە بدەین و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین، ئایا مەبەستی فەڕەنسا لە پشتی ئەم هێرشانە ئەوەبوو کە زانست و پێشکەوتن بە میسر

ببەخشێت، یان مەبەستی ئەوەبوو کە کوشتاریان بکات و خۆی تیایدا ببێ بە حاکم و باڵادەست، وەکو کە لە جەزائیر و تونس و مەراکیش و هەموو ئەو وڵات و شارانەی کە پێی چەپەڵی داگیرکەریی ئەوانی تێ چووبوو؛ کردی؟

لە ڕوویەکی ترەوە: ئایا ئەو هێرشانە لە لایەنی کردەییەوە چ ئەنجامێکی بۆ میسر هەبوو کە وڵاتێکی ئیسلامی بوو؟

ئایا ئەو (هۆشیارکردنەوە)یە -کە خۆیان ناویدەنێن هۆشیارکردنەوە! -کە میسری گرتەوە، لەسەر توخمە بنچینەیی و سروشتییەکانی خۆی و ڕەگوڕیشە و موقەددەساتەکانی بوو؟ یان بۆ هەڵوەشاندنی هەموو ئەمانە بوو تاوەکو لەو میسرە میسرێکی تری دوور لە ئیسلام بەڵکو داماڵراو لە ئیسلام بونیاد بنێن؟

لە ڕووی سێیەمەوە.. ئەو مێژوونووسانەی پێیان وایە ئەو هێرشانە خێر و بەرەکەتیان بە دوای خۆیاندا هێنا، بێئاگان لەو ڕووداوانەی بە کردەیی ڕوویاندا و قسە لەو شتانە دەکەن کە ڕوویاننەدا بەڵکو تەنها ئەگەری ڕوودانیان هەبوو..

ئەوە کێ پێیوایە هێرشی فەڕەنسی تاکە کلیلی ئەم خێر و بەرەکەت و (هۆشیارکردنەوە)یە بوو؟ لە کاتێکدا دەکرا ئەو خێر و بەرەکەت و هۆشیارکردنەوەیە بە دەستی موسوڵمانان خۆیان کرابا، دووبارە زیندوێتییان بۆ خۆیان گێڕابایەوە، کەی لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویداوە کە، خوای گەورە واز لە موسوڵمانان و ئوممەتەکەیان بهێنێت سیس ببن و بمرن بێئەوەی کەسێکیان لە خۆیان بۆ بنێرێت لە خەوی غەفڵەت بێداریان بکاتەوە؟

دەبێ بۆچوونی ئەو مێژوونووسانە چی بێت سەبارەت بە جوڵانەوەکەی

موحەممەدی کوڕی عبدالوەهاب کە ئامانج لێی پاککردنەوەی ئیسلامەکە بوو لەو خورافە بۆگەنانەی بەناوی ئیسلامەوە بیروهۆشی موسوڵمانانی داگیر کردبوو؟ ئەی چی دەڵێن سەبارەت بە جوڵانەوەی (مەهدی) لە سوودان کە ئامانج لێی پاراستن و پارێزگاریکردن بوو لە موسوڵمانان لە زۆرداری ئینگلیزەکان کە گەمارۆی میسریان دابوو، هەمدیس بێ لەمانەش جوڵانەوەی تری ئیسلامی هەبوون کە ئامانجی هەموویان پاککردنەوە و پاڵفتەکردنی ئیسلامەکە و لادان و ڕادانی ستەم و زۆرداریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ڕۆحی بوو لەسەر موسوڵمانان، هەروەها بوژاندنەوەی ئیسلامەکە و بەخەبەرهێنانی لە خەوی غەفڵەت تاوەکو دووبارە هەستێتەوە و ڕۆڵی خۆی لە واقیعی ئێستای مرۆڤایەتی نیشان بداتەوە.. یان ئەو مێژوونووسانە پێیان وایە بووژاندنەوە و هەستانەوەکە هەر دەبێ لەسەر دەستی هێزێکی دەرەکی داگیرکەر ڕوویدا؟

ئەم بیرکردنەوانەی مێژوونووسەکان ئەنجامی ئەو ژەهرەیە کە هێزی داگیرکەری خاچپەرستان لە دڵ و دەروونی موسوڵمانان چاندیان و وایان لێکردن هەست بە نزمی و دەروون بەزیوی خۆیان بکەن.

# هەوڵی ڕماندنی ئیسلام لە ناوەوە

ئێمە نکۆڵی لە ڕووداوەکانی مێژوو ناکەین..

هەر ئەوکاتەی کە موسوڵمانان لە مەیدانی جەنگ شکستیانهێنا هەر ئەوکاتەش شکستی دڵ و دەروونیان تووش بوو.

بەڵام وەکو پێشتریش وتمان ئەمە واتای کۆتایی هاتنی ئیسلام نییە.

ئیستیعمار هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری کێشا، تا دەستی گرت بەسەر جیهانی ئیسلامیدا کە یەك سەدەی خایاند، پاشان پێویستی بە یەك سەدەی تر بوو تا هەوڵی ڕماندنی ئیسلامەکە بدات لە ناوەوە و عەقیدەکە لە دڵ و دەروونی موسوڵمانان نەهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ڕاپەڕینی ئیسلامی -لەپێش و لەکاتی داگیرکردنەکەدا- لە شوێنە جیاوازەکاندا ڕوویدا، ئەمەش بەڵگەی زیندویەتی و هێز و قووەتی زاتیی عەقیدەکە و ئاستی بەرگریەکەیەتی بۆ ڕووداوەکان، لەگەڵ ئەوەی تووشی ئەم هەموو هێرشە توندانە ببوویەوە بە درێژایی مێژوو.

لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی ئەو هەوڵە لەسەرخۆ و بەرنامەبۆداڕێژراوانە دەکەین کە هێزی ئیستیعمار گرتییە بەر بۆ ڕماندنی ئیسلام لە ناوەوە، بۆ ئەمەش بەڵگە بە قسەی موژدەدەر و داگیرکەرەکان خۆیان دەهێنینەوە کە قسەکانیان هیچ گومانێك هەڵناگرێت.

*******

کەسێک بە ناوی (موححمەد عەلی) لە لایەن عوسمانییەکانەوە کرا بە والی و کاربەدەست لە میسر.. موحەممەد عەلی لە دڵی خۆیدا وای دانابوو کە سەربەخۆیی لە خیلافەت ڕابگەیەنێت و جیا ببێتەوە لێیان، بەڵام بێئاگا بوو لەوەی دەسەڵاتی فەڕەنسی لە شارەکە لەگەڵیدایە، بێئاگا بوو لەوەی فەڕەنسا دەیگرێتە خۆی و ئاراستەی دەکات، پڕۆژەی چاکسازی دەخاتە بەردەست و یارمەتیی دەدات لەپێناو ئامانجێکی دوور کە لە ئامانجەکەی موحەممەد عەلی دوورترە، موحەممەد عەلی خۆی بە لێزان و بلیمەت دەزانی کە وا لە پشتی خیلافەتەوە کار دەکات بۆ سەربەخۆیی خۆی.

فەڕەنسا موحەممەد عەلیی گرتە خۆی و باوەشی بۆ کردەوە، هانی دەدا سەربەخۆیی لە خیلافەت ڕابگەیەنێت، چونکە ئەوە شتێکی باش بوو بۆ فەڕەنسا و هەموو جیهانی ئیسلامی دەگرتەوە و یەکێتی جیهانی ئیسلامی لەناو دەبرد و دەیکردە چەند دەوڵەت و هەرێمێکی بچووك کە دەسەڵاتی ڕۆژئاوا ئەوکات سەرپەرشتیی دەکات، بەهۆیەوە پایەکانی ئیسلام دەڕوخێنێت و موسوڵمانان لە عەقیدەکەیان دادەماڵێت، ملکەچیان دەکات بۆ دەسەڵاتی خاچپەرستان کە بەردەوام دژی ئەم ئیسلامە لە کەمیندا بوو لە هەلێکی ئاوا دەگەڕا، تا ئەو ڕقە ژەهراوییەی چاندبووی ئاوی بدات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێك بکەین کە لای زۆر لە موسوڵمانان جێی پرسیارە:

ئایا ئەم خیلافەتە لە کۆتاییەکانیدا ستەمکار و خۆسەپێن نەبوو؟ ئایا تەنها ڕووکەش نەبوو بە خورافە و نەزانین و ستەم دەور درابوو؟ بە کورتی: ئایا بە تەواوی لە

ڕۆحی ئیسلام دوور نەکەوتبوویەوە؟

دەی کەوایە بۆچی دەرچوون و خرووج لەم دەسەڵاتە کارێکی باش و ستایشکراو نییە و شایستەی ئەوە نییە کە خەڵکی بۆ هانبدەین؟ ئایا دەبێ موسوڵمانان لە ژێر دەسەڵاتی ئەم خیلافەتەدا هەر بمێننەوە و بێدەنگ بن کە دوورە لە ڕۆحی ئیسلام و زەلیل و ژێردەستە و چەقبەستووە و دوورە لە هەموو چاکسازییەك؟ گریمان وا دابنێین کە ئەم هێزە داگیرکەرانە ئامانجێکی پیسیان هەیە کە ڕووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامی و پارچەپارچەکردنی جیهانی ئیسلامییە، بەڵام ئایا دەبێ ئێمە بێدەنگ بین لە ستەم و خراپەکارییەکان و خۆمان بکەینە قوربانی ئەوەی کە دەرچوون لەم خیلافەتە ئامانجە پیسەکەی هێزی داگیرکەر بەدی دێنێت؟

ئەم گومانە داخڵی بیروهۆشی موسوڵمانان دەبێت..

ئەمەش هەر پیلانی هێزی داگیرکەرە کە ئەم گومانانە دەوروژێنێت و بڵاویدەکاتەوە و موسوڵمانانێکی نەزان و دەروون بەزیوی پێوە سەرقاڵ دەکات، وایان نیشاندەدات کە تەنها دوو بژاردە هەیە: یان ئەوەی دەبێ ئەم ژیانی زەلیلی و دواکەوتوویە لە ژێر سایەی خیلافەت بەردەوامی پێبدەن، یانیش دەبێ لە خیلافەت هەڵبگەڕێنەوە و جوڵانەوەی جیاجیا و سەربەخۆ درووست بکەن! دوای ئەوەش چی ڕوودەدات با ڕووبدات.. با خەڵکی ڕۆژئاوا (چاو سەوز و قژ زەردەکان) بێنە ئەو شار و ناوچانەی سەربەخۆییان ڕاگەیاندووە لە خیلافەت، چونکە بوونی ئەمان لەو ناوچانەدا بۆ ڕزگاربوونە لەو ستەم و دواکەوتوویەی کە خیلافەت گیرۆدەی ببوو.. هێزی داگیرکەر زیاتر پەرە بەو پیلانەی دەدات و وای نیشاندەدات کە بوونی

ئەم چاو سەوز و قژ زەردانە لە وڵاتی موسوڵمانان زامنی چاکسازی و شارستانێتی و بڵاوکـردنەوەی مەعـریفە و زانسـتن، هەبوونیـان هەمـووی خێـر و بەرەکەتە و هەبوونی سیستەمی خیلافەتیش ڕێگرە لە بوونی ئەم خێر و بەرەکەتە.

بۆ وەڵامی ئەم چەواشەکارییە دەڵێین:

**یەکەم:** ئەوە ڕاست نییە کە ئێمە تەنها دوو بژاردەمان لەبەردەستە: ڕازی بـوون بە ستەم یانیش پارچەپارچەکردنی جیهانی ئیسلامی!

**دووەمیش:** ئەوە ڕاست نییە کە تاکە ڕێگا بۆ چاکسازی؛ هاتنی خەڵکی ڕۆژئاوایی بێ بۆ وڵاتی موسوڵمانان.

بـا بگەڕێینـەوە بـۆ باسـی هەردوو بـزووتنەوەی (وەهـابی) و (مەهـدی) کە هێـزی داگیرکەری خاچپەرست زۆر هەوڵی دەدا کە ئەم دوو بزووتنەوەیە کپ بکات پـێش ئەوەی پەل بهـاوێن بـۆ هەمـوو جیهـانی ئیسـلامی، بـۆ ئەم مەبەسـتەش هێـزی خاچپەرستان (مـوحەممەد عەلـی و کوڕەکـانیی) سـەرقاڵکرد تـا ئەم ڕۆڵە ببیـنن بە ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

ئەم دوو بـزووتنەوەیە هەردووکیـان بزووتنەوەیەکـی چاکسـازیی گشـتگیر بـوون، ئامانجیـان ڕزگـارکردنی جیهـانی ئیسـلامی بـوو لە سـتەم و خـوڕافە و زۆرداریـی دەسەڵاتدارەکان و ئیستیعماریەتی ئینگلیز، کۆششیان بۆ ئەوەبوو کە موسوڵمانان لە کەشێکی ئیسلامییانەی پاکدا بژین و بگەڕێنەوە بۆ قەوارە شکۆدارییەکەیان.

بەڵام ڕۆژئـاوا چـاوی بەوە هەڵنەدەهـات و هەنـدێك کاربەدەسـتی تـورکی -کە

بەکرێگیراوی هێزی خاچپەرست بوون- بە گژ ئەم دوو بزووتنەوەیدا کـردنەوە، هەر بەوە نەوەستا، بەڵکو لەولاوەش موحەممەد عەلـی  وکوڕەکانیشـی بەکاردەهێنـا بـۆ کپکردن و دامرکاندنەوەی ئەم دوو بزووتنەوە چاکسـازییە، لەم نێوەندەشـدا هێـزی خاچپەرستان هـانی هەمـوو بزووتنەوەیەکـی سـەربەخۆی دەدا کە لەسـەر بنەمـای دەمارگیری هەرێمی دامەزرابێ و دووربێ لە بنەما و قییەمە ئیسـلامییەکان -گرنـگ ئەوەی ئیسـلامی نەبێـت!- مـوژدە و بەڵێنـی درۆی پێـدەدان و هانیـدەدان کە لە خیلافەت هەڵبگەڕێنەوە.

بەم شێوەیە دەبێ موسوڵمانان لە بیروهۆشیاندا جیاوازی بـکەن لە نێـوان مـانەوە لە ژێر ستەم و دواکەوتووی و نێوان لادان و ڕاماڵینی ئەو ستەم و دواکەوتووییە، بەڵام مـانەوە لە ژێـر یەك ئـاڵا و یەکگرتـوویی جیهـانی ئیسـلامی.. هەر ئەوەش تـاکە چارەسەرە کە هێـزی داگیرکەریـی خاچپەرسـتان ئەوکـات و ئێسـتاش حەزی بەوە نەبوو، نەشیدەهێشت ڕووبدات.

بەم شێوەیە دەسەڵاتی فەڕەنسی لە میسر و سووریا و لوبنانیش بەردەوام لە فراوانبووندا بوو، تا بوو بە مەدرەسەیەکی فیکریی سەربەخۆ، تا وای لێهات خەڵکی میسر و شوێنەکانی تریش وا پەروەردە و ئاراستە دەکران کە دەیانوت: فەڕەنسا نیشتیمانی دووەممانە، میسر هەرگیز بەشێك نەبووە لە ڕۆژهەڵات بەڵکو هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست (کە فەڕەنسا دەکەوێتە ئەو ناوچەیەوە)، میسر لە لایەنی فیکری و ڕۆحی و ڕۆشنبیرییەوە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی دەریای سپیدایە نەك لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات (واتا لەگەڵ ئیسلامدا نییە، ئەو ئیسلامە لە جەزیرەی عەرەب سەریهەڵداوە نەك لە دەوروبەری دەریای سپی

بۆیە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە!).

بەم شێوەیە لە بزواندنی هێزی داگیرکەری فەڕەنسی بەردەوام بوون تاوەکو نەوەی نوێ بکەنە فەڕەنسییەکی تەواو، یان هیچ نەبێت گرنگ ئەوەیە دووربێت لە ئیسلام.

بەڵام پەلامارەکانی ناپلیۆن بۆ سەر میسر هەموو خەون و ئامانجەکانی فەڕەنسای بەدی نەهێنا کە ساڵانێك بوو خەونی پێوە دەبینی، چاوچنۆکی و چڵێسیی ئینگلیزەکان خێراتر و بەهێزتر بوو، ئینگلیزەکان ساڵی (١٨٨٢)ی زایینی میسریان داگیرکرد و زیاتر لە حەفتا ساڵ تیایدا مانەوە.

لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە چالاکبوونی هێزی خاچپەرستان لە میسر دەستپێدەکات، کە هاوسەردەم بوو لەگەڵ قۆناغی چالاکبوونی خاچپەرستیی فەڕەنسی لە سووریا و لوبنان و باکووری ئەفریقیا و توونس و جەزائیر و مەراکیش، هەروەها لە کۆتاییەکانی ئەم قۆناغەدا هێزی خاچپەرستانی پورتوگالی و دانیمارکی و هۆڵەندی و ئیتاڵی و ..... لە وڵاتانی تری ئیسلامی چالاکیان دەست پێکرد.

لەم قۆناغەدا سیاسەتێکی ڕێکخراو دانرا بۆ داپڵۆساندن و کپکردنەوەی عەقیدەی ئیسلامی لە دڵ و دەروونی موسوڵماناندا.

بەڵام جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ هێزی داگیرکەر.. ئەم عەقیدەیە بەم پتەوی و بەهێزی و ڕەگ داکوتاوییەی حەتمەن پێویستی بە کۆششێکی شەکەتکەر هەیە تا بتوانێ لە ڕەگەوە هەڵی بکەنێ، یان لایەنی کەم لە دڵ و دەروونەکاندا لاوازی بکات، هێزی داگیرکەریش بە تەواوی هەستی بەمە کردبوو، بۆیە زۆر ئارامگر بوون لەسەر هەوڵ و پیلانەکانیان، لە کۆتاییدا

سەرکەوتوو بوون.. سەرکەوتوو بوون کاتێ توانیان نەوەیەك پەروەردە بکەن کە هیچ لە ئیسلام نازانێت جگە لە ناوەکەی نەبێت، وادەزانێت کە ئیسلام تەنها پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورەیە و هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ڕەفتار و ڕەوشت و کۆمەڵگە و دەوڵەتداری و ڕێکخستنی ژیان لە ژێر سایەی ئیسلامدا، لەوەش زیاتر وا هەست دەکەن ئەم ئیسلامە هیچ نییە، کۆنە، دواکەوتوویە، پێویستە خۆمان و کۆمەڵگەکەمانی لێ دابماڵین تا بگەین  بە ژیانێکی خۆش  و پێشکەوتوو!

ئەوەی باسمانکرد زیاتر درێژەی پێدەدەین و بەڵگەی مێژوویی و قسەی موژدەدەر و داگیرکەرەکان خۆیان دەهێنینەوە..

ساڵی (١٨٨٢)ی زایینی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (گلادستۆن)؛ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیا وتارێکی دا، تیایدا قورئانێکی بە دەستەوە بوو، بە ئەندامانی ئەنجومەنی وت: (تا ئەم کتێبە لەبەردەستی میسریەکاندا هەبێت قسە و بڕیارەکانی ئێمە هیچ پێگە و هێزێکیان نابێت).

قسەکەی ڕوونە و پێویستی بە قسە لەسەرکردن نییە.. ئەو پیاوە هەستی کردووە کە هێز و قووەتی ئەم گەلە لە قورئانەکەدایە (کە ئیسلامە)، ئەم گەلە بە ئیسلامەکەوە بەهێز و پتەو بووە، ئەم ئیسلامە وەکو تاشە بەردێك لەمپەرە لەبەردەم هێزی داگیرکەر، پێویستە تێکبشکێندرێت، دەبێ لابدرێت.

# سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن

(دەنلوب) -کە دەرچووی کۆلێژی لاهوت (بیروباوەڕی مەسیحییەکان) بوو لە وڵاتی بەریتانیا-، هاتە میسر و پەیڕەوپڕۆگرامی خوێندنی بۆ وڵاتی میسر دانا، سەیرە..! پەیڕەوو پڕۆگرامی خوێندنی وڵاتێکی موسوڵمان لە لایەن قەشەیەکەوە دابنرێت؟! بەڵێ، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم قورئانە لە دەستی میسرییەکان دەربکەن -وەکو کە گلادستۆن وتی- وە بۆ ئەوەی هێزی داگیرکەر پێی خۆیان لەو وڵاتانە قایمتر بکەن، دەنلوب سیاسەتەکەی خۆی دانا و کەوتە جێبەجێکردنی، لە دواییدا بەروبوومی ئەو سیاسەتەی دوورییەوە، بە لەسەرخۆیی سیاسەتەکەی خۆی پەیڕەو دەکرد، وەکو کە عادەتی هەموو جارەی بەریتانییەکان بووە لە هەموو شوێنێك.

لەو سەردەمەدا (ئەزهەر) سەرچاوەی فێربوونی زانست بوو لە میسر، هەم مزگەوت و هەم زانکۆ بوو، فێرخوازان و فەقێیان نەك بە تەنها لە میسرەوە بەڵکو لە هەموو جیهانی ئیسلامییەوە ڕوویان تێدەکرد بۆ ئەوەی بەرەکەت و زانست و زانیارییەکەی دەستبخەن.

هەرچەندە ئەو سەردەمە ئەزهەر بە تەواوی نەببوویە شوێنی فێربوونی ئیسلام، چونکە ئەمیش وەکو هەموو لایەنەکانی تر لە سەردەمی عوسمانییەکان دواکەوتوویی پێوە دیاربوو، بەڵام چەند هەوڵێکی بەهێز هەبوون بۆ ئەوەی ئەزهەر لەم دواکەوتووییە دەربهێنن و ڕۆڵی حەقیقی خۆی بۆ بگێڕنەوە.

بە چاوپۆشین لەو دەرئەنجامانەی پەیدا دەبوون لە دوای ئەو چاکسازییەی کە بۆ

ئەزهەر دانرابوو لە لایەن موحەممەد عەبـدە و شـوێنکەوتووانی، هێـزی داگیـرکەر هەموو هەوڵی ئەوەبوو دەست بخاتە ناو ئەزهەریشەوە و ڕایبماڵێت، چونکە ئەزهەر لای موسوڵمانان پەناگەی عەقیدەی ئیسلامی بوو ئەگەر لە واقیعیشدا شیاوی ئەوە نەبووبێت، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە چاوی موسوڵمانان لەسەر ئەزهەر بوو، ببوویە یەکێك لەسەرچاوەکانی یەکبوونی ئیسلام لە ڕووی فیکری و ڕۆحی و واقیعبینییەوە، بۆیە پێویستە نەمێنێت و لابدرێت!

هێزی داگیرکەر بیری نەدەکردەوە لە لەناوبردنی ئەزهەر بە ڕێگای ڕاستەوخۆ، ئەوان وەکو هەمووجارێك ڕێگای هێواش و پێچاوپێچیان بەکار دەهێنا، هەستیان بەوە کردبوو کە پێشتر گەمژەیی فەڕەنسییەکان کاتێ ئەزهەریان کردبوویەوە تەوێڵەی ئەسپەکانیان، بووە هۆکاری شۆڕشی گەلی میسر دژی فەڕەنسییەکان، دەشیانزانی کە هەوڵی ڕاستەوخۆی موژدەدەرەکان بۆ سەر عەقیدەی ئیسلامی چۆن پێچەوانە بوویەوە، ئیستیعماری بەریتانی هەستیان بە هەموو ئەمانە کردبو و دەیانزانی کە داگیرکردنی ڕاستەخۆیانە موسوڵمانان هۆشیار دەکاتەوە و زیاتر دەستگرتوو دەبن بە ئیسلامەکەوە، بۆیە هێزی ئیستیعماری بەریتانی نەکەوتە هەمان هەڵەی فەڕەنسی و موژدەدەرەکان، بەڵکو ڕێگای هێواش و پێچاوپێچیان بەکارهێنا[1].

دەنلوب چەند خوێندنگەیەکی سەرەتایی حکومیی کردەوە کە زانستە مەدەنییەکان و زمانی ئینگلیزی-زمانی هێزی ئیستیعماری-یان تێـدا دەخوێنـدرا، دوای ئەوە چەنـد مـۆزەفێکی دەرچـووی دادەمەزرانـد کە پەروەردەکـراوی دەسـتی خۆیـان بـوون و

---

(١) پەندێکی ئینگلیزی هەیە دەڵێت: (Slow but sure)، واتە: هێواشبە بەڵام مسۆگەربە.

مووچەکانیان بە (جونەیهـ) بوو نەك بە (قورش)[1].

دوای ئەمە پێویستی بە زیاتر فریودان نەبوو، کێ هەیە لە مەودوا منداڵەکەی بنێرێ بۆ ئەزهەر بۆ لای ئەو لات و داماوانەی ناتوانن مەسـروفاتی منـداڵەکانیان بگـرنە ئەستۆ، لە کاتێکدا لە خوێندنگە حکومییەکـان داهـاتوویەکی باشـیان بـۆ مسـۆگەر کراوە بە مووچەیەکی باش و فێری زمانی بیانیش دەبن؟

خەڵکــی وردە وردە پشــتیان لە ئەزهەر دەکــرد و بەرەو خوێنــدنگە حکومییەکــان دەڕۆیشتن، ئەو خوێندنگەیانەی کە بە باشی قورئان و ئایینییان فێری فێرخوازەکـان نەدەکرد، تا ئەم فێرخوازانە بوونە جیلیکی نوێ بەڵام لە حەقیقەتدا فێری زانسـت و زانیاری نەبوون، بەڵکو تەنها فێری (نووسین) بوون، بۆ هیچ کارێك شـیاو نەبـوون جـگە لەوە نەبێـت کە لە لایەن بەڕێـوەبەرە ئینگلیزەکانیـانەوە بڕیاریـان بـۆ بێـت و ئەمانیش جێبەجێـی بـکەن، بـوونە کـۆیلەیەکی تەواو بـۆ ئینگلیزەکـان، ترسـیان لە ئینگلیزەکان هەبوو، لە هەمان کاتیشدا ئینگلیزەکانیان بە پیرۆز و گەورە دەزانی.

وەنەبێ ئینگلیزەکان لەوکاتدا بنچینە درووستەکانی پەروەردە و فێرکردن نەزانن، نـا، باش دەیانزانی، خوێندنگەکانی خۆشیان لە ئینگلتەرا بەم شێوازە نەبوو کە تەنها کۆیلە پێبگەیەنن نەك خوێندەوار، وەك کە لە میسر دەیانکرد.

بەڵام ئەوە سیاسەت و پیلانی دەنلوب بوو کە نەیدەویست لەم خوێندنگەیانە کەسی خوێنـدەوار و زانـا پێبگەیەنێـت، بەڵکـو دەیویسـت چەنـد کـۆیلەیەك پێبگەیەنێـت ئەمریان پێ بکرێت و جێبەجێی بکەن، ئاماژەیان بۆ بکرێت و بکەونە سەر ئەژنۆ، لە

(١) هەر جونەیهێك سەد قورش بوو. (وەرگێڕ).

پشتی ئەمەوەش ئامانجێکی تری هەبوو ئەویش ئەوەبو خەڵکی پشت بکەنە ئەزهەر، ئەزهەر بێبەها بێت و بپوکێتەوە.

لەم خوێندنگەیانەدا مامۆستاکان بەیەك جۆر و لەسەر یەك کتێب فێرخوازەکانیان گۆش دەکردن، وەنەبێ نەزانن کە ئەم جۆری سیستەمی فێرکردنە فیکری فێرخوازەکان سنووردار دەکات و بەهرەی داهێنەرانەیان نابێت، چونکە کاتێك داهێنەر دەبن کە یەك شت بە چەند شێواز و لە چەند شوێنێکی جیاواز بخوێنن، لە خوێندگەکانی خۆیان لە ئینگلتەرا، فێرخوازەکانیان وا پەروەردە دەکردن کە دەربارەی یەك بابەت لە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز لەسەری بخوێننەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەن، بەمەش لە لایەك گەڕان و لێکۆڵینەوە خۆشەویست دەبوو لایان، لە لایەکیش هێزی داهێنانیان تێدا بەرجەستە دەبوو، پاشان تاقیکردنەوەیان دەکرد لەوەی دەستیان کەوتووە لە ئەنجامی گەڕانەکەی خۆیان نەك لەوەی لەبەریان کردووە لەسەر یەك کتێب، لە خوێندگەکانی خۆیان بەم شێوەیە بوو، بەڵام لە میسر عەقڵ و فیکری فێرخوازانیان سنووردار دەکرد لە ترسی ئەوەی نەکا میسرییەکانیش وەکو فێرخوازەکانی خۆیان هێزی بیرکردنەوە و داهێنەرانەیان تێدا بەرجەستە ببێت.

سەرپەرشتیارە ئینگلیزەکانی ئەم خوێندنگەیانە بە پیرۆز سەیر دەکران وەك ئەوەی خوا بن و بپەرسترێن، ئەوەش باشترین هۆکار بوو -بۆ فێرکردن نا- بەڵکو بۆ ئەوەی تۆوی کۆیلایەتی لە دڵ و دەروونی میسرییەکاندا بچێنن.

هەر لەم خوێندنگەیانەدا فێرخوازەکان وا فێردەکران کە میسر وڵاتێکی دواکەوتوویە

چونکه وڵاتێکی کشتوکاڵییه و پیشەسازیی تیا نییه، ئەورووپا بە گشتی و بەریتانیا بە تایبەتی پێشکەوتووە چونکە وڵاتێکی پیشەسازییە[1].

لەم خوێندگەیانەدا دەرسی قورئان و ئایینی نەدەخوێندران جگە لە چەند بەشێکی پەرشوبڵاو کە زیانی زۆرتر بوو لە سوود.

لەم خوێندنگەیانەدا یەکەم کار نوێژکردن و پاڕانەوە بوو لە کەنیسەی خوێندنگە، لەولاوەش وانەی ئایین لە کۆتایی هەموو وانەکانی تر دەخوێندرا کە فێرخوازان هەموویان بێهێز دەبوون و پەرۆشی کۆڵان و ناوماڵ دەبوون، جگە لەوەش وانەی ئایین دەدرا بە بەتەمەنترین مامۆستای خوێندنگەکە، پیر و پەککەوتە، بە کۆکەکۆك نیوەی کاتەکەی بەڕێدەکرد، بەمەش بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ ئایینیان لای فێرخوازەکان بە شتێکی بێکەڵك نیشان دەدا و خۆیان لێ دەدزیەوە.

سیاسەتەکانی دەنلوب فراوانتر بوون و دەستیکرد بە کردنەوەی چەند خوێندنگەیەکی دواناوەندی، کە ئەمانیش لەسەر هەمان پەیڕەوپڕۆگرامی خوێندنگە سەرەتاییەکان بوون، وە ئەمانەش حەقیقەتی ئیسلامیان تێدا نەدەخوێندرا.

بۆ نموونە کە باسی مێژووی ئیسلام دەخوێندرا.. هەر ئەوەندەیان دەخوێند کە:

١-ئیسلام لە ناو قەمێکی بتپەرست سەری هەڵدا و بانگەوازی کردن بۆ یەکتاپەرستی.

٢- ئەو قەومە کچەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرد، ئیسلام هات و ڕێگری لێکردن لەو

(١) ئێستاش زۆرێك لە خەڵکی بە دواکەوتوو سەیری کەسێك دەکەن کە پیشەی کشتوکاڵ بێت! (وەرگێڕ).

کارەیان.

٣- پاشان ئیسلام بانگەوازی تێکڕای خەڵکی کرد و جەنگ و جیهاد و فتووحات ڕوویدا و لە کۆتاییدا ئیسلام بە تەواوی لەسەر زەویدا بڵاوبوویەوە.

تا ئێرە ئیسلام بوو و لێرەوە کۆتایی پێهات و ئێستا هیچ گرنگییەکی لە ژیانی واقیعی مرۆڤایەتیدا نەماوە، چونکە:

- بت پەرستەکانی ئەوکات نەماون تا ئێستا ئیسلام بێت و بانگیان بکات بۆ یەکتاپەرستی.
- ئێستا کەس کچ زیندەبەچاڵ ناکات تا ئیسلام بێت و ڕێگری لێ بکات.
- بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینە و جیهادکردن لە پێناویدا باوی نەماوە و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت و هەمووی بریتییە لە ئیرهاب و تۆقاندن کە نابێ هەبێت!

دەربارەی ئیسلام تەنها ئەمانە دەخوێندرا..

بەڵام ئیسلام وەکو هێزێکی کەونی زەمینی بۆ هیدایەتدانی خەڵکی بۆ نوور و ڕووناکی..

بەڵام ئیسلام وەکو سیستەمێك بۆ حوکمکردنی ژیانی مرۆڤایەتی لە هەموو کاروبارەکانیدا..

بەڵام ئیسلام وەکو هێزێکی کارا لەسەر شانۆی ژیان..

بەڵام ئیسلام وەکو شارستانییەتێك کە زیاتر لە هەزار ساڵ لە زەمیندا درێژەی

هەبووە..

بەڵام ئیسلام وەکو جوڵانەوەیەکی زانستی کە بووە ڕۆشنکەرەوەی زەمین و سەرچاوەی هەستانەوەی نوێی ئەورووپا..

بەڵام ئیسلام وەکو سیستەمێکی ئابووری پتەو و چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی..

بەڵام ئیسلام وەکو جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە کە دەرودەروونی خەڵکی لە خورافە ئازادکرد، وەکو کە مرۆڤایەتی لە مرۆڤپەرستی و گەندەڵی سیستەمەکان ڕزگارکرد..

بەڵام ئیسلام وەکو شەریعەتێکی ئیلاهی تا حوکمی خەڵکی بکات و جێبەجێبکرێت و گوێڕایەڵی لێبکرێت..

هیچ یەکێك لەمانە فێری فێرخوازەکان نەدەکرا! هەموو ئەوەی فێری فێرخوازەکان دەکرا دەربارەی ئیسلام ئەوەبوو کە ئیسلام کۆمەڵە پەرستشێکە مرۆڤ بە ئەنجامدانیان هەموو ئیسلامی جێبەجێکردووە.

یان چەند شوبهە و گومانێکیان دەخوێند، کۆمەڵە داڕووخانێکی فیکری و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و سیاسی فێردەکران، کە تەبەننی شتی بێبەهای لای خەڵکی دەکرد و وا فێردەکران کە ئایین هەمووی دواکەوتوویە و پێویستە بە خێرایی خۆمانی لێ دابماڵین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەولاوە باسی ئەورووپایان بۆ دەکرا..

ئەورووپــا بەهێــزە، خــاوەن شارســتانییەتە، زانســت هەر لەوێ هەیە، لانــکەی دادپەروەرییە، سەربەستی، برایەتی و یەکسانی، لە هەموو مەیدانەکان ئەورووپــا لە پێشەوەیە.

سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕاست و درووست ئەوەیە کە لە ئەورووپایە.

سیستەمی ئابووری ڕاست و درووست ئەوەیە کە ئەورووپا دایهێناوە.

سیستەمی حوکمڕانی و حوکمی ڕەشید ئەوەیە کە ئەورووپا ئەزموونی کردووە.

مافی مرۆڤ ئەوەیە کە شۆڕشی فەڕەنسی بڕیاری لەسەر داوە.

دیموکڕاسیش کە گەلی ئینگلیز بڕیاری لەسەر داوە ڕاست و درووستە.

شارستانییەتیش هەر ئەوەیە کە ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانی بناغەکەی داڕشتووە.

بە کــورتی، فێــری ئەوە دەکــران کە: ئەورووپــا ئەو هێــزە زەبەلاحەیە کە نابەزێــت، ئیسلامیش ئەو شتە بێبەهایەیە کە هیچی لە بــاردا نیــیە و دەبــێ ئەو هێــزە زەبەلاحە بپەرستێت تا بمێنێت!

# پیلان دژی زمانی عەرەبی

سیاسەتەکانی قەشە دەنلوب درێژەی کێشا و پیلانی دژی زمـانی عەرەبییـش دانـا، چونکە ئەم زمانە هێشتا لە دەروونی موسوڵمانان -عەرەب و عەجەم- پەیوەستییەکی هەبوو لەگەڵ ئیسلام.. پیلانەکەش ئەوەبوو: زمانی عەرەبـی پێویسـتە لە ئاسـتی کەم بکرێتەوە و ببێتە جێی گاڵتە و پێڕابواردن، تا ئەم کەمکـردنەوەیە لە ئاسـتی زمـانەکە واتا ئایینییەکانیش بگرێتەوە کە بە زمانی عەرەبین.

دەبێ مامۆستای زمانی عەرەبیش لە خوێندنگەکان بە کەم سەیر بکرێت، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، جوگرافیا، بیرکاری و مێـژوو بە جـۆرێتر سـەیر بکـرێن، تەنـانەت مووچەکانیشیان جیاواز بوو -کە (١٢) جونەیهیان وەردەگرت و بـۆ ئەوکـات بەس بوو بۆ دابینکردنی ژیـانێکی خـۆش-، بەڵام مامۆسـتای زمـانی عەرەبـی لە هەمـان خوێندنگە و هەمان ڕێژە وانەیشی دەوتەوە تەنها (٤) جونەیهی وەردەگرت!

لە ئەنجامدا دوو چین درووست دەبوون:

یەکێکیان لە خوێندنگە و لە ناو کۆمەڵگەش خاوەنی ڕێز و قەدرێکـی زۆر بـوو، لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری مەکانەتێکی باشی هەبـوو، هاوسەرگیریشـی لەگەڵ کچـی نـاو کۆشـکەکان دەکـرد و منداڵەکانیشـی لە کەشـێکی ئـارام و پلەبەرزیـدا پەروەردە دەبوون..

بەڵام چینی دووەم بە چاوێکی کەم و دواکەوتوو سەیر دەکرا، لایەنی کۆمەڵایەتی و ئـابووری دادەڕمـا، نەیشـیدەتوانی لەگەڵ خانەدانەکـان هاوسـەرگیری بکـات،

منداڵەکانیشی لە کەشێکی هەژاری و نەداری و زەلیلیدا پەروەردە دەبوو، لە هەموو شوێنێکیش بە چاوێکی کەمەوە سەیردەکرا و بە گاڵتەپێکردنەوە پێیدەوترا: ئەمە مامۆستای زمانی عەرەبییە!

لێرەوە زمانی عەرەبیش تەنانەت هەندێجار لای هەندێ خەڵکی، ئایینەکەش دەبوویە جێی ئەم کەمی و گاڵتەپێکردنە.

# چالاکیی موژدەدەرەکان

هێشتا ئەوە هەمووی نەبوو..

هاوشانی هێزی خاچپەرستان لە جیهانی ئیسلامیدا، موژدەدەرەکانیش چالاکیی زۆر و بەرفراوانیـان دەسـتپێکردبوو، چـالاکییەکی بەهێـز و پێـداگرانە، تـا چەمـکە ئیسـلامییەکان لە دەروونـی موسـوڵمانان‌دا هەڵـبکەنن و چەمکـی مەسـیحییەتی و ڕۆژئاوایی لە جێگایدا بچێنن.

کتێبـی (هێـرش بـۆ سـەر جیهـانی ئیسـلامی[1] / La Conquete du Monde Musulman)ـم لەبەردەستە، کە چەندان ڕاستیی ناخ هەژێن باسدەکات، مرۆڤ بە خوێندنەوەی ئەم ڕاستیانە دڵی دەهەژێـت و ڕادەچڵەکێـت کاتێـك دەبینێـت هێـزی ئیستیعمار و موژدەدەرەکان بەم شێوەیە نەخشە و پیلانیـان دژی جیهـانی ئیسـلامی کێشاوە، کە تاوەکو ئێستاش کاران، ژەهرێکیان ڕشتووە کە تاوەکو ئێستاش لە دڵ و دەروونی موسوڵمانان دێت و دەچێت.

تراژیـدیایەکی بەد و خـراپە، هەمـوو ئەو پـیلانە قێزەونـانە دژی موسـوڵمانان جێبەجێکراون.

دیسانەوە تراژیدیاییەکی بەد و خراپە، کە دەبینین ئەو پیلانـانە چـۆن کاریگەرییـان

---

(١) لەوانەیە وەرگێڕانی ناوی کتێبەکە کرابا بە (داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی) ڕاستتربا، کتێـبەکە مسـاعد اليـافي و محب الدين الخطيب وەریانگێڕاوە لە ساڵی ١٣٥٠ی کۆچی، کە ئێستاش -کاتی نووسینی ئەم کتێـبەی بەردەسـتت- ساڵی ١٣٨١ی کۆچییە.

دروستکردووە لەسەر جیهانی ئیسلامی، لە چۆنییەتی بیرکردنەوە و ڕەفتار و ڕەوشت و داب و ئادابی کۆمەڵایەتی...، هەندێکیشمان ئەوە ناو دەنێین (پێشکەوتن) و گۆرانیی بۆ دەچڕین و دڵخۆشدەبین بەو فەسادەی خولْقاندوومانە، وا گوماندەبرێت ئەوە هەمووی (پێشکەوتن)ـە و هاتووەتە سەر ڕێگای جیهانی ئیسلامی و نابێ و ناکرێت بووەستێنرێت، ئەو کەسانەی ئەو گومانە دەبەن، تەنها ڕواڵەتەکە دەبینن و بێئاگان لەوەی ئیستیعمار و موژدەدەرەکان لە ماوەی دوو سەدەدا لە دڵ و بیروهۆشی ئەو خەڵکەدا چ ژەهرێکیان بڵاوکردووەتەوە.

ڕاستە جیهان (پێشکەوتن)ـێکی گەورەی بەخۆوە بینی -ئێمە ناوی بنێین پێشکەوتن یان داڕمان جیاوازیی نییە- حەتمەن دەبوایە جیهانی ئیسلامیشی گرتبایەوە، -ئەوە لە ژێر ناونیشانی (ڕەوتە جیهانییەکان) زیاتر باسی لێوە دەکەین- بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە و دەڵێین: هێزی ئیستیعمار کاری دەکرد بۆ دەستەمۆکردنی جیهانی ئیسلامی نەك بەرەوپێشبردنی.

خۆ ئەگەر جیهانی ئیسلامیش وەکو جارانی لە بەهێزی و باڵادەستی خۆیدا بووایە مەوقیفێکی تری دەبوو لەبەرامبەر ئەو بەناو پێشکەوتن و دەستەمۆکردنە و تەسلیم نەدەبوو، بەم شێوەیەش دڵخۆشی بەم بەناو پێشکەوتنە دەرنەدەبڕی و پێشبڕکێی نەدەکرد بۆ بەدەستهێنانی هەر شتێك کە لە ڕۆژئاواوە هاوردە دەکرێت بەو ئومێدەی کە ئەوە شیفای دەردانە، لە کاتێکدا ژەهرێکی سەرچاوەی هەموو دەردەکان بوو!

هەمدیس مرۆڤایەتییش تەسلیم نەدەبوو، بەڵکو هەڵوێستێکی تری دەبوو، هەڵوێستێکی ڕزگارکەر لەو داڕمانە، لەوەی ئەم بەناو پێشکەوتنە دەمی کردووەتەوە

و دەیەوێت هەرچی خێروبێرێك کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو دەستی خستووە ئەم حەپەلوشی بکات.

دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە و بە تایبەتی قسەی لەسەر دەکەین.. بەڵام ئێستا چەند بڕگەیەك لەو کتێبە[1] دەگوازینەوە، هەرچەندە کتێبەکە شایستەی ئەوەیە وشە بە وشەی بخوێندرێتەوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا کۆکراوەی چەند ژمارەیەکە لە (گۆڤاری جیهانی ئیسلامی / La Revue du Monde Musulman) کە پەنجا ساڵ پێش ئێستا[2] لە فەڕەنسا دەردەچوو بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی چالاکی موژدەدەرە مەسیحییە پڕۆستانتییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، (چاتلییە) سەرنووسەری ئەوکاتی ئەم گۆڤارە پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە و هانی مەسیحییە کاسۆلیکییەکان دەدا بۆ ئەوەی ئەوانیش هاوشانی پڕۆستانتییەکان بکەونە چالاکی خۆیان لە جیهانی ئیسلامیدا، ناونیشانی کتێبەکە ناونرا: (La Conquete du MondeMusulman)واتە: داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی.

هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە (مساعد اليافي و محب الدين الخطيب) وەریانگێڕا بۆ سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی (المؤيد) بە بەش بەش بڵاویان کردەوە، دواتر لە ساڵی (١٣٥٠)ی کۆچیدا کردیان بە کتێب و بڵاوکرایەوە.

---

(١) مەبەست لە کتێبی: (هێرش بۆ سەر جیهانی ئیسلامی / La Conquete du Monde Musulman) کە کەمێك لەمەو پێش نووسەر ئاماژەی پێدا. (وەرگێڕ).

(٢) مەبەست پەنجا ساڵ پێش نووسینی ئەم کتێبەیە. (وەرگێڕ).

ئەم کتێبە چالاکیی موژدەدەرە مەسیحییەکان -نزیکی سەدەیەك پێش دانانی کتێبەکە- دەخاتە ڕوو، بە تایبەتیش پیلانەکانی کۆنگرەی قاهیرە ساڵی (١٩٠٦)ی زایینی، کۆنگرەی ئێدنبرج لە ئینگلتەرا ساڵی (١٩١٠)ی زایینی، کۆنگرەی لکنۆی هیند ساڵی (١٩١١)ی زایینی، بە ڕوونی هۆکار و ئامانجی موژدەدەرەکان لە جیهانی ئیسلامیدا دەخاتە بەرچاو.

هەرچەندە کتێبەکە لەمێژە نووسراوە، بەڵام ئەوە قیمەتی کتێبەکە زیاتر دەکات، چونکە ئەو هێڵە گشتیانە ڕوون دەکاتەوە کە لە ڕابردوودا کێشراون و بە لەسەرخۆیی ئامانجی خۆیان پێکاوە، بەردەوامیش ئەو هێڵانە لەسەر ڕاڕەوی خۆیان لە ڕۆیشتندان، ئەو کتێبە ئەوە بۆ موسوڵمانان ڕوون دەکاتەوە کە هێزی ئیستیعمار تازە نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە هەبووە و ململانێیەکی بەردەوامە، کەسێکی وەکو (بیدۆ) -کە پێشتر قسەکەیمان هێنایەوە- بە ڕوونی باسی ئەو ململانێیە دەکات کاتێك باسی شەڕی (مانگ و خاچ) دەکات، هەندێکیش دەیشارنەوە.

چاتلییە لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێت:

(وتمان کە لە ساڵی (١٩١٠)ی زایینی کاتێك چووینە ناو باسەکانی ئەم گۆڤارە (گۆڤاری فەرەنسی: جیهانی ئیسلامی) لە سەر بابەتی سیاسەتی ئیسلامی- واتە ئەو سیاسەتەی کە پێویستە بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان بکرێت- پێویستە کاری فەڕەنسا بونیادنرابێت لەسەر بنچینە پەروەردە هزرییەکان بۆ ئەوەی فراوانبوونی کارەکانی بۆ ئاسان ببێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کاری ئێمە کورتهەڵنەیەت تەنها لە چالاکیی قەشە و موژدەدەرەکان، چونکە کاری ئەمان بە تەنها شتێکی

بچووکە و ئامانجی گەورەی ئێمە ناپێکێت، ئامانجە گەورەکەی ئێمە بەدی نایەت مەگەر بە ڕێگای (فێرکردن) کە لە ژێر زانکۆ فەرەنسییەکاندا بێت، هیوادارم ئەمە بە کردەیی جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئەو قییەم و زانیاریانەی لە زانکۆ فەرەنسییەکان دەستدەکەون بخزێنرێنە ناو ئیسلامەوە).

بەم شێوەیە چاتلییە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئامانجی گەورەیان بریتییە لەوەی؛ لە ڕێگای خوێندنگە فەڕەنسییەکانەوە قییەم و ئەفکاری خۆیان بخزێننە ناو ئیسلامەوە، ئەمەش بە تەنها لە ڕێی چالاکی قەشە و موژدەدەرەکانەوە بەدی نایەت، چونکە چالاکی ئەمان سنووردارە، بەڵکو لە ڕێگای (فێرکردن)ـەوە بەدی دێت، لە ڕێی کردنەوەی خوێندنگە و زانکۆی فەڕەنسی لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەو خوێندنگە و زانکۆیانەش عەلەمانین و هیچ مۆرکێکی ئایینییان پێوە نییە.

پاشان هەر لە پێشەکی کتێبەکە دەڵێت:

(ڕاستە کە ئامانجی خوێندنگەی یەسووعی لە بەیرووت؛ جیاوازە لە شێواز و ئامانجی خوێندنگەی فەڕەنسی لە ئاستانە، بەڵام لە ئەنجامدا هەردووکیان لەیەکەوە نزیکن بەوەی کە هەردووکیان قییەم و ئەفکاری فەڕەنسی بڵاودەکەنەوە، لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ناردنی موژدەدەرەکان کە سەروەتێکی زۆریان بۆ سەرف کراوە، سوودێکی زۆریان هەیە لەو ڕوانگەیەی کە ئەفکاری ئەورووپی لە وڵاتی موسوڵمانانندا بڵاودەکەنەوە).

پاشان چاتلییە بۆ پاڵپشتی قسەکانی، بەڵگە بە قسەی (زوەیمەر) دێنێتەوە -کە یەکێکە لە موژدەدەرە پرۆستانتییەکان و لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو وە سەرەتای ئەم

سەدەیە چالاکی هەبووە لە جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی لە میسر، هەروەها دامەزرێنەری گۆڤاری ئینگلیزی: (جیهانی ئیسلامییە)- دەڵێت:

(ناردنی موژدەدەرەکان بۆ وڵاتی موسوڵمانان دوو لایەنی باشەی هەیە:

دامەزراندن، ڕماندن، یان بڵێین: هەڵوەشاندن و درووستکردن، گومانی تیا نییە کە سوودی موژدەدەرەکان لە گۆڕینی عەقیدە و بنەما ئەخلاقییەکانی موسوڵمانان زۆر زیاترە لەوەی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی کردوویەتی).

ئەم قسەیەی زوەیمەر بە ئاشکرایی پێمان دەڵێت کە ئەو گۆڕانەی بەسەر عەقیدەی ئیسلامی و بنەما ئەخلاقییەکاندا هاتووە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی موژدەدەرەکان کە ئیستیعمار دەیپاراستن و جێی بۆ دەکردنەوە، نەك بۆ خودی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی.

ئەوەش پاڵپشتی قسەکانی پێشوومان دەکات کە وتمان ئەو بەناو پێشکەوتنەی کە ڕوویدا بە تەنها نەیدەتوانی بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر جیهانی ئیسلامی هەبێت و عەقیدە و بنەما ئەخلاقییەکان داڕوخێنێت ئەگەر ئیستیعمار پاڵپشتی نەکردبا و باوەشی بۆ نەکردبایەوە تاوەکو بەیەکەوە لە قەڵای ئیسلام بدەن، ئەوەش قسەی موژدەدەرە ڕۆژئاواییەکانیشە کە خۆیان دان بەوەدا دەنێن، کەچی هێشتا هەندێك گێلەموسوڵمان نکۆڵی لەو ڕاستییە دەکەن!

چاتلییە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

(بێگومان موژدەدەرە پڕۆستانتی و کاسۆلیکییەکان ناتوانن ئەو عەقیدەیەی کە لە

دەروونی موسوڵمانان‌دا جێگیر بووە دایڕمێنن؛ مەگەر بە بڵاوکردنەوەی ئەفکار و زمانی ئەورووپی بێت، بە بڵاوکردنەوەی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و فەڕەنسی؛ باوەش بۆ ئەورووپا دەکاتەوە و ڕێگە خۆش دەکات بۆ پێشبردنی ئیسلامێکی ماددی).

ئەم قسانەی چاتلییە بە بڕوای من پێمان دەڵێت کە ئامانجی یەکەمی ئیستیعمار لە بڵاوکردنەوەی زمانە ئەورووپییەکان لە وڵاتی موسوڵمانان: داڕماندنی فیکری ئیسلامییە، پاشان شتی تریش بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئامانجیان داڕماندنە نەك بونیادنان، ئەمەش بە دانپیانانی چاتلییە کە لە بڕگەی دواتری قسەکانیدا دەڵێت:

(وێنا ناکرێت کە کۆمەڵگەی ئیسلامی جارێکی تر باوەڕ بە کۆمەڵێك یاسا و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بهێنێتەوە، لە کاتێکدا تەنازولی کردبێك لەو یاسا و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە فیکری ئیسلامییەوە وەریگرتبوون، چونکە کاتێك باوەڕی بە یاسا و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز بوو و داڕووخا (کە لە فیکری ئیسلامییەوە وەریگرتبوون)، ئەوە دەبێتە هۆی لاوازی و داڕووخانی فیکری ئایین لەم کۆمەڵگەیەدا لە هەموو لایەنەکانی ترەوە و هەرگیز جارێکی تر و بەجۆرێکی تر هەڵناستێتەوە).

قسەکانی ڕوونە و پێویست بە زۆر قسە لەسەرکردن ناکات.. ئامانج لە فێربووکردن و بڵاوکردنەوەی زمانی ئەورووپی لاوازکردن و نەهێشتنی عەقیدە و فیکری ئیسلامییە.

# فێربوونی زمانە ئەوڕوپییەکان

لێرەدا پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە: مادام ئیستیعمار ئامانجی لە بڵاوکردنەوەی ئەو زمانانە لاوازکردنی عەقیدەی ئیسلامییە، کەوایە ئێمە نابێت فێری ئەو زمانانە ببین لە کاتێکدا سەرچاوەی یەکەم یان تاکە سەرچاوەن بۆ بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە؟

نەخێر! کەسی ژیر و عاقڵ ڕێگری لە فێربوونی زمانەکان ناکات و دەرگای زانست و مەعریفە داناخات، دەبێت فێریان ببین، بەڵام بە ویستی خۆمان و بە وریاییەوە نەك بەو شێوەی کە ئیستیعمار لێمانی دەوێت، بەو شێوەیە فێریان ببین کە پێشینە چاکەکانمان فێری زمانی یۆنانی و فارسی و هیندی دەبوون -کە ئەوکات سەرچاوەی زانست و مەعریفە بوون-، لەو ڕێیەوە مەعریفەیان پەیدا دەکرد بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر عەقیدەیان دروستبکات، بەڵکو هەر بۆ خزمەتی ئەو عەقیدەیە بەکاریاندەهێنایەوە، لەو ڕۆژگارەدا زانست و مەعریفەیان بەدەستدەهێنا و هەر بە موسوڵمانیش مابوون و خۆیان نەدۆڕاندبوو.

## بەراوردییەک..

لێرەدا پێویستە بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەوەی کە هێزی خاچپەرستان و ئیستیعمار لە وڵاتی موسوڵمانان کردیان و، لە نێوان ئەوەی ئیسلام کردوویەتی لەو وڵاتانەی کە فەتحی کردووە، بۆ ئەوەی جیاوازی ئەو دووانەمان بۆ دەربکەوێت..

گومانی تێدا نییە کاتێك موسوڵمانان وڵاتێکیان فەتح کردووە، زمانی عەرەبییان تێدا بڵاوکردووەتەوە، ئامانجیشیان لە فەتحکردنی ئەو وڵاتانە بۆ ئەوە بووە تا ئیسلامیان تێدا بڵاوبکەنەوە، بەڵام ئەمیان لە کوێ و داگیرکارییەکانی خاچپەرستان لە کوێ؟

هەرگیز مێژوو تۆماری نەکردووە کە موسوڵمانان هەوڵیان دابێت بە ڕێگا و ئامرازی پێچاوپێچ و فێڵاوی عەقیدە و فیکری خەڵکی (بدزن) تاوەکو بیانکەن بە موسوڵمان، بەڵکو بە بانگەوازێکی ڕوون و ئاشکرا و بێ پەردە و بەبێ هیچ زۆرلێکردن و تەنگپێهەڵچنینێك ئیسلامیان نیشانی خەڵکی داوە.

نوسەری مەسیحی (ئەرنۆڵد) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (بانگەواز بۆ ئیسلام / The Preaching of Islam) لە لاپەڕە (٤٨)ی وەرگێڕانە عەرەبییەکەی لە لایەن حەسەن ئیبراهیم و هاوکارانییەوەیە، دەڵێت:

(لەو پەیوەندییە دۆستانەی کە لە نێوان مەسیحی و موسوڵماناندا هەبووە، دەتوانین بڕیار بدەین کە هەرگیز (هێز) هۆکار نەبووە بۆ موسوڵمان بوونی مەسیحییەکان، بەڵکو (موحەممەد) خۆی پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ هەندێك لە هۆزە مەسیحییەکاندا بەستووە و پاراستنیانی خستووەتە سەر شانی خۆی، هەروەها

سەربەستیی پێداون لە جێبەجێکردنی دروشمە ئایینییەکانیان، ڕێگەشی داوە پیاوانی کەنیسە بەوپەڕی سەربەستی و دڵئارامییەوە لەسەر کاری خۆیان بەردەوامبن).

لە لاپەڕەی (٥١)یش دەڵێت:

(نموونەش بۆ ئەو قسانەی باسمان کرد: ئەو لێبوردەییەی موسوڵمانانە بەرامبەر مەسیحییەکان لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، کە لە نەوەکانی دواتریشدا بەردەوام بوو، ئەگەر حەق بڵێین؛ دەڵێین: ئەو هۆزە مەسیحییانەی کە موسوڵمان بوونە؛ بە ویست و هەڵبژاردنی سەربەستانەی خۆیان بووە، ئەو مەسیحییە عەرەبانەشی کە تا ئێستا هەر بە مەسیحی ماون؛ لە نێو وڵاتی موسوڵماناندا باشترین شاهیدی ئەو لێبووردن و نەرمونیانییەی موسوڵمانەکانن).

پاشان؛ بڵاوکردنەی زمانی عەرەبی لە وڵاتە فەتحکراوەکاندا بۆ ئەوە بووە تا خەڵکی ڕاستەوخۆ خۆیان بتوانن لە عەقیدەی ئیسلامی تێبگەن و ئەگەر ویستیان پەیڕەوی لێبکەن و باوەڕی پێ بهێنن بەبێ ئەوەی هیچ زۆرێکیان لێ بکرێت[1]، بڵاوکردنەی

(١) زۆرێك لەو نوسەرە ڕۆژئاواییانەی کە دژی ئیسلام دەنووسن، تاوەکو لای زۆرێك لە موسوڵمانانیش ناڕوونە کە جیاوازی ناکەن لە نێوان فتوحاتی ئیسلامی بە چەك و بڵاوکردنەوەی عەقیدەی ئیسلامی بە زەبری شمشێر. بۆ ڕوونکردنەوە و جیاوازی ئەم دووانە دەڵێین: یەکەمیان (واتا فتوحاتی ئیسلامی بە چەك) ڕوویدا، بەڵام دووەمیان (واتە بڵاوکردنەوەی عەقیدەی ئیسلامی بە زەبری شمشێر) هەرگیز ڕووینەداوە، وەکو نوسەری مەسیحی (ئەرنۆڵد)یش دانی پێدانا، جیاوازی ئەو دوانەش ئەوەیە کە موسوڵمانان بە چەك فەتحی وڵاتانیان کردووە تا ئەو هێزە ماددیانە ڕابماڵێت کە ڕێگرن لەوەی خەڵکەکە ئیسلام بناسن و ئەگەر ویستیان پەیڕەوی لێ بکەن، ئیسلام دژی ئەو دەوڵەت و هێزە چەکدارە بووە کە ڕێگر بوون لەوەی بانگەوازی ئیسلام بە خەڵکەکە بگات، کاتێك ئیسلام بە چەك فەتحی ئەو دەوڵەتانەی کردووە، وازی لە خەڵکەکە هێناوە بە سەربەستی و بێ زۆرلێکردن موسوڵمان ببن ئەگەر ویستیان، ئەگەریش نەیانویست لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە -وەکو ئەوەی زۆرجار ڕوویداوە- و

زمانی عەرەبی لە وڵاتە فەتحکراوەکاندا هەرگیز نەچووەتەوە ڕادەی هەڵوەشـاندنی بەرامبەر، کە ئەوە ئامانجی ئیستیعمار بووە وەکو چاتلییە وتی، بەڵکو مەبەست پێـی -لە بڵاوکردنەوەی زمانی عەرەبی- ڕوونکردنەوەی ئایینێکی ڕاست و ڕەوان بووە.

ئەمەیە جیاوازی نێـوان بڵاوکـردنەوەی زمـانی عەرەبـی لە وڵاتە فەتحکراوەکـان و بڵاوکردنەوەی زمانە ئەورووپییەکان لە وڵاتی موسوڵمانان.

چاتلییە لە پێشەکییەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

(هەرچەندە بۆچوونەکان جیاوازبن دەربارەی چالاکی موژدەدەرەکان کە داڕمـان و ڕووخاندن بووە، بەڵام ڕیشەکێشکردنی عەقیدەی ئیسلامی ڕوویدا بە هۆی:

یەکەم: ئەو هەوڵانەی درا لە پێناو بڵاوکردنەوەی پەروەردەی مەسیحییەت.

دووەم: (دابەشکردنی سیاسی) کە دووچاری وڵاتی موسوڵمانان بوویەوە و ڕێگـای کردەوە بۆ مەدەنییەتی ئەورووپی، چونکە گومـانی تیـا نیـیە بەو هـۆیەوە ئیسـلام لە ڕووی سیاسـیەوە تەفروتوونـا دەبێـت و بە مـاوەیەکی کـورت گەمـارۆ دەدرێـت بە سیستەمی حوکمی مەدەنییەتی ئەورووپی).

ئەم قسانەی چاتلییە داگرندەی دوو حەقیقەتن:

یەکەم: پێشـتریش ئامـاژەی پێـدرا، بەڵام لێـرەدا بە وێنـاکردنێکی ڕوونتـر بـاس دەکرێـت، ئەویـش ئەوەیە کە ئەو هەوڵانە هەمـووی لە پێنـاو بڵاوکـردنەوەی

---

موسوڵمانەکان دەیانپارێزن، بە کورتی ئیسلام واتە؛ دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەر لەسەر زەمین؛ تا هەموو خەڵکی لە ژێر سایەیدا بحەوێنەوە، جیاوازیش ناکات موسوڵمان بین یان لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە.

پەروەردەی مەسیحییەت بووە نەك لەپێناو بڵاوکردنەوەی شارستانییەت، وەکو ئەوەی هەندێك لە موسوڵمانە بێئاگاکان و بەکرێگیراوەکانی ئیستیعمار وا لێکیدەدەنەوە، ڕوون و ئاشکرایە هەوڵەکانیان بۆ بڵاوکردنەوەی پەروەردەی مەسیحییەتە تا لەو ڕێیەوە عەقیدەی ئیسلامی لە دڵ و دەروونی موسوڵماناندا دابماڵن.

دووەم: ئەو دابەشکارییە سیاسییەی وڵاتی موسوڵمانانی گرتەوە، ڕێگە خۆشکەربوو بۆ کارە مەدەنییەکانی ئەورووپی (مەسیحییەت).

ئەو دابەشکارییە سیاسییەی نووسەر ئاماژەی پێدەدات بریتییە لە لەتکردنی جیهانی ئیسلامی بۆ چەند دەوڵەت و هەرێمێکی نیمچەسەربەخۆ، کە حاکمێکی نیمچەسەربەخۆ حوکمیان دەکات، هەموو ئەمانەش ئیستیعمار بڕیاریان لێدەدات و وەکو داشی دامە هەڵیاندەسووڕێنێت.

ئەو لەتکردنە بێگومان کارێکی بەرنامە بۆداڕێژراو بووە، بۆ ئەوەی داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی خێراتر و ئاسانتر بێت بۆیان، چونکە ئەگەر جیهانی ئیسلامی بە یەکپارچەیی مابایەوە -هەرچەندە لاوازیش بووبا- داگیرکردنی قورس و دژوار دەبوو، بەڵام ئەو لەتکردنە لاوازتری دەکات و ئامانجەکەیان زووتر دێنێتە دی، ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە پێشتریش چەندجار وتوومانە کە مەدەنییەتی ئەورووپی -کە بەناو ڕۆشنبیرەکان حەز دەکەن بە (پێشکەوتن) ناوی ببەن- بە تەنها نەیدەتوانی بەم شێوەیەی کە بوو جیهانی ئیسلامی دابڕوخێنێت ئەگەر ئیستیعمار پاڵپشتی نەکردبا لە ڕیشەکێشکردنی عەقیدەی ئیسلامی لە دڵ و دەروونی

موسوڵمانانندا، که هەموو هۆکارێکیان گرتەبەر بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان.

لە ڕاستیدا تەنها ئەو پێشەکییەی چاتلییە بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هەوڵانەی دراوە لە سەدەی ڕابردوودا دژی ئیسلام، ئەو هەوڵانە تا ئێستاش بەردەوامن، بەڵام بە ئاشکرا ئامانجی خۆیان ناڵێن و دەیشارنەوە، بەڵکو هەندێکجار نکۆڵیشی لێدەکەن، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: ئەو هەوڵ و فرتوفێڵانەیان لە واقیعدا کاری خۆیان کردووە و بەردەوامیشن لە ڕاڕەوی خۆیان، بۆیە پێویست دەکات بیشارنەوە تا بە هێواشی ئامانجەکانیان بێنێتەدی و خەڵکیش لێیان بێدار نەبنەوە.

دووەم: هێزی ئیستیعمار پێی خۆی قایم کردبوو لەناو ئەو موسوڵمانە دەروونبەزیوانەی کە ئیستیعماریان قبووڵکردبوو، ئیستیعمار ناچارنەبوو خۆی بێتە ناو ساحەکەوە، بەڵکو لە ڕێی ئەو موسوڵمانە دەروونبەزیوانە کە پێکهاتبوون لە: نوسەر و بیرمەند و ئاراستەوان و ڕۆشنبیر و ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان و ... هەموو ئەوانەی کاریگەریان لە نێو کۆمەڵگەدا هەبوو، کاری خۆی دەکرد و پاکانەی خۆی ڕادەگەیاند.

ئەو کتێبەی چاتلییە پێشەکی بۆ نووسیوە (کتێبی: داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی) بۆ چەند بەشێك دابەش دەبێت، لەوانە:

(مێژووی موژدەدەرەکان)، (کۆنگرەی موژدەدەرەکان لە قاهیرە، ساڵی ١٩٠٦)، (کۆنگرەی موژدەدەرەکان لە ئێدنبرج، ساڵی ١٩١٠)، (کۆنگرەی ئیستیعماری ئەڵمانی)، (کۆنگرەی موژدەدەرەکان لە لکنۆ، ساڵی ١٩١١)، (سازدانی ماددی بۆ

ناردنی موژدەدەرەکان)، (ئامانجی موژدەدەرەکان لە داهاتوودا).

لە هەموو ئەم بەشانەدا وردەکاری زۆری تێدایە، ئێمە ئیکتیفا دەکەین بە گواستنەی هەندێك بڕگە کە لەو بەشانەدا هاتووە:

## پیلانەکان دژی زانکۆی ئەزهەر:

لە لاپەڕە (٣٣)ی کتێبەکە بەشی (کۆنگرەی موژدەدەرەکان لە قاهیرە، ساڵی ١٩٠٦) هاتووە:

(لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هیچ قسەیەکی وا نەکرا دەربارەی ئەوانەی لە ئەزهەر و زانکۆ و حوجرەکانی تر فێری زانست و زانیاری بوونە، جگە لە چەند تێبینی و پێشنیارێك نەبێت، لەوانە: یەکێك لە ئەندامانی کۆنگرە کەوتە سەر باسی زانکۆی ئەزهەر، کە هەر لە کۆنەوە لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بە بەردەوامی بە هەزاران گەنجی موسوڵمان ڕوویتێدەکات، پرسیاری ئاراستەی ئامادەبووان کرد و وتی: نهێنی ئەوە چییە کە نزیکەی هەزار ساڵە زانکۆی ئەزهەر ئەو فەزیلەتەی هەیە؟

پاشان وتی: موسوڵمانە سوننییەکان ئەوە لە هزریاندا چەسپیوە کە فێربوونی زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئەزهەر لە هەموو شوێنەکانی تر باشتر و دامەزراوترە، دەرچووانی زانکۆی ئەزهەر شارەزاترن لە زانستە شەرعییەکان بەراورد بە دەرچووانی شوێنەکانی تر، دەرگای ئەزهەر کراوەیە بۆ هەر مامۆستایەك کە وانەی تێدا بڵێتەوە و ئەوقافی ئەزهەر یارمەتی زۆریان دەدات، کە لە توانایدا هەیە

مەسڕەفی (٢٥٠) مامۆستا لە خۆی بگرێت.

ئەزهەر خەتەرێکی گەورەیە بۆ سەر کەنیسە، پاشان پێشنیاری کرد بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی مەسیحی کە کەنیسە مەسروفەکەی بگرێتە خۆی و ببێتە خاڵی هاوبەش لە نێو هەموو کەنیسەکانی دونیادا بە جیاوازی مەزهەبەکانیانەوە، تا ئەو زانکۆ مەسیحییە بتوانێت بە ئاسانی پێشبڕکێ لەگەڵ ئەزهەردا بکات و گرنگی زۆر بە فێرکردنێکی باشی زمانی عەرەبی بدات).

(کۆتایی قسەکانی بەوە هێنا، وتی: دیارە خوا وایخواستووە کە میسر ببێتە شوێنی کاری ئێمە، تا بە زوویی ئەو زانکۆیە دابمەزرێنین بۆ بە مەسیحێتیکردنی وڵاتی موسوڵمانان).

کەوایە ئەزهەر هەڕەشەیە بۆ سەر کەنیسە! بۆیە پێویستە لە ڕێگاکە لابدرێت، بەڵام چۆن لابدرێت لە کاتێکدا هەزار ساڵە پێی خۆی چەقاندووە؟

ڕێگای لەناوبردنی بریتییە لەوەی؛ کە ئەزهەر تاکە شوێن نەبێت بۆ فێربوون، وەکو ئەوەی لە ڕابردوودا وابووە، هەرکاتێك زانکۆیەکی هاوشێوەی پەیدابوو، ئەوە بایەخی ئەزهەر ناهێڵێت و خەڵکی ڕوو لە شتی نوێ دەکەن.

## ناردنی پزیشکی موژدەدەر بۆ وڵاتی موسوڵمانان:

لە لاپەڕەی (٣٦)ی هەمان بەشدا هاتووە:

(پاشان باسوخواسی کۆنگرە چووە سەر ناردنی پزیشکی موژدەدەر، (مستەر

هاربر) ڕوونیکـردنەوە کە پێویسـتە پزیشـکی زۆر بنێـرین بـۆ وڵاتـی موسـوڵمانان، چــونکە پزیشــکەکان بە بەردەوامــی تێکەڵــی زۆریــنەی خەڵکــی دەکەن، لە موژدەدەرەکانی تر زیاتر کاریگەریان لەسەر موسوڵمانان دەبێت).

لە لاپەڕەی (٣٧) دەڵێت:

(پێویستە لەسەر ئەو پزیشکانە بۆ ساتێکیش بیریان نەچێت کە ئەوان پێش هەمـوو شتێك موژدەدەرن، پاشان پزیشك!).

زیاتر لەوە پێویست ناکات ئامرازەکـانی موژدەدەرەکـان بـاس بکەیـن کاتێـك وای لێهات کە (خزمەتگـوزارییە مرۆییەکان)ــیش بـووبنە ئامرازێـك بـۆ داڕووخانـدنی ئایینی ئیسلام.

لە لاپەڕە (٤٨)دا دەڵێت:

(یەکەم ئەنجامی هەوڵی ئەو موژدەدەرانە بریتییە لە بە مەسیحی کردنی چەند کـوڕ و کچێکـی کەم، پاشـان هەمـوو چینەکـانی تـر بەشـێك لە ئەفکـاری مەسـیحێتی وەربگرن).

پێشتریش لە لاپەڕە (٤٧) هاتووە:

(پێویسـت ناکـات موژدەدەرەکـان بێئومێـد بـن کاتێـك دەبیـنن ئەنجـامی هەوڵ و چالاکییەکانیــان لە نێــو موســوڵماناندا لاوازە، چــونکە بێگومــان -لایەنــی کەم- موسـوڵمان مەیلیـان بـۆ زانسـتە ئەورووپییەکـان و ئـازادکردنی ئـافرەت لە دڵ و دەروونیاندا چەکەرەی کردووە).

پشتیوان بە خوا لە لاپەڕەکانی دواتردا بە درێژی باسی بابەتی ئازادکردنی ئافرەت دەکەین، بەڵکو ئێستا ڕووی باسەکانمان لەوە دەبێت کە موژدەدەرەکان لە ساڵی (١٩٠٦)ی زایینی ئامانجیان بە مەسیحێتی کردنی موسوڵمانان نەبوو بەو واتایەی کە باوەڕی تەواو بهێنن بە ئایینی مەسیحییەت و پێوەی پابەند ببن، بەڵکو هەر بەوەندە ئیکتیفایان دەکرد کە (هەموو چینەکان بەشێك لە ئەفکاری مەسیحێتی وەربگرن) یان (مەیلێکی زۆریان بچێت بەلای زانستە ئەورووپییەکاندا).

لە لاپەڕە (٥٢)دا دەڵێت:

(کۆنگرەی موژدەدەرەکان کە لە قاهیرە بەسترا، هیچ نەدوا دەربارەی بزووتنەوە چاکسازییەکەی (سەید ئەحمەد خان) لە هیندستان و خوێندنگە ئیسلامییەکەی لە (علیکرە) و کۆنگرەی پەروەردەی ئیسلامی، قەشە (ویتبرتشت) وتەیەکی پێشکەشکرد لە ژێر ناونیشانی (ئیسلامی مۆدێرنە) و باسی لەوە کرد کە تەعالیمەکانی ئەورووپا موسوڵمانان لە مەسیحێتی نزیك دەکاتەوە).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیستیعمار چەندە گرنگی بەو کەسایەتی و بۆچوونە لادەرانە دەدات کە لە نێو موسوڵماناندا پەیدا دەبن -یان پەیدایان دەکات- و گەورەیان دەکات و فوویان تێدەکات، وەکو لە لاپەڕە (٤٦)دا دەڵێت: (بۆ پێکانی ئامانجەکەمان پێویستمان بە کەسێکە لە خۆیان و لە نێو خۆیاندا بێت، چونکە "دار هۆرەی لە خۆی نەبێت ناقڵەشێ").

لە لاپەڕەی (٦٠)یشدا دەڵێت:

(یەکێك لە موژدەدەرەکان وتی: خوێندنگەکان باشترین هۆکارن بۆ بڵاوکردنەوەی

ئامانجی موژدەدەرەکان).

لاپەڕە (٨٢):

(لەسەر حوکومەت -حوکومەتی ئەڵمانی- پێویستە کە موسوڵمانان لە خوێندنگە عالەمانییەکانەوە پەروەردە بکەن، مادام موسوڵمانان لە خوێندنگە مەسیحییەکان ڕادەکەن).

لاپەڕە (٧٢):

(بۆچوونی نوێنەری دەوڵەتە زلهێزەکان کۆڕا بوو لەسەر ئەوەی کە خوێندنگە ئامادەییەکان کە ئەورووپییەکان بونیادیاننــاون، کاریگەری گەورەیان هەیە لە (چارەسەرکردنی دۆزی ڕۆژهەڵات) زیاتر لە کاریگەری هەموو ئەو کاروچالاکییانەی دەوڵەتانی ئەورووپا بە هاوبەشی کردوویانە).

هەموو ئەو بڕگانە -بە تایبەت کۆتاییان- پێویست ناکات قسەی زۆری لەسەر بکرێت تا مەترسییەکەی ڕوون بکرێتەوە، خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو خوێندنگە عالەمانییانە کاریگەرییان زیاتر بووە لە کار و چالاکی هاوبەشانەی هەموو دەوڵەتە ئەورووپییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر جیهانی ئیسلامی و لەتکردنی بۆ چەند دەوڵەت و هەرێمێکی ملکەچ بۆ ڕۆژئاوا.

مەبەستیان بە (دۆزی ڕۆژهەڵات) خەلافەتی عوسمانییە.

مەبەستیشیان بە (چارەسەرکردنی) دەستگرتنە بەسەریدا.

چونکە پێیان وابوو کە خەلافەتی عوسمانی ڕەمزی یەکگرتووی جیهانی ئیسلامییە و

پێویسته ئەو ڕەمزە نەهێڵرێت، هێزێك بوو سەرەڕای هەموو ئەو لاوازیانەی تووشی ببوو -کە بە "پیاوە نەخۆشەکە" ناویان دەبرد- بەڵام هێشتا ئەورووپا لێی دەترسا، تاوەکو لە جەنگی جیهانی یەکەم بە هاوکاری (موستەفا کەمال ئەتاتورك) کۆتاییان پێهێنا، هەر بۆیەش ڕۆژئاوا بە پاڵەوان ناویان دەبرد، ئەتاتورك بەو کارەی کردنی ڕەمزی یەکگرتوویی جیهانی ئیسلامی لەناو برد، دەوڵەتێکی لاواز و ڕیوەڵەی لە تورکیا لەسەر بناغەی بێئایینی دامەزراند، کە دڵ و چاوی ڕۆژئاوای گەشاندەوە(١).

ئەمەیە کاریگەری خوێندنگە عالەمانییەکان، کە کاریگەرییان زیاتر بووە لە سیاسەت و تەنانەت جەنگەکانیش، کەچی تازە بە تازە ئێمە دەرگا بۆ ئەمجۆرە خوێندنگەیانە دەکەینەوە و بە شانازییەوە ڕۆڵەکانمان تیایاندا پەروەردە دەکەین.

لە لاپەڕەی (٦٤) بەشی (کۆنگرەی ئێدنبرج ساڵی ١٩١٠) دەڵێت:

(وەنەبێ بڕیارەکانی کۆنگرەی ئێدنبرج تەنها مورەکەبی سەر کاغەز بووبن، نا.. بە

---

(١) پێشتر باسمان لەوە کرد کە موسوڵمانان بە چ ڕێگایەك دەیانتوانی ئەو ناڕێکیانەی لە خەلافەتی عوسمانیدا هەبوون لایانبەرن بێ ئەوەی عەقیدەکە دەستکاری بکەن، پێویستە بزانین کە ئەتاتورك دڵسۆز نەبوو بۆ چاککردنی حاڵ و گوزەرانی جیهانی ئیسلامی، بەڵکو دڵسۆز بوو بۆ گەورە و ئاراستەکارانی لە خاچپەرستان و زایۆنییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، گەرنا؛ خۆ ئەتاتورك هەلی باشی بۆ ڕەخسا تاوەکو چاکسازی بکات، کە هەلی ئاوا بۆ کەسی تر نەڕەخسابوو، هێزێکی زۆر و مەرکەزیانەی هەبوو کە بە ئاسانی دەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات، بەڵام ئەو هێزەی لە داڕوخاندنی ئیسلام بەکارهێنا نەك بۆ بونیادنانەوەی پایەکانی، لە پشتی ئەتاتورکیشەوە ڕق و کینەی خاچپەرستان هەبوو کە نزیکەی پێنجسەد ساڵ بوو بە ئاواتی ئەوەوە بوون، لەلایەکی تریشەوە ڕق و کینەی زایۆنییەکان هەبوو، دوای ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمید ڕەتی کردەوە نیشتیمانێك بۆ جولەکەکان لە فەڵەستین دروست بکات، لێرەوە خاچپەرستان و زایۆنییەکان دەستیان تێکەڵکرد تاوەکو ئەو تاشەبەردەی کە ڕێگرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە بناغەوە تێکی بشکێنن، لەولاوەش ناوی(پاڵەوان)یان دەدایە پاڵی ئەتاتورك تاوەکو زیاتر هانی بدەن بۆ ڕوخاندنی ئیسلام و خەڵکی تریش چاو لەو بکەن، بەم شێوەیە خاچپەرستان و زایۆنییەکان توانیان ڕەمزی یەکگرتووی جیهانی ئیسلامی لەناو ببەن.

بەڵگەی ئەوەی لە دوای کـۆنگرەی ئێـدنبرج، کـۆنگرەیەکی ئیسـتیعماری ئەڵمـانی بەسترا کە گرنگی بە ناردنی موژدەدەرە ئەڵمانییەکـان دەدا، تـا خەڵکـی وا گومـانی دەبرد کە ئەم کۆنگرە ئیستیعمارییە سیاسییە دەبێت بە کۆنگرەیەکی موژدەدەریـانەی ئایینی).

لە لاپەڕەی (٨٠)ش دەڵێت:

گوڤـارێکی سویسـڕایی ڕاپـۆرتێکی بڵاوکـردەوە دەربـارەی نـاردنی مـوژدەدەرە ئەڵمانییەکـان کە لە کـۆنگرەی ئیسـتیعماری ئەڵمـانی بڕیـاری لێـدرابوو، گرنگـی ڕاپۆرتەکە لەوەدایە کە (ئاکسنفێڵد) – کە خۆی سکرتێری کۆمەڵەی موژدەدەرەکـان بوو لە بەرلین-، تیایدا دەڵێت: کـۆنگرەی ئیسـتیعماریی ئەڵمـانی دوو تایبەتمەنـدی هەبوو کە لە کۆنگرەکانی تر جیایدەکردەوە:

یەکەم: دەربارەی پیشەسازی و ئابووری دەدوا.

دووەم: ئەندامان کۆڕا بوون لە پێویستی تێکەڵکردن و بەستنەوەی مەبەستە سیاسـی و ئابوورییەکـان بە کـارە ئەخلاقـی و ئایینییەکـانەوە لە سیاسـەتی ئیسـتیعماری ئەڵمانیدا.

بۆ ئەمەش بەڵگەی بە قسەی (شـنکال) سـەرۆکی ژووری بازرگـانی لە هـامبۆرگ هێنایەوە، کە دەڵێت: زیادبوون و گەشەسەندنی سامانی ئیستیعمار ڕاگیراوە لەسـەر کاری موژدەدەرەکان و چوونیان بـۆ وڵاتـانی ئیسـلامی، گرنگتـرین ئـامرازیش بـۆ گەیشـتن بەم خواسـتە ئەوەیە پیـاوانی ئـایینی مەسـیحییەت بخەیـنە نـاو وڵاتە ئیسلامییەکان، ئەوە مەرجێکی جەوهەرییە بـۆ گەیشـتن بە خواسـتەکانمان هەتـا لە

ڕووی ئابووریشەوە..پاشان جیاڕایی موژدەدەرەکان و ئەندامانی کۆنگرە باس دەکات لە تێڕوانینیان بەرامبەر ئیسلام، (ئاکسنفێڵد) هەستا و لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر خەتەریەتی ئیسلام لەسەر ئیستیعماری ئەڵمانیا لە ئەفریقیا، پێشنیاری دا بە کۆنگرە کە زۆر گرنگی بەمە بدەن لە ڕووی فیکری و دەسەڵاتی سیاسیشەوە).

هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن؛ کە چ پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ئیستیعمار و موژدەدەرەکان هەیە، تاکە پاڵنەرێکیش بۆ نەهێشتنی عەقیدەی ئیسلامی و داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی لە نەزەری ئیستیعمارەوە لایەنی ئابوورییە، کەچی هێشتا موسوڵمانە بێئاگاکان پێی نازانن و بە هەوانتە وەریانگرتووە.

لە لاپەڕەی (٩٤) بەشی (کۆنگرەی لکنۆ ساڵی ١٩١١) دەڵێت:

(ئێستا تەنها (٣٧١٢٨٨٠٠) موسوڵمان لە ژێر دەسەڵاتی حوکومەتە موسوڵمانەکاندا ماون، دەسەڵاتی سیاسی لەسەر زۆرینەی موسوڵمانان لە دەستی خیلافەتی ئیسلامییەوە دەرهاتووە و ئێستا لە ژێر دەستی ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ڕوسیا و هۆڵەندا دایە، ژمارەی ئەو موسوڵمانانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی هەریەکێک لەم دەوڵەتانەدان زیاترن لە ژمارەی ئەو موسوڵمانانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندان بە هەموو شوێنەکانییەوە و بەردەوامیش لە زیادبووندان، بۆیە بەرپرسێتی مەسیحییەکان زیاتر دەبێت لە بە مەسیحێتی کردنی جیهانی ئیسلامی).

# باسی ئافرەت

پێشتر بڕگەیەکمان لە لاپەڕە (٤٦)ـی کتێبەکە وەرگرت کە وتی:

(پێویست ناکات موژدەدەرەکان بێئومێد بن کاتێك دەبینن ئەنجامی هەوڵ و چالاکییەکانیان لە نێو موسوڵماناندا لاوازە، چونکە بێگومان -لایەنی کەم- موسوڵمان مەیلیان بۆ زانستە ئەورووپییەکان و ئازادکردنی ئافرەت لە دڵ و دەروونیاندا چەکەرەی کردووە).

لە لاپەڕە (٨٨) و (٨٩)شدا دوو بڕگەی تر هاتووە لەو بڕیارانەی کە درا لە کۆنگرەی (لکنۆ) و (قاهیرە):

(هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن کە ئاماژەن بۆ هەستانەوە و بوژاندنەوەی جیهانی ئیسلامی، کەنیسە گەرمتر دەکات و وا دەکات بە ژیری و کۆششی زیاتر بەردەوام بێت، بایەخی زیاتر بدات بە موژدەدەرەکان، لەبەر ئەوە بەرنامەی کاری (کۆنگرەی لکنۆ) ئەم خاڵانە لە خۆدەگرێت:

یەکەم: ئاشنابوون بە بارودۆخی ئێستا.

دووەم: هیممەتی زیاتر بۆ فێرکردنی موژدەدەرەکان و ئافرەتان.

سێیەم: ئامادەکردنی هەموو هێزێکی پێویست.

(گۆڤاری تایبەتیی سەرۆك بڵاویکردەوە کە کۆنگرە چ پلانێکی داناوە، پلانەکان دوای وتاری دەستپێکردن خرانە ڕوو.. ماددەکان ئەمانە بوون:

ماددەی یەکەم: ..........

لە ماددەی (حەوتەم)دا دەڵێت: بەرەوپێشبردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە نێوان ئافرەتانی موسوڵمان.

هەشتەم: کاروباری ئافرەتان).

حەق وایە بپرسین ئەم هەموو گرنگیپێدانە چییە لە (سەربەستکردن) و (فێرکردن) و (بەرەوپێشبردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی)ی ئافرەتانی موسوڵمان؟

لە لایەن کێوە؟ لە لایەن موژدەدەرە مەسیحییەکانەوە!

چ کاتێك؟ ئەو کاتەی (مەترسی) هەیە لەوەی جیهانی ئیسلامی هەستانەوە و بوژانەوە بە خۆیەوە ببینێت.

بۆچی ئەوەندە گرنگی بەوانە دەدرێت؟ ئازادکردن و فێرکردن و بەرەوپێشبردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ئافرەتانی موسوڵمان چ پەیوەندییەکی هەیە بە داڕووخاندن و لە پەلوپۆکردنی جیهانی ئیسلامی پێش ئەوەی جارێکتر هەڵسێتەوە؟

هەموو ئەوانە واناکەن بە چاوێکی تر و دووربینتر سەیری واقیعەکە بکەین؟ ئایا شتێکی شاراوە لە گۆڕێدا نییە؟

بەڵێ.. جوڵانەوەی (سەربەستکردنی ئافرەتی موسوڵمان) لە پیسترین جوڵانەوەکانی ئیستیعمار بوو، بۆ هەڵوەشاندنی کیانی ئیسلامی، تاکە دەستەبەر بوو بۆ تێکدانی رەوشت و فیکر و ئایینی ئافرەتی موسوڵمان، کە هیچ ئامرازێکی تر بەم شێوەیە کاریگەریی نەبوو.

کاتێك ئـافرەت بە ڕووتـی بە ڕێگـادا دەڕوات، فیتـنەکەی بـۆ هەمـوو کەسـێکە، ئارەزوویەکی ئاژەڵیانە لای پیاو دەوروژێنێت، ئەوکاتە ئایین وعەقیدە لاواز دەبێت، دەسـتگرتن بە داب و ئـادابی کـۆمەڵگە نامێنێـت، ئەوکـاتە ئیسـتیعمار فرسـەتێکی لەباری بۆ لواوە بۆ ئەوەی کۆتا لێدان بدات لە قەڵای ئیسلام.. لێدانێك لە پەلوپۆی بخات.

لێرەدا پرسیارێك دەکرێت: ئایا ئەوکات ئافرەتی موسوڵمان لە جۆرێك لە نەزانـین و دواکەوتـوویی و لاوازی بەندایەتیـدا نەدەژیـا کە پێویسـتیی بە (رزگـارکردن) و (فێرکردن) و (بەرزکردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی) هەبوو؟

بەڵـێ بێگومـان.. بەڵام خـۆ ئیسـتیعمار کاتێـك هەڵسـا بەم کـارەی، کـارەکەی لە بەرژەوەندی ئافرەتانی موسـوڵمان و کـۆمەڵگەی موسـوڵماناندا نەبـوو، پێشـتریش دانپێدانانی موژدەدەرەکانمـان باسـکرد کە ئەوان کـاردەکەن بـۆ هەڵوەشـاندنی ئەم کۆمەڵگەیە و تێکدانی ئەخلاقی تاکەکانی و تواندنەوە و لاوازکردنی هەر هێزێك کە تێیدا بێت.

کاتێک ئافرەت (سەربەست کرا) لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی نەبوو، وەکو کە گومان دەبرێت وابووبێت، بەڵکو (سەربەست کرا) تا یەکەمجار ئافرەتەکە خۆی و پاشانیش کۆمەڵگەکە بە هۆیەوە تووشی فەسادی ببێت.

کاتێکیش (فێر کرا) فەسـادی فێـر کـرا، فەسـادییەك کە لەسـەر چەنـد بنەمـایەك دانرابوو.. پەروەردە و سایکۆلۆجی و فیکری، هەموو ئەوانەش فەساد دوای فەساد بوو.

کاتێکیش (لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی بەرز کرایەوە) لە حەقیقەتدا لێژبوونەوە بوو بۆ کەندەڵانی فیتنە و فریودان و هەڵخەڵەتاندنی پیاو، بەردەوام لەم کەندەڵانەدا بمێنێت و ڕزگاری نەبێت، هەر ئەوەش ڕوویدا.

سەربەستکردن و فێرکردن و بەرزکردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ئافرەت، هەموو ئەمانە ئامانجی ئیسلامیشن، بەڵام لەسەر بنەمای داڕمانی ئەخلاق و ئایین نا، وەکو کە ئیستیعمار دەیەوێت، بەڵکو لەسەر بنەمایەکی بەرز و بڵند کە شایستەی بەرز و بڵندی و ڕێزی مرۆڤ بێت، لەگەڵ پاراستنی کۆمەڵگە و پاراستنی بنەما ئەخلاقییەکان(١).

لە کتێبی ترمدا باسی ئەو بابەتانەم کردووە کە پەیوەستن بە ئافرەت، لێرەدا نەمویستووە دووبارەیان بکەمەوە، بەڵکو تەنها ئاماژەم بەوە داوە کە باسوخواسی ئافرەت و سەربەستبوونی گەورەترین فیتنەی کۆمەڵایەتی بوو کە ئیستیعمار ئەنجامیدا بۆ هەڵوەشاندنی کۆمەڵگەی ئیسلامی.

---

(١) بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی بڕوانە کتێبی (معركة التقاليد) بە تایبەتی بەشی (حين نكون مسلمين).

# کار و چالاکیی ڕۆژهەڵاتناسەکان

لە پەنای هەموو ئەوانەوە، ڕۆژهەڵاتناسەکان هەوڵ و کۆششێکی زۆریان دەدا، زۆر بە دڵسۆزانە گەورەترین فیتنەی فیکرییان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا پەیداکرد.. لە نێو (ڕۆشـنبیران). بێشـکەی ئەم فیتـنەیەش خوێـندنگە سـەرەتایی و دواناوەنـدییەکان بوون، پاشانیش خوێندنی باڵا (زانکۆ و پەیمانگەکان).

ئەگەر ڕووی کار و چالاکی موژدەدەرەکان ڕووی لە خەڵکی عەوام بووبێت، وەکـو لە کتێبەکانیـان ئامـاژەی پێـدەدەن و بە کـردەییش لە واقیعـدا چەسـپاندوویانە کە خەڵکی عەوامیان هەڵخەڵەتاندووە، ئەوە کار و چالاکی ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕووی لە (ڕۆشنبیران) بوو، چونکە ئەمان باشتر لەو بابەتـانە تێـدەگەن کە دەیـوروژێنن دژی ئیسـلام لە بـواری فیکـر و فەلسـەفە و تەشـریع و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری، ڕۆشنبیرانیش بەم گومانانە زوو کـاریگەر دەبـوون، چـونکە پێشـتر لە خوێـندنگە و زانکۆکان بە مەبدەئەکانی ئەم ژەهـرە بەنـج کرابـوون، زوو وەڵامیـان دەدایەوە و بە پیـریەوە دەچـوون، پاشـانیش ئەم بەنـاو ڕۆشـنبیرانە دەبـنەوە بریکـاری ڕۆژهەڵاتناسـەکان و ئەم ژەهـرانە لە نێـو نەوەکـانی داهـاتوودا دەڕێـژن لە ڕێگـای پەرتووك و ڕۆژنامە و خوێندنگە و زانکۆکانەوە، لە ماڵ و نادییەکانەوە، تا وایلێدێت نەوەیەکی بەناو ڕۆشـنبیر پەیـدا دەبێـت کە جـگە لە کۆمەڵێـك گومـان؛ هیچـی تـر سەبارەت بە ئیسلام نازانێت.

له پەرتووكی (شبهات حول الإسلام)[1] موناقەشەی زۆرێك لەو گومانـانەم كـردووە كە ڕۆژهەڵاتناسـەكان ڕووبەڕووی ئیسـلامی دەكەنەوە، كە دواتـر شـیوعییەكان بەو كارە هەستان و لایەنی ئابووریشیان تێكەڵی كـرد، كە ڕۆژهەڵاتناسـەكان گرنگییـان بەم لایەنە نەدەدا.

لەم كتێبەدا موناقەشەی ئەو گومانانەم نەكردووە كە دەربارەی عەقیـدە و وەحـی و ڕاستێتی پێغەمبەرایەتی دەوروژێنرێن، چونكە من -بەتـایبەتیش لەم كتێبـەدا- زیـاتر مەشغوڵی لێكۆڵینەوە بوومە دەربارەی نیشاندانی ئیسلام وەكو واقیعیەتێكی زینـدوو كە لە نێوكۆمەڵگەدا دەژی و پەیوەندی تاكەكان بەیەكەوە ڕێكدەخات، چونكە مـن هەمیشە پێم وابووە كە ڕۆژهەڵاتناسەكان زۆر لەوە نەزانتر و لاوازترن كە بتـوانن لە لایەنی عەقیدە و وەحی و پێغەمبەرایەتییەوە موناقەشەمان بكەن، بۆ ئەمەش نموونە بە (مرجليوث) دێنمەوە، كە بە ڕابەری ڕۆژهەڵاتناسـەكان دادەنرێـت و لەم وڵاتەی خۆشمان فێرخوازی زۆری هەیە كە ئەفكارەكانی بـڵاودەكەنەوە، لە ڕاپۆرتێكیـدا لە ئینسـكلۆپیدیای مێـژووی جیهانـدا (Universal History of the World) دەڵێت:

(موحەممەد پیاوێك بووە نەسەبی نەزانراوە، چونكە موحەممەد (كوڕی عەبـدوڵڵا) لەنێو عەرەبدا وا باوبووە كە هەركەسێك نەسەبیان نەزانیبێت پێیـان وتـووە (كـوڕی عەبدوڵڵا)!

مـوحەممەدی كـوڕی عەبـدوڵڵا كـوڕی عەبـدولموتەڵیب كـوڕی هاشـم... كـوڕی

(١) ئەم كتێبەی نووسەریش كراوەتە كوردی بەناوی: (گومان گەلێك دەربارەی ئیسلام). (وەرگێڕ).

قوصـەی.. لەنێـو ژینگەیەکـدا بـووە کە شـارەزای هـیچ نەبـوونە وەك ئەوەی کە شارەزای نەسەب بـوونە، شـانازییان بە هـیچ نەکـردووە وەك ئەوەی شـانازییان بە نەسەبەوە کردووە، لەنێو ئەم ژینگەیەدا موحەممـەدێکی نەسـەب نەزانـراو دێـت و دژایەتی خوا و دابونەریت و هەموو عادەتێکی جاهیلی ئەم خەڵکە دەکات؟

ئەمە چ نەزانی و کاڵفامییەکە؟!

بەهەرحـاڵ لێـرەدا وەڵامـی گومـانی ڕۆژهەڵاتناسـەکان نـادەمەوە، بەڵکـو تەنهـا مێژووەکە تۆمار دەکەم.. لێرەدا چەند دێڕێك لە کتێبی (الإسلام على مفترق الطـرق) دەگـوازمەوە، کە لیوبوڵـد فـایس (محمـد أسـد) نووسـیویەتی و عـومەر فـرووخ وەریگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی:

لە لاپەڕە ٥٨-٥٩ دەڵێت:

(زەمەنێك هـاتە پێشـەوە کە زانـا ڕۆژئاواییەکـان، سـەقافەتی وڵاتـانی بێگانەیـان دیراسە دەکرد و بەدوایدا دەچوون، دیراسەیەکی بە سۆز و بەزەییـانە، بەڵام کاتێـك دیراسـەکەیان پەیوەسـت بـایە بە جیهـانی ئیسـلامییەوە، ئەوە بێڕێـزی و بە سـووك تەماشـاکردنێك لە لێکـۆڵینەوە و دیراسـەکەیان بەدی دەکـرا، ئەمەش بەهـۆی ئەو کەندەڵانە بوو کە مێژوو (جەنگە خاچپەرستییەکان) دروستـیان کردبـوو لە نێـوان ئەورووپـا و جیهـانی ئیسـلامیدا و هـیچ پردێـك نەبـوو بەیەکەوە بیانبەسـتێتەوە و ئاشتیان بکاتەوە بەیەك، بۆیە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە جیهـانی ئیسـلامیدا کاریـان هەم ڕۆژهەڵاتناسی بوو هەمیش موژدەدەر!).

گومانی تیا نییە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە لایەکەوە خزمەتی گەورەیان بە لێکـۆڵینەوە

ئیسلامییەکان کردووە، داڕشتنی باشیان کردووە و ئارامگر بوونە لەسەر پـاڵفتەکردن و دەرهێنانی ئەم دەستنوسانە -لەگەڵ ئەوەی لە لێکدانەوە و تێگەیشتنی دەقەکانـدا هەڵەی زۆریان هەبووە- هەروەها زۆر چووبوونە ناواخنی پەرتـووکە عەرەبییەکـان، کە عەرەبەکان هەرچەند زمانی خۆشیان بووە ئەوەیان نەکـردووە و پارێزگارییـان لە توراسی خۆیان نەکردووە.

پێویستە شاهێدی حەقیان بۆ بدرێت کە ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەم خەسـڵەتە باشـانەیان هەبوو، بەڵام خۆ عیبرەت تەنها بە هەوڵەکان نییە، بەڵکو بەم ئامانجەیە کە هەوڵیـان بۆی داوە.

ئایا ئەم هەوڵانە بۆ خزمەتی ئیسلام بووە؟ یان بۆ تێکدان و شێواندنی وێنەی ئیسلام بووە لای خەڵکی؟

ئایا لە هەوڵەکانیاندا (ویژدانی زانـاکە) زاڵ بـووە؟ یـان مـوژدەدەرێکی شـاراوە لە پێستی ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەدا خۆی حەشارداوە؟

کوا ویژدانی زانایەکی وەکو (مرجلیوث) -بە نموونە- کاتێك گومـان دەخـاتە سـەر نەسـەبی پێغەمـبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە نـاو جەزیـرەی عەرەب کە پاراسـتن و لەبەرکردنی نەسەب فەرزێکی تەقلیدی و ژینگەیی بوو لایان؟

یان (جرۆنیباوم) لە کتێبەکەیدا (الإسلام) دەڵێت: بە دیدی ئیسـلام، زانسـت ئەوەیە کە تەنها خزمەتی دواڕۆژ بکات!

لە کاتێکدا؛ لە هەمان کتێبدا دان بەوەدا دەنێت کە ئیسلام لەیەك کاتدا سیستەمێکی

دونیایی و دواڕۆژییه، ئایین و دونیا لەیەك جیا ناكاتەوە، كۆمەڵگەش لە شـەریعەت جیاناكاتەوە.

یان كوا ویژدانی (فلهوزن) كە لە كتێبەكەیدا (الدولة العربیـة) دەڵێـت: ئەبـوبەكر و عومەر دەسەڵاتی خیلافەتییان لە موسوڵمانان داگیركـرد، وە مـوحەممەدیش كاتێـك بێهێز بوو پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ جولەكەكـان بەسـت، كاتێـك هێـزی پەیـدا كـرد، دەمارگیری قەومی وای لێكرد پەیمانەكە هەڵبوەشێنێتەوە و دەریان بكات!

بەڵام (فلهـوزن) باسـی ئەوە ناكـات كە مێـژوو تۆمـاری كـردووە لەوەی كە ئەوە جولەكەكـان بـوون پەیمانەكەیـان هەڵوەشـاندەوە و هـانی موشـریكەكانیاندا و لەملاشەوە؛ لە مەدینە لەگەڵ مونافیقەكان خەریكی پیلان گێڕان بـوون، وە بەردەوام هەواڵـی ناڕاسـتیان دژی موسـوڵمانان بڵاودەكـردەوە، دەستیشـیان نەدەپاراسـت لە دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتانی موسوڵمانی داوێنپاك.

با باسی ویژدانی (جولدتسیهر)یش بكەین كە لە كتێبەكەیدا (العقیدة والشریعة في الإسلام) دەڵێت:

ئیسـلام هـیچ شـتێكی نـوێی نەهێنـاوە، نە لە فیكـر و نە لەوەی كە پەیوەسـتە بە پەیوەندی تاكەكان بەیەكەوە، لە ڕووی فیكرییەوە ئیسلام كاریگەر بووە بە ئەفكاری (الهلینستیة)[١]، لە ڕووی فیقهیشەوە لە قانونی ڕۆمانی وەریگرتووە، سیاسەتیشی لە فارسەكان وەرگرتووە، تەسەوفەكەشی لە ڕەوتە هیندییەكان و ئەفلاتوونییە نوێیەكـان

(١) شارستانێتی (الهلینستیة): ئەو شارستانییە ئیغریقییە بوو كە لە ماوەی سێ سەدەی پـێش زاینـدا بـوونی هەبـوو. (وەرگێڕ).

وەرگرتووە!

لەولاوەش (قاین رابن) فێرخوازەکەی (مرجلیوث) لە کتێبی (اللغات القديمة في غربي بلاد العرب) دەڵێت:

قورئان چەندان هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی (نەحو)ی تێدایە کە موسوڵمانان بە درێژایی مێژوویان زۆر هەڵەیان ڕاستکردووەتەوە و هەندێکیشی هەر ماوە!

چەندان قسەی بێبەهاتر دەکەن، کە نە عەقڵ و نە زانست و نە ویژدانیش قبووڵیان نییە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا کەسانی سەرسام بە ڕۆژهەڵاتناسەکان بوونیان هەیە!

فیتنەکە گەورەتر بوو، گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هەندێك موسوڵمانیش فریویان خوارد و کتێبی ڕۆژهەڵاتناسەکانیان کردە سەرچاوە نەك هەر لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی دید و جیهانبینی و بنەماکانی ئیسلام، وە لە تەفسیرکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی ئیسلام و هەڵسەنگاندنی کەسایەتییە پێشینەکانی ئەهلی ئیسلام..! بێئەوەی ئەم موسوڵمانانە هەست بەوە بکەن کە ئامانجی یەکەمی ڕۆژهەڵاتناسەکان لێدان بوو لەم عەقیدە و لێڵکردنی دیدی ئیسلامی و گومان خستنە سەر کەسایەتییە کاریگەر و پێشڕەوەکان -ئەو پیاوە بەڕێزانەی کە بوونە دانەری بناغەی ئەم ئایینە و بڵاوکردنەوەی-.

ئەگەر فیتنەکە ئەوەندە کاریگەری هەبوویێت لەسەر موسوڵمانان، دەبێ لای ئەو

هەرچیوپەرچییە بەناو موسەقەفانە چۆن بووبێت کە هیچ دەربارەی ئیسلام نازانن؛ جگە لەوە نەبێت کە ڕۆژهەڵاتناسەکان فێریان کردوون، یان ئەوانەی توانەوە لەناو ڕۆژهەڵاتناسەکان و خۆیان لەم ئایینە داماڵی و دەروونی خۆیان واڵا کردبوو بۆ ئەو توانج و شێواندنە و پێی شاگەشکە دەبوون؟

﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ٤٥﴾ الزمر: ٤٥ واتە: کاتێکیش تەنها ناوی خوا دەبرا، ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە دڵیان دەگیرێت و بێزاری دایاندەگرێت، کاتێکیش باسی شتی تر بکرێت جگە لە خوا، دڵخۆش و شاگەشکە دەبن.

ئەو هەوڵانەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەشێك بوو لەو فرتوفێڵە ڕێکخراوەی کە دژی ئەم ئایینە بەرپا کرابوو..

ئەوان هەر لەسەرەتاوە هەستیان بەوە کردبوو کە هێرشی ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا بۆ سەر عەقیدەی موسوڵمانان هیچ ئەنجامێکی نابێت، تەنها ئەوە نەبێت کە زیاتر هەست و هۆشی موسوڵمانان دەجوڵێنن و بێداریان دەکەنەوە لەو پلانانە و لە ئەنجامدا زیاتر دەستگرتوو دەبن بە ئایینەکەیانەوە.

بۆیە پەنایان بردە بەر ڕێگایەکی چەپەڵ.. ئەویش وەکو دەڵێن (ژەهر خستنە ناو هەنگوین) بوو.

سەرەتا هەستان بە گەورەنیشاندان و شکۆدارکردنی بنەماکانی ئیسلام، هەمیشە باسی ئەو فەزڵ و گەورەییانەیان دەکرد کە ئەم ئایینە لە خۆی گرتووە، تا وای لێهات موسوڵمانان دڵیان بەرامبەر ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە ئارامی گرت و بە ڕاستگۆیان

دەزانین و گومانی خراپیان پی نەدەبردن، لێرەوە ژەهرەکەیـان پێـدرا، لە ناوەڕاسـتی ئەم بە گەورەنیشاندان و شکۆدارکردنەدا فرتوفێڵ و شێواندنەکانیان بڵاودەکردەوە و گومانیان بۆ موسوڵمانان درووست دەکرد لەسەر عەقیدە و بیروباوەڕیان.

ئەوە فرتوفێڵەکەیان بوو.. کێ گومان دەبات کە ئەم نوسەرە مەسیحییە ڕاست نەکات لە هەمـوو ئەو شـتانەی باسـی دەکـات، وا دیـارە ئەمـانە هەمـووی ڕاسـتن و لە ئـاینەکەدا هەن بەڵام لێمـان شـاردراوەتەوە تـا خـوای گەورە ئەم (زانـا پـاك و ڕاستیخواز)ەی بۆ ناردین و حەقیقەتەکانی بۆمان دەرخست لە ژێر زانستە بێـوێنە و بێلایەنەکەیەوە؟

کاتێك یەکێك لەم موسوڵمانانە ڕادەچڵەکێنی و پێی دەڵێیت: چـۆن دەبـێ ئیسـلام لە کەسانی نا موسوڵمانەوە وەربگریت؟ چۆن دەیانکەیـت بە سـەرچاوەی مەعـریفەی خۆت دەربارەی حەقائیقی ئایینەکەت کە ئەو باوەڕی بەم ئایینەی تۆ نییە؟

لە وەڵامدا دەڵێت: ڕاستە باوەڕی بە ئیسـلام نیـیە، بەڵام ئەو تەنهـا لێکـۆڵینەوەیەکی زانستی کردووە و پەیوەندی بە ئایینداریيەکەیەوە نییە!

ئاساییە کە چۆنییەتی لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتناسـەکان وەربگـرین کە چەنـد تیایـدا خۆڕاگر بوونە، بەڵام لەدوای ئەمە ئێمە لەوان بەتواناترین لە تێگەیشتنی دەقەکان و ڕوونیان بکەینەوە، ڕووداوەکان گەنگەشە بکەیـن، کەسـایەتییەکان هەڵبسـەنگێنین، بەڵام نەك ئەوەی بچـین حەقـائیقی ئایینیـان لـێ وەربگـرین، ئەوە فیتـنەیەکە خاچپەرستان دەیانەوێت تووشی موسوڵمانانی بکەن.

ئێستا کتێبێکم لەبەردەستە، وادەزانم بەدترین کتێبی ڕۆژهەڵاتناسەکان بێـت، کتێبـی

(الإسلام في التاريخ المعاصر)، ئەمیش بەھەمان ڕێچکەدا دەڕوات.. ڕێچکەی شکۆدارکردن، پاشان بڵاوکردەنەوەی ھەر فیکرێك لە ژێر پەردەی ئەم شکۆدارکردنە.

بەڵام ئەم کتێبە سەرەڕای ھەموو ئەمانە، ڕەچاوی شتێکی بەدتری کردووە، ئەویش داننانە بە زۆر حەقیقەتدا کە وێنا ناکەیت نوسەرێکی ڕۆژئاوایی مەسیحی بە ھیچ جۆرێك دان بنێت بەم حەقیقەتانەدا، بەڵام ئەم دەیکات، بۆ ئەوەی متمانەیەکی ڕەھا لای تۆ بۆ خۆی درووست بکات و وا گومان ببەیت کە ئەم نوسەرە تەنھا ڕەچاوی بابەتی زانستی دەکات و دوورە لە ناحەق و ھیچ گومانێکی خراپی پێ نابەیت.

نوسەری ئەم کتێبە دان دەنێت بەوەی کە ئەورووپا ناتوانێت جەنگی خاچپەرستی بیر بچێتەوە و لە ھزری خۆی دەربکات کە بەردەوام ئیسلام مەترسییە بۆیان.

لە لاپەڕە (١١١) دان بەوەدا دەنێت کە ڕۆژئاوا چووەتە پاڵ زایۆنییەت دژی موسوڵمانان، بە ھۆی ئەو دوژمنایەتییە کۆنەی ھەیە لە نێوان مەسیحی و موسوڵمانەکان.

لە لاپەڕە (١٠٤-١١٣) دان دەنێت بەوەی کە ڕۆژئاوا ھەموو چەکێکی ھەڵگرتووە: (چەکی شەڕ و زانست و فیکر و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ..) بەرامبەر جیھانی ئیسلامی تا ژێردەستەی بکات و بیکاتە کۆیلە و بچووکی خۆی.

بەڵکو دەربارەی خودی عەقیدەی مەسیحییەتیش، دان دەنێت بەوەی کە لە بەراوردکردنی عەقیدەی مەسیحییەت و عەقیدەی ئیسلامیدا، ھەمیشە مەسیحییەت نەرێنی بووە و ئیسلام ئەرێنی بووە، لە ڕووداوە مێژووییەکاندا ھەمیشە ئیسلام

بەراورد بە مەسیحییەت ئەرێنیتر بووە.

بەم شێوەیە دان دەنێت بە هەموو ئەم حەقیقەتانەدا.. ئێستا گومان دەبەیت کە ئەم نوسەرە شتانێکی ناحەق بڵێت؟

بەم شێوەیە ڕاتدەکێشێتە ناو بابەتە قوڵەکان و گومان باشیت دەربارەی خۆی دەچەسپێنێت، تاوەکو لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا ژەهرەکەی خۆی دەڕێژێت، کاتێك دەڵێت: تورکیا؛ کە لەسەر بنەمایەکی بێئایینی (Secular) دامەزراوە، هێشتا هەر موسوڵمان ماوە و لە ئیسلام دەرنەچووە، بەڵکو تەفسیرێکی نوێی بۆ ئیسلام کردووە کە ئایین و دەوڵەت، ئایین و کۆمەڵگە، ئایین و دابونەریت، ئایین و ئابووری، ئایین و یاسادانان، ئایین و واقیعی ژیانی لەیەك جوێ کردووەتەوە![(١)]

پێت دەڵێت بۆ ئەوەی هەموو موسوڵمانانی وڵاتانی تر بۆ ئەوەی ئەم هێز و زانست و شارستانێتی و پێشکەوتنەی کە تورکیا بەدەستی هێناوە، ئەمانیش بەدەستی بێنن، پێویستە تورکیا بکەنە نموونەی پێشەنگی خۆیان! (لە کاتێکدا واقیعی تورکیا؛ هەموو کەس هەستی پێکردبوو کە هاواری دەکرد لەدەست ژێردەستەیی و ناڕەحەتی لاوازی و هەژاری).

لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەش پێت دەڵێت کە پاکستان دەوڵەتێکی فاشیلە، چونکە لەسەر بنەمایەکی ئایینی دامەزراوە، نموونەیەکی خراپە و نابێ موسوڵمانان بیکەنە نموونەی پێشەنگی خۆیان. (لە کاتێکدا هەر خۆی لە هەمان بەش لە لاپەڕە (٢٥٥)

---

(١) مەبەست پێی تورکیای سەردەمی ئەتاتورکە، دوای ڕوخانی خیلافەتی عوسمانی کە لە ١٩٢٤/٣/٣ بە ڕەسمی ئیلغاکرایەوە. (وەرگێڕ).

دەڵێت: هۆکاری فەشەلی پاکستان ئەو حیزبە بوو کە دەسەڵاتی گرتبوویە دەست، بە پێی ئیسلام نەدەڕۆیشت و شارەزای بە حەقیقەتی ئیسلام نەبوو، بەڵکو حیزبێك بوو کە ئیستیعماری بەریتانی درووستی کردبوو و هانی دەدا).

لە کۆتایی کتێبەکەشدا دەڵێت: بۆ ئەوەی موسوڵمانان بتوانن لە جیهانی ئێستادا بژین و جێگایان ببێتەوە تیایدا، پێویستە سازش لەو بنەما عەقیدەییەی خۆیان بکەن کە دەڵێت (ئیسلام ناتوانێت جێگیر و دامەزراو بێت (بەتەواوی ڕۆڵی خۆی ببینێت) ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا نەبێت)، دەبێت ئەو فیکرەی خۆیان بگۆڕن و هەڵبکەن لەوەی کە خۆیان بە موسوڵمانی بژین بەڵام لە کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەماکانی ئیسلام بنیاد نەنرابێت. (ئەمەش ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسەکانە، وەکو کە ئامانجی موژدەدەرەکانیش بوو).

ئایا ئێستاش پێت وایە ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە دڵسۆزن بۆ ئیسلام و موسوڵمانان؟!

ئەمە شەڕی خاچپەرستان بوو دژی ئیسلام.. ئەنجامی ئەم شەڕەش پەیدابوونی ئەم جیلە (موسوڵمانە) بوو کە -جگە لە ناوەکەی- هیچ لە ئیسلام نازانێت، پێی وایە ئیسلام بە تەنها کۆمەڵێك عیبادەتە و بە جێبەجێکردنی ئەم چەند عیبادەتە، هەموو ئیسلامەتی جێبەجێ کردووە، دەڵێت: من موسوڵمانم مادام نوێژ دەکەم و ڕۆژو دەگرم، بەڵام ئاساییە بۆم کە فیکر و دابونەریت و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵگە لە هەر فیکر و ئایین و دیدێك وەربگرم، ئیسلام بێت یان نا.

لەملاوەش ئافرەتی موسوڵمانی وا پەیدا دەبێت دەڵێت: من موسوڵمانم مادام نیەتم پاکە! هیچم لەسەر نییە چی دەپۆشم، تێکەڵی ڕەگەزی بەرامبەریش دەکەم و

پەیوەندیم دەبێت لەگەڵیان.. کێشە نییە، چونکە نییەتم پاکە.

لە سەرووی ئەمانەشەوە، هەیە بە تەواوی و بە ئاشکرا خۆی داماڵیوە لە ئیسلام و پێی وایە ئایینی ئیسلام کۆنەپەرستی و دواکەوتووییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بە تەنها جەنگی خاچپەرستان نەبوو لە ساحەکەدا کە کاریان دەکرد بۆ هەڵوەشاندن و شێواندنی عەقیدەی ئیسلامی لای خەڵکی بە گشتی و موسوڵمانان بە تایبەتی، بەڵکو شانبەشانی جەنگی خاچپەرستان، کۆمەڵێك ڕەوتی تر هەبوون کە هەمان کاریان دەکرد، ئەم کۆمەڵە ڕەوتە کاروچالاکییان بە تەنها لە نێو جیهانی ئیسلامیدا نەبوو، بەڵکو کۆمەڵە ڕەوتێکی جیهانی بوون.

## ڕەوتە جیهانییەکان[(١)]

کاتێك ئەم ڕەوتانە هاتن بە ئاسانی کاریگەرییان درووست دەکرد، چونکە ئیسلامەکە پێشتر داگیرکرابوو، دەرگاشی والا کرابوو بۆ ئەم ڕەوتانە و توانای بەرگریی نەمابوو.

ئەم ڕەوتانە بە تەنها دژی ئیسلام نەبوون، بەڵکو دژی هەموو ئایینێك بوون.

پەیدابوونی ئەم ڕەوتانە لە ئەورووپا، سروشتی و لۆژیکی بوو بۆ حاڵ و گوزەرانی ئەوێ، بەڵام بە نسبەت جیهانی ئیسلامییەوە نامۆ و غەریبە بوون، ژینگە و باروزرووفەکە قبووڵی نەدەکردن، بەڵکو ڕەوتگەلێکی (شاز) و نامۆ بوون و بەزۆر خزێنرابوونە نێو جیهانی ئیسلامییەوە.

خۆ ئەگەر جیهانی ئیسلامی سەربەست و بەهێز بوایە وەکو پێشتر، دەستگرتوو بوایە بە بنەماکانی ئیسلامەوە، هەرگیز ئەم ڕەوتانە نەیاندەتوانی پایەکانی لەق بکەن و هیچ شتێك لە چەمکەکانی بگۆڕن، ئەگەر کاریگەریشیان هەبوایە، ئەوە کاریگەرییەکە زۆر کەم و لاوەکی دەبوو، بەڵام چونکە بە کۆت و زنجیری ئیستیعمار گیری خواردبوو لاوازی ڕووی تێکردبوو، لەولاوەش ژەهر خوارد کرابوو، توانای بەرگری نەمابوو.

ئەم (پێشکەوتن)ـە -وەکو ئەورووپا وا ناوی دەنێت- ڕوودان و پەیدابوونی حەتمی و پێویستی نەبوو، چونکە وەکو وتمان ئەگەرچی پەیدابوونی ئەم ڕەوتانە لە ئەورووپا

---

(١) مەبەست لەو ڕەوتانەیە کە کاروچالاکییان گشتگیر بوو، لە ناوەوە و دەرەوەی جیهانی ئیسلامیشدا کاریان دەکرد، دژی ئاینی ئیسلام و هەموو ئاینێکی تریش بوون. (وەرگێڕ).

سروشتی بوون و لەگەڵ بـاروزروفی ئەوێـدا دانویـان دەکـولا، بەڵام پەیـدابوونیان لەوێش حەتمی و پێویستی نەبوو، چـونکە ئەورووپـا دەیتـوانی بـاوەڕ بە کۆمەڵێـك قیـیەم و ئەفکـاری تـر بهێنێـت و ئەم ڕەوتـانەش لە خـۆی دوور بخـاتەوە، بەڵام ئەورووپا ئەمەی نەویست و نەیکرد، لێرەدا ووتەی پەروەردگاری بە حەق هاتە جێ کە دەفەرموێـــــــت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴾ الرعـــد: ١١ واتە: بێگومان خوای گەورە باروزروفی هـیچ قەومێـك ناگۆڕێـت، هەتـا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن.

بۆیە ئەم بەناو پێشکەوتنە -بەم شـێوەیەی کە ڕوویـدا- لە هـیچ شـوێنێکی ئەم سـەر زەمینە (بە تایبەت جیهانی ئیسلامی) حەتمی و پێویستی نەبوو.

ئەوە یەکەمجار نەبوو کە ئیسلام لە مێژووی خۆیدا ڕووبەڕووی دونیایەك بـووبێتەوە کە لەسەر عەقیدە و قییەمێکی ڕاست و درووست نەبێـت، ئیسـلام هاتبێـت  و ڕێـی ڕاستی نیشان دابێت و لەو ڕێگای خواروخێچەوە هێنابێتیەوە سەر ڕێگا ڕاستەکە.

ئیسلام هات و هەموو دونیا پاشا و دەسەڵاتدارەکانیان بە پیرۆز سەیر دەکـردن و لە بری خوا دەیانپەرستن، ئایـا ئەم مەفهـومە سیاسـییە حەتـمەن دەبـوایە ئیسـلامیش قبووڵی کردبـا چـونکە هەمـوو دونیـا قبـووڵی کردبـو؟ یـان ئیسـلام هـات و فێـری دەسەڵاتدارانی کرد کە بڵێن: (گوێ بگرن و گوێڕایەڵ بن تـا ئەوکـاتەی گـوێڕایەڵی خوا دەکەم، کاتێك سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەیم کـرد، گـوێڕایەڵیم مەکەن)، یـان فێری کردن بڵێن: (ئەگەر باش بووم یارمەتیم بدەن، ئەگەریش خـراپ بـووم ڕاسـتم بکەنەوە). ئەمەی فێری دەسەڵاتداران کرد..

ئوممەتیشی فێرکرد کە بەم هیدایەتە خواییەوە چاودێر بن بەسەر دەسەڵاتدارانەوە.

ئیسلام هات و بەدئەخلاقی هەموو زەوی تەنیبوو، ئایا دەبوایە ئیسلام بکەوتایە ژێر کاریگەری ئەم بەدئەخلاقییە و قبووڵی کردبا؟ یان کۆمەڵگەی موسوڵمان قبووڵی نەکرد و سەرەڕای هەموو خراپەکارییەکانی ناویشی هەر پاکترین کۆمەڵگە بوو کە مێژوو بەخۆیەوە بینیبووی، تا ئەوکاتەی ئیستیعمار و موژدەدەرەکان هاتن و دوو سەدە هەوڵیاندا تا ئەم کۆمەڵگە پاکە فەساد بکەن؟!

ئیسلام هات و یاسای دارستان حاکم بوو، بەهێز بێهێزی دەچەوساندەوە، ئایا ئیسلام تەسلیمی ئەمەش بوو؟ یان ئیسلام هات و بنەمای هاوکاریکردنی لە نێو دەسەڵاتدار و بی دەسەڵاتدا چاند و پتەوی کرد لە نێو کۆمەڵگەدا و بە درێژایی هەزار ساڵ جێبەجێی کرد؟

ڕووداوەکان هەرچییەك و هەرچەندێك بن، تەسلیمبوون پێیان حەتمی و پێویستی نییە، مادام مرۆڤ واز لە خۆی نەهێنێت و خۆی نەخاتە نێو شەپۆلەکانەوە و بۆ هەر کوێیەکی برد پێی ڕازی بێت و هیچ بەرگری و گۆڕانکارییەك لە خۆیدا نەکات.

ئەوکاتەی مرۆڤ توانای کەمتر دەبێت لەوەی ڕێ بەم ڕەوتانە بگرێت، ناچار دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە و دەتوێتەوە لە نێویاندا، وەکو ئەوەی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هات، دوای ئەوەی لە هەموو لایەکەوە ئیستیعمار بێهێزی کردبوو.

ئیستیعمار وای نیشانی جیهانی ئیسلامی دابوو، کە بوون و پەیدابوونی ئەم ڕەوتانە پێشکەوتنە و حەتمی و پێویستی ڕۆژگارە و هەر دەبێت هەبن و تەسلیمیشیان ببین، لە بیروهۆشی خەڵکیشدا ئەوەی چاندبوو کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕەوتانە و

ڕازی نەبوون پێیان و دژایەتی کردنیان، دواکەوتووییە! شورەیە مرۆڤێکی ئەم سەدەیە تەسلیم نەبێت بەم ڕەوتانە کە مایەی پێشکەوتن و شارستانێتین! جا کێ هەیە خۆی تووشی ئەم ئیحراجییە بکات و تۆمەتی دواکەوتوویی بخاتە پاڵ خۆی؟ باشتر نییە مرۆڤ لەگەڵ ئەم ڕەوتانە هەڵبکات و قبووڵیان بکات، تاوەکو بە دواکەوتوو وەسف نەکرێت و سومعەی خۆیشی بپارێزێت؟!

لێرەدا ڕووداوێکم بیرکەوتەوە کە چەند ساڵێك پێش ئێستا لە کەناری دەریایەك ڕوویداوە..

کچێك؛ کە تەنها کەمێك حەیای پێوە مابوو، بە شۆرتێکەوە لە کەناری دەریا وەستاوە و داوای وێنە لە وێنەگرەکە دەکات، کچەکە بەم حەیا کەمەوە کە پێوەی ماوە، دادەنیشێت و قاچەکانی دەلکێنێت بەیەکەوە، وێنەگرەکە دەیەوێت قاچەکانی لێك بکاتەوە، کچەکە ڕازی نابێت، وێنەگرەکە پێی دەڵێت: (تۆ کچە جوتیاری؟) لەوکاتەدا کچەکە -بۆ ئەوەی وا نیشان بدات دواکەوتوو نییە- ئەو حەیا کەمەشی لە خۆی دادەماڵێت و قاچەکانی لێك دەکاتەوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان و (پێشکەوتووانە)ی بگرێت!

حاڵی ئیستیعماریش لەگەڵ موسوڵمانە موستەزعەفەکان ئاوابوو: (ئێوە دواکەوتوون؟ یان چی؟).

لەم کاتەدا تەسلیم بوون جێگای بەرگریکردن دەگرێتەوە.

(پیشەسازی) -وەکو نموونە- پێشکەوتن بوو، حەتمی و پێویستییەك بوو کە دەبوایە هەموو جیهانی گرتبایەوە، لە زۆر لایەنەوە چاکە و خێر و بێری بەدوای خۆیدا

دەهێنا.. بەڵام ئایا ئیستیعمار ڕێگایدا جیهانی ئیسلامی دەرگای واڵا بکات بە ڕووی ئەم پیشەسازییەدا؟ یـان بە هەمـوو شـێوەیەك و زۆر بە تونـدی ڕێگربـوو؛ جیهـانی ئیسلامی لە دواکەوتوویی پیشەسازی و بەرهەمهێنـان و ئابووریـدا هێشـتەوە تـا بە هۆیەوە خزمەتی ئامانجەکانی خۆیان بکەن؟!

لەلایەك دەرگـا واڵا دەکـات بـۆ جۆرەهـا بەدئەخلاقـی و بێئـایینی بە نـاوی پێشکەوتنەوە، لەلایەکی ترەوە ئەوەی بە ڕاستی شیاوە پێی بوترێـت (پێشـکەوتن) و هۆکاری هێز و سەرفرازییە، ڕیگری لێدەکات بێتە نێو جیهانی ئیسلامییەوە!

ئەوە تەنها نموونەیەك بوو، بەڵام ئومێد وایە بەم نموونەیە هەموو بابەتاکانی تـریش لای موسـوڵمانان ڕوون ببـنەوە، کە ئەوەی نـاوی دەنـێن (پێشـکەوتن) تەنهـا هەڵخەڵەتاندنە و فێڵی ئیستیعمارە بەرامبەر جیهانی ئیسلامی.

ئەوە ماوە بزانین ئەم ڕەوتە جیهانیانە کامانە بوون کە ئیستیعمار دەرگاری جیهـانی ئیسلامی بەڕوویاندا واڵا کرد و هەموو هۆکارەکانی بەرگری لە جیهـانی ئیسـلامیدا پەکخست و تۆمەتی دواکەوتوویی دەدایە پاڵ هەرکەسێك دژی ئەم ڕەوتانە بێت.

# بیردۆزەکەی داروین

ئاسان نییە ئەو بەناو پێشکەوتنە کە بە دوو سەدە ڕوویـدا، ئـێمە لە چەنـد دێڕێکـدا کورتی بکەینەوە.

لە کتێبی (معركة التقاليد)[1] بەشی (جولة مع التاريخ) باسم کردووە کە ئەورووپا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی بە چ ئاراسـتەیەکدا ڕۆیشـتووە، لەگەڵ ئەوەشدا چۆن ئەورووپا لە گەلێکی ئاییندارەوە -جا هەر ئایینێك بووبێت و تا چەند پابەندی بووبن- گۆڕا بۆ گەلێکـی بێبـاوەڕ و وای لێهـات لە کەشـێکی تەواو ئیلحادییانەدا بژیت.

باسی ئەوەشم کردووە کە (داروین) هـۆیەکی دیـار بـوو لە ڕابەڕایەتـی کردنـی ئەم بەناو پێشکەوتنە، داروین ساڵی (١٨٠٩)ی زایینی لە دایـك بـوو، سـاڵی (١٨٥٩) کتێبی (أصل الأنواع)ی بڵاوکردەوە، ساڵی (١٨٧١)یش کتێبی (أصـل الإنسـان)ی بڵاوکردەوە. لەو کـاتەدا دەنگـۆیەکی گەورەی نـایەوە و کـاریگەری زۆری لەسـەر عەقیدەی خەڵکی درووست کرد.

پێشتر لای خەڵکـی ئەوە ڕوون بـوو کە مـرۆڤ درووسـتکراوێکی جیـاوازە لە نێـو هەموو درووستکراوەکانی تردا (ئەمەشیان لە ئـایین وەرگرتبـوو)، درووسـتکراوێکە خاوەنی ڕۆحە و ئەم ڕۆحەی لە هەمـوو درووسـتکراوەکانی تـر جیـای دەکـاتەوە، لەسەر ئەم حەقیقەتەش: مرۆڤ خـاوەنی بەهـا ڕۆحـی و ئـایینی و فیکرییەکـانە کە

(١) کتێبەکە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی بەناوی: (جەنگی نەریتەکان). (وەرگێڕ).

لەجیهانی زیندەوەرانی تردا نییە.

بە چاوپۆشین لەوەی کە خەڵکی تا چ بڕ و ڕادەیەك پەیوەست بوون بەم بەهایانەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بوونیان هەبوو..

داروین هات و وتی مرۆڤ تەنها زیندەوەرێکی پەرەسەندوویە و هیچیتر! نە خوا لە ڕۆحی خۆی بەبەریدا کردووە و نە جیاوازیشی هەیە لەگەڵ زیندەوەرەکانی تر، بەڵکو قۆناغی کۆتایی پەرەسەندنی زیندەوەرە، هیچ شتێکی لە زیندەوەرەکانی تر زیاد نییە، جگە لەو پەرەسەندنە هێواشانە نەبێت کە بە ملیاران ساڵ پەیدای کردووە.

لێرەوە ململانێکی توند لە نێوان کەنیسە و دارویندا سەریهەڵدا، کەنیسە داروینی بە کافر و مولحید دەزانی و داروینیش کەنیسەی بە خەڵەفاوو دواکەوتوو ناوزەند دەکرد.

سەرەتا زۆرینەی خەڵکی لایەنگری کەنیسە بوون، قبووڵیان نەبوو داروین ئەم سوکایەتییە بە مرۆڤ بکات و وێنەی مرۆڤ بشێوێنێت و ئەسڵی مرۆڤ بگێڕێتەوە بۆ ئەسڵێکی ماددیانەی ئاژەڵیانە و هەموو ڕێز و تەقدیرێك کە لەلایەن خواوە لەم مرۆڤە نراوە؛ لێی بسەنرێتەوە.

بەڵام دواتر خەڵکی بوونە لایەنگری داروین دژی کەنیسە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا؛ کەنیسە لە سۆز و بەزەییەوە گۆڕا بۆ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری داپڵۆسێنەر، جۆرەها باجی لەسەر خەڵکی فەرز دەکرد، دەبوایە خەڵکی

به خۆڕایی له زەوی کەنیسەدا کار بکەن، دەبـوایە ملکەچبـان بـۆ پیـاوانی ئـایینی، هەندێك بیروباوەڕی لەسەر فەرز دەکردن بە بیانووی ئەوەی لەلایەن خـواوەیە -کە واش نەبوو- هەرکەسێك پێچەوانەیان بکات و کافر ومولحیدە و لە ئایین دەرچووە.

لێرەوە خەڵکی هەستیان کرد هەلێکی لەباریان بۆ ڕەخساوە تا تۆڵەی ئەم زەلیلکـردن و داپلۆساندنە لە کەنسیە بکەنەوە، هەستان بە سەرخستن و پشتگیریکردنی داروین (لەگەڵ ئەوەی داروینیش هەر سوکایەتی بە مرۆڤ دەکرد).

لە ئەنجامی ئەم تـوڕەیی و حەماسـەتەی خەڵکـی کە بە ڕووی کەنیسـەدا تەقـیەوە، سەرەنجام تەنها کەنیسە تێکنەشکا، بەڵکـو خـودی (ئـایین) تێکشـکا و خەڵکـی بە هەموو واتایەك لە ئایین دوورکەوتنەوە.

لەوکاتەوە ئەورووپا بەرگێکی مادديـانەی دوور لە ئـایینی پۆشـی، بـاوەڕی بە هـیچ شتێك نەما تەنها ئەوە نەبێت کە بە پێنج هەستەوەرەکە هەستی پێـدەکرێت، هەمـوو شتێك بوو بە مادده لایان.

ئەم شـەپۆلی مـادده پەرسـتیەش هەمـوو لایەنەکـانی ژیـانی گـرتەوە.. ئـابووری، سیاسەت، ئایین، ئەخلاق...

هەر لێـرەوەش تەفسـیری ماددیـانە بـۆ مێـژوو، هەمـدیس تەفسـیری جنسـی بـۆ خوڕەوشت سەریهەڵدا، هەردووکیشیان درێژکراوەی بیردۆزەکەی داروین بوون[1].

---

(١) بڕوانە کتێبی (معركة التقاليد) هەردوو بەشی: (جولة مع التاريخ) و (حقائق وأباطيل).

# تەفسیری ماددیانە بۆ مێژوو

تەفسیری ماددیانە بۆ مێژوو، واتە: هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بـریتییە لە گەڕان بـۆ خـواردن، مـاددە ژیـانی مرۆڤـایەتیی داڕشـتووە، هەر بە هـۆی ماددەشـەوەیە کە بیروباوەڕەکان بڵاوبونەتەوە، بیروباوەڕەکان لە خودی خۆیاندا هیچ بەهایەکیان نییە، بیروباوەڕیش نـابێتە داینەمـۆی خوڕەوشـت لە واقیعـدا، بەڵکـو بیروبـاوەڕیش هەر تەواوکەری ئەم پێشکەوتنە ئابووری و ماددیەیە.

هیچ پێوەرێکی سابت و نەگۆڕ بوونی نییە ناوی ئایین، یان ئەخلاق بێت، هیچ شتێك بە ڕەهایی سابت و نەگۆڕ نیـیە، بەڵکـو هەمـوو سـەردەمێك کۆمەڵێـك بیروبـاوەڕ و بەهای ئەخلاقی تایبەت بەخـۆی هەیە کە لەگەڵ ئەو سـەردەمدا دەگونجێـت و بـۆ سەردەمێکی تر شیاو نین!

ئایین و بەها ئەخلاقییەکان؛ کۆمەڵێـك چەمـك بـوونە لە سـەردەمی دەرەبەگـایەتی، بەڵام سـەردەمی ئێسـتا کەسـەردەمی پێشـکەوتن و پیشەسـازییە، ئـایین و بەهـا ئەخلاقییەکانی پێویست نیـیە، سـەردەمێکی ئـازادە! ئەم سـەردەمە خـۆی هەنـدێك چەمك و ئەخلاقی نوێ دادەڕێژێت کە ئایین بۆی نییە تەداخولی بکات، چونکە لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا، خەڵکی لە کۆتی ئایین دەرچوونە، پێویستیان بە ئایین نییە، لە ژیانێکی هەستپێکراودا دەژین، بەڵام ئایین و هەموو ئەو فیکرانەی (میتافیزیکی) -ئەودیو سروشت- کە هەستەوەرەکان هەستی پێناکەن ئەوە لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا ناگونجێت، ئەوە هی سەردەمەکانی ڕابردوویە و نابێ بگەڕێتەوە بۆ ناومان!

# تەفسیری جنسی بۆ خوڕەوشت

مەبەست لە تەفسیری جنسیش بۆ خوڕەوشتی بەشەری، ئەوەیە کە هەموو چالاکییەکی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ جنس!

منداڵ کاتێك شیری دایکی دەخوات بە هۆکاری حەزی جنسی دەیخوات، کاتێك میز دەکات، کاتێك پەنجەی خۆی دەمژێت، کاتێك ئەوەندە هۆگری دایکییەتی، هەموو ئەمانە بە هۆکاری حەزی جنسین.

لەم دوو چەمکەوە کە ئەم بەناو پێشکەوتنەی ئەورووپا ئاراستەی خۆی وەرگرت.. بە ئاراستەیەکی تەواو ئاژەڵیانەدا ڕۆیشت.

ئەمەش نامۆ نەبوو! چونکە داروین هەروا پێناسەی مرۆڤی دەکرد کە ئاژەڵێکی پەرەسەندوویە و هیچیتر! ئەم چەمکە ماددییە ئاژەڵیانەش هەر شایستەی ئەم مرۆڤەن (کە داروین ناوی دەنێت ئاژەڵێکی پەرەسەندوو)!

لێرەوە ئەورووپا کەوتە هەڵدێر و کەندەڵانەوە، هەموو بەها ڕۆحی و ئایینی و ئەخلاقییەکانی لە گشت بوارەکانی ژیاندا لە خۆی داماڵی.

کاتێکیش کە ئایین و بەها ئەخلاقییەکان ڕێگرن لەبەردەم ئەم بیردۆزە ماددییە، ئەوە دەبێ تێکبشکێنرێن و نەرمی نەنوێنرێت بەرامبەریان.. بۆ تێکشکاندنیشیان پێویست دەکات هەموو بیردۆزێکی (زانستی) و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دژیان بخرێتە گەڕ، دەبێ هەندێ بیردۆزی زانستی دروست بکرێت کە پێمان بڵێت ئایین خوڕافیاتە و

ئەخلاقیش کۆتێکی زەرەزمەندە بە گەردنی مرۆڤایەتییەوە، عادەت و تەقالیدە ڕەسەنەکانی ناو کۆمەڵگەش پەڕۆ و سیپاڵێکی کۆن و ڕزیون و پێویستە نەوەی نوێ بیاندڕێنن، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە هەندێ بیردۆز دروست بکرێت بڵێت کە (جنس) تەنها کردەوەیەکی (بایۆلۆجی)یە و پەیوەندی بە ئەخلاقەوە نییە، پێویستە هەموو کچ و کوڕێکی گەنج وەکو چۆن سکی تێر دەکات، ئاواش بە ئاسانی و ئاسایی چۆن و لە هەرکوێ بێت جنسیشی تێر بکات!

ئەم بۆچوونانە بە شێوەیەکی خێرا لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا بڵاوبوونەوە، دەیوت ئەمە پێشکەوتنە و ناشبێت هیچ کەس و هێزێك لەبەردەمیدا بوەستێتەوە، ئەوەی لە بەردەمیدا دەوەستێتەوە تەنها دواکەوتووەکانن کە لەم ژیانە پێشکەوتووانە تێناگەن!

لە ڕۆژهەڵاتیش کەسانێك هەبوون تووتی ئاسا ئەم قسانەی ڕۆژئاواییەکانییان دەوتەوە و کردبوویان بە بنێشتەخۆشەی سەر زمانیان! بێ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن: ئەرێ ئەمە ڕاستە؟ ئەم بەناو پێشکەوتنە ئەگەر لەگەڵ ژیانی ڕۆژئاواش لەبار بێت، بۆ ژیانی ڕۆژهەڵات گونجاوە؟

بەڵام پرسیاریان لە خۆیان نەدەکرد، چونکە لە ناخیاندا کرابوون بە کۆیلە، جا چۆن کۆیلە دەبێ ڕەخنە و پرسیار ئاراستەی گەورەکەی بکات؟ مەگەر گەورەکان هەڵە دەکەن؟ دەکرێ ئەورووپا هەڵە بکات؟ مەگەر ئەورووپا هەموو شتێکی بەدەست نییە و ئێمەش هیچ، مەگەر ئەورووپا خاوەن زانست نییە و ئێمەش هیچ، مەگەر ئەورووپا خاوەنی هێز نییە و ئێمەش هیچ، مەگەر ئەورووپا خاوەنی ئێمە نییە و ئێمەش تەنانەت خاوەنی خۆشمان نین؟!

دەی کەوایە کاتێک ئەورووپا (ڕۆژئاوا) وتی: ئایین نییە، کەوایە نییە.

کاتێك وتی: ئەخلاق نییە. بەڵێ نییە.

کاتێك وتی: عادەت و تەقالید نییە (نابێ هەبێت)، بەڵێ ڕاستە نابێت هەبێت.

ئامان نابێت پێچەوانەی ڕۆژئاوا بیربکەیتەوە، گەرنا تۆ دواکەتوویت، کەمێ شارستانییە و پێشبکەوە! ئەو خوڕافیاتەی ناوی ئایینە لە خۆتی داماڵە، ئەو کۆت و زنجیرەی ناوی ئەخلاقە فڕێی بدە، ئەو شورەییەی ناوی عادەت و تەقالیدە یاخیبە لێی.

بڕۆن و ئازادبن، کۆت و زنجیرەکان تێکبشکێنن! ئەی کچ وکوڕە گەنجەکان لەو عادەت و تەقالیدە کۆنانە یاخی ببن کە لەلایەن خێزانەکانتانەوە ناچاری کراون، ئەوان دواکەوتوون و ئێوە نەوەی نوێ و خاوەن شارستانییەت و پێشکەوتنخوازن، وەکو ڕۆژئاوا بکەن، کچ و کوڕتان با هاوڕێ بن، با ماچ و باوەشیش هەبێت لە نێوانتان، کە پێویستی کرد بۆ ئارامکردنەوەی دەروونتان قەیدی نییە سێکسیش بکەن، با کرداری سێکستان تەنها لە چوارچێوەی تەسکی خێزاندا نەبێت..!

ئەمە هەمووی قسە و بیرکردنەوەی دەروون بەزیوو تووتی ئاساکان بوو.. لەملاوەش ئیستیعمار خۆی لێیان بەری دەکرد، بەڵام دڵخۆشیش بوو بەوەی کە دەیانکرد و دەیانووت.

ئەوڕووپا لەگەڵ ئەوەی ئەم بیروباوەڕە ئاژەڵیانەی هەبوو و بە پێشکەوتنی دەزانی، بەڵام هێشتا لە هەموو لایەنەکانیەوە دانەڕووخابوو، هێشتا هەندێ لایەنی چاکەی

تیامـــابوو، له دیارترینیـــان: بەرهەمهێنـــان و ڕێخکســـتن و ئـــارامگرتن لەســـەر هەوڵدانەکانیان...، هەمـوو ئەمـانە بە داڕووخـانی ئەخـلاق، دانەڕووخـابوون، بەڵام ڕۆژهەڵاتی بە کۆیلەکراو، هیچ یەکێك لەم چاکانەی تیـا نەبـوو تـا لە بەرامـبەر ئەو بەناو پێشکەوتنە خۆی بگرێت و بە زوویی نەکەوێت.

ئەو لاوازییەی کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان تووشی ببـوو، لەگەڵ ئەو لاوازییەی کە ئیستیعمار تووشی کـرد، هەمـوو لایەنە چاکەکـانی لەنـاو بـرد کە لە ئیسلام وەریگرتبوو، ئەوکات خـاوەنی هێزێکـی کـارا، زینـدوو، خـاوەنی زانسـت، بەرهەمهێنـان، کـرانەوە و فراوانبـوون بـوو.. پێویسـتی بە پێشـکەوتنێکی تـر بـوو، پێشکەوتنێك ئەو هێزەی بۆ بگەڕێنێتەوە کە لێی داماڵێنراوە، بەها ئەخلاقی و عادەت و تەقالیدە ڕەسەنەکانی ببەستێتەوە بە سەرچاوە حەقیقییەکەی خۆی، ئەو هێزەی لە دەروونەکاندا بوو بیگەڕێنێتەوە و لە ژیانی واقیعیدا بەرجەستەی بکات.

ئەم هەســتانەوەیە خەون و ئامـــانجی هەمـــوو بـــزووتنەوە ئیســـلامییەکان بـــوو کە ئیستیعمار پێیان تەنگەتاو بوو، هەوڵی شکاندنیشی دەدان، بەڵام دەرگای واڵا دەکرد بە ڕووی ئەو بەناو پێشکەوتنە ئاژەڵیانەی ئەورووپا و کۆیلە و دەروون بەزیوەکـانی خۆیشـــی لە ڕۆژهەڵات خەڵات دەکـــرد، کە هەر خـــۆی پەروەردەی کردبـــوون و کردبوونی بە (ڕۆشنبیر)ی کۆمەڵگە و ژەهری خۆی لە ڕێی ئەوانەوە بڵاودەکردەوە.

دەگەڕێینەوە بۆ باسکردن لە بەناو پێشکەوتنەکەی ئەورووپا..

# حەزی بێسنوور لە شتە دونیاییەکان

لە بیردۆزەکەی داروینەوە بۆ مرۆڤ، حەزی بێسنوور لە ڕابواردن و شتە دونیاییەکان سەریهەڵدا.

ڕابواردن و حەزکردن لە شتە دونیاییەکان، سروشتێکی مرۆڤانەیە و ئیسلام دژی نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ١٤﴾ آل عمران: ١٤ واتە: حەز و ئارەزوو بۆ ئافرەتان و بۆ کوڕی زۆر و کیسەی زێڕ و زیوو ڕەوە ئەسپی نیشاندار و پڕ خاڵ و ئاژەڵ و مەزار و کشتوکاڵ، ڕازێنراوەتە بۆ خەڵکی و لایان شیرین کراوە، ئەوانە هەمووی شتی ڕازاوە و جوانی دونیان، خۆشتر و باشتر لەوانە لای خوا هەیە.

هیچ نەنگییەك لە حەزکردن لە ڕابواردن و شتە دونیایەکاندا نییە، بەڵام ئەوەی پێویستە بکرێت و ئایین و بەها ڕۆحییەکانیش بەردەوام کاریان لەسەری کردووە؛ ئەوەیە هاوسەنگی ڕابگیرێت لە نێوان ئەم حەزانە و نێوان بەها ئایینی و ئەخلاقییەکانەوە، هەمیشە ئایین و بەها ئەخلاقییەکان لە پێشی ئەم حەزانەوە دابنرێن: ﴿ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ١٤ * قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۖ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ١٥﴾ آل عمران: ١٤ - ١٥ واتە: ئەوانە هەمووی شتی ڕازاوە و جوانی دونیان، خۆشتر و باشتر لەوانە لای خوا هەیە. بەو خەڵکە (کە چوونەتە ناو جەرگەی ئەوانەوە) بڵێ: حەزدەکەن باشتر و چاکتر

لەسەرجەم ئەوانەتان پێ ڕابگەیەنم؟ باشتر لەوانە ئەمەیە کە: بۆ ئەوانەی لە شیرك و تاوان خۆیان دەپارێزن، لای پەروەردگاریان چەندین باخـاتی بەهەشـتیان بـۆ هەیە، چەندان چۆم و ڕووبار لەبن دارەکانیانەوە دەڕۆن، بە هەمیشەیی تیایـدا دەمێنـنەوە، هاوسەری پاك و خاوێنیشیان هەیە، ڕەزامەندی خواشیان پێدەگات، بێگومان خوای گەورە بینایە بە حاڵی بەندەکانی خۆی.

ژیان لە چوارچێوەی ئاییندا (بەتایبەت لە چوارچێوەی فیکری ئیسلامیدا) باشترینی ئەو حەزانەت پێ دەبەخشێت، بێ ئەوەی دەروونەکان تێکبدات و بیـانهێنێتە ڕیـزی ئاژەڵەکانەوە.

بەڵام ئەورووپا، لە ئەنجامی بەناو پێشکەوتنەکەیدا لە چوارچێوەی ئایین دەرچـوو، هیچ شتێکی نەبوو تا سـنوورێك بـۆ ئەم حەزانە دابنێـت و ڕێکیـان بخـات، لەوێـوە نوقمی حەز و ئارەزووی بێسنوور بوو، سەرەتا بە حەزی جنسی دەسـتیپێکرد، بەڵام هەر بەوە نەوەستا (هەر نەشدەبوو بوەستێ) چونکە سوننەتی خوا بە درێژایی مێژوو وابووە لەسەر زەوی هەر شارستانییەتێك هەنگاوی نابێـت بەرەو حەزی بێسـنوور؛ ئەوە بە حەزی جنسی دەستپێکردووە، دواتر هەموو حەزە لادەرەکانی تری بەدوادا هاتووە.

بەنــاو پێشــکەوتنەکەی ئەورووپــاش هەر وابــوو، پیشەســازی و تەکنەلۆجیــاش یارمەتیـدەری بـوو، ژیـان پـڕ بـوو لە (جـوانی ڕوکەش) کە پیشەسـازی سـەردەم بەرهەمی هێنابوو، لە سینەما و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەیارە و قیتار و ڕایەخـی نەرم

و جـوان[١].،. ژیـان بە تەواوی ڕازێنـرایەوە، لە وێنەیەکـی بـریقەدار و جـوانییەکی سەرنجڕاکێش نیشاندرا.

بوونی ئەمانە لە خودی خۆیاندا هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، نەنگیـیەکە لەو بەهایـانە دایە کە حوکمی ژیان دەکەن.. ئایا لای ڕۆژئاواییەکان ئامانج لە بەرهەمهێنـانی ئەم شتانە چییە؟

لێرەدا ناچینە ناو موناقەشـەی سـەرمایەداری و ئامانجەکـانی لە بەرهەمهێنـان، کە ئامانجی تەنهـا ئەوەیە زۆرتـرین قـازانج بکـات، کێشـەکە بە بۆچـوونی ئـێمە لەوە قوڵترە..

ئەگەر سـەرمایەداری هەسـتی نەکردبـا خەڵکـی بە شـەوق و زەوقەوە دێـن بـۆ ئەم بەرهەمانە، ئەوە ڕێگایەکی تری دەگرتە بەر تـا لە ڕێـیەوە زۆرتـرین قـازانج بکـات، مادام قازانج و دەستکەوت تاکە ئامانجیەتی.

کێشەکە بریتییە لە حەزی بێسنوور بۆ شـتەکان، کە لە ئەورووپـاوە سـەری هەڵـدا، تەنها بە سەیرکردنێکی ماددیانە سەیری ژیانی مرۆڤ دەکـات، زایـۆنێتی جیهـانیش هەوڵـی تەواویـدا بـۆ ئەوەی کە گەلانـی جـگە لە جـولەکە، بەرەو گەنـدەڵی و خراپەکاری ببەن، تا خۆیان جڵەوی ئەم گەلانە بگرنە دەست و بەرەو ئارەزووبـازی بیانبەن.

بەم شێوەیە حەزی بێسنوور لە شتە دونیاییەکان بەردەوام بوو، تا بوو بە مۆرکێـك لە

---

(١) نوسەری بەڕێز نموونەی بە شتە تازە پەیدابووەکانی سەردەمی خۆی هێنـاوەتەوە، چـونکە ئەم کتێـبەی لە سـاڵی (١٣٨١)ی کۆچی نوسیوە، کە دەکاتە ساڵی (١٩٦٠)ی زایینی. (وەرگێڕ).

مۆرکەکانی شارستانێتی سەردەم و هەموو دونیای گرتەوە.

ئەم حەزی بێسنوورە هەرچەند لێکەوتەی خراپی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە ئێستا و داهاتووی گەلاندا، بەڵام ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە ئەو لێکەوتە خراپەیە کە کاریگەری دروست دەکات لەسەر تێگەیشتن بۆ هەر یەکێك لە چەمکەکانی ڕۆح و ئایین و ئەخلاق.

دژیەکی ئایین و ئەم حەزی بێسنوورە ئاشکرایە، نەك لەبەر ئەوەی ئایین -بە تایبەتی ئیسلام- دژی خۆشی و ڕابواردنە و حەرامیان دەکات، نا، چونکە هەر ئیسلام خۆی دەڵێت: ﴿قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ ٣٢﴾ الأعراف: ٣٢ واتە: بڵێ: کێیە جلوبەرگی جوان و خشڵ و ڕزق و ڕۆزیی خاوێن و پاك -کە خوا بۆ بەندەکانی حەڵاڵ کردووە-، حەرام و یاساغ کردووە.
بەڵکو دژیەکییەکە لەبەر ئەوەیە کە ئەم حەزی بێسنوورە دەروونەکان تێکدەدات، ئەوەندە ژیانی دونیا لە دەرووندا خۆشەویست دەکات تا قیامەت و دواڕۆژی بیردەچێتەوە، تا وای لێدێت ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی بۆ قیامەتی، بیری دەچێتەوە و لێیان هەڵدێت، چونکە ڕێگرن لە گەیشتنی بە حەزە بێسنوورەکەی، هەرکاتێك دەروونی مرۆڤ حەزی بێسنووری بۆ شتە دونیاییەکان پەیداکرد، لە ئایین ڕادەکات و لە ناخیدا حەز بە نەبوونی ئایین دەکات، چونکە ڕێگرە لە حەزە بێسنوورەکانی.

لەگەڵ ئەو بەناو شارستانێتییەی کە جیهانی ئیسلامی لە ژێر سایەی ئیستیعماردا نوقمی بیوو، حەزی بێسنووریشی هاتە پاڵ، بەناوی پێشکەوتنەوە یان بەهەر ناوێکی

ترەوە.

ئەوە ماوە بڵێین: ئیسلام هەرگیز هۆکارەکانی خۆشی و ڕابـواردن حەرام ناکـات، لە سەیارە و فڕۆکە و جوانکاری ناوماڵ و سینەما و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.. بەڵام ئیسـلام دژایەتی ئەو ڕۆحیەتە دەکات کە لە ڕابواردندا ڕۆدەچێت و هەموو شتەکانی دەخاتە خزمەتی ڕابواردنەکانی، ئیسلام دژایەتی ئەو بەدئەخلاقییە دەکات کە لە ڕێی سینەما و ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆنەوە بڵاودەکـرێتەوە نەك دژی خـودی سـینەما و ڕادیـۆ و تەلەفزیۆن بێت[1].

بەم شـێوەیە؛ ئەم حەزی بێسـنوورە لە ڕۆژئـاواوە هـاتە ڕۆژهەڵات و نـاوی لێنـرا پێشکەوتن و شارستانی و چـووە پـاڵ هۆیەکـانی تـری پێشـوو کە بـۆ ڕووخانـدنی ئیسلام خرابوونە گەڕ.

(١) سەیری بەشی (الإسلام والحضارة) بکە لە کتێبی (شبهات حول الإسلام).

# ئافرەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان

بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، بزووتنەوە یەکسانیخوازەکان.. بزووتنەوە فریودەرەکان!

لە هەردوو کتێبی (معركة التقاليد) و (شبهات حول الإسلام) بە درێژی باسی ئەم بابەتەم کردووە، لێرەدا هەر بەکورتی باسێکی لیدەکەینەوە.

ئەو بزووتنەوانەی لە ئەورووپا سەریان هەڵدا بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان، بزووتنەوەیەکی ناوچەیی بوون (واتە: بۆ حاڵ و گوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوێ سەریان هەڵدا)، بەڵام حەتمی نەبوو کە کۆتاییەکەی بەم شێوەیە بێت، حەتمیش نەبوو ئەم بزووتنەوانە هەر بەم شێوازە لە ئەورووپاوە بگوازرێنەوە بۆ جیهانی ئیسلامی، کە باروزروفەکەیان تەواو لەیەك جیاواز بوون.

ئەبێت هەست بەوە بکەین کە جیاوازی هەیە لە نێوان لابردنی ئەو ستەمەی کە لە ئافرەت دەکرا، کە تەواو پێچەوانەی ئیسلامەکەش بوو، هەروەها لە نێوان درووستکردنی ئەو وێنە شورەییەی بۆ ئافرەت دەکرێت، کە بەتەنها کۆمەڵگە تێکنادات، بەڵکو خودی ئافرەتەکەش دەکات بە کاڵایەکی ئامادەکراو بۆ هەرکەسێك بیەوێت.

کێشەکە لێرەوە سەریهەڵدا کاتێك لە کۆمەڵگە بەناو شارستانی و پێشکەوتوویەکە پیاو لە سەرپەرشتیکردنی ئافرەت لادرا، لێرەوە ئافرەت ناچاربوو بۆ بژێوی خۆی (هەندێکجاریش بۆ بژێوی تەواوی خێزانەکەی) خۆی کار بکات، خاوەن کارگەکانیش ئەو هەلەیان قۆستەوە و نیوەی موچەی پیاویان دەدا بە ئافرەتان، لە

کاتێکـدا لە هەمـان شـوێن و هەمـان کـار و هەمـان کـات کاریـان دەکـرد.. ئەوە (دادپەروەری)یەکەی ئەورووپا بوو!

ئافرەتـان ناچـار بـوون داوای مـافی خۆیـان بـکەن بە جۆرەهـا ڕێگـا: مـانگرتن و خۆپیشاندان و بانگەشـەی ڕاگەیانـدن ..، دواتـریش داوایـان کـرد لە یاسـادانانـدا هاوشـانی پیـاوان بوونیـان هەبێـت، چـونکە یاسـادانان لە ئەورووپـا کەسـی بەرژەوەنـدیخواز دایـدەنا، نەك ئەوەی خـوای گەورە بە یەکسـانی دایبنـێ وەك لە ئیسلامدا هەیە.

ئافرەتان داوای مافی هەڵبژاردن و چوونە پەرلەمانیان کرد، داوای یەکسانی لە کـار و پەروەردە و فێرکردن و زۆر شتی تریش.. پیاوانیش بە بیانووی ئەوەی کە ئایین و عادەت و تەقالید ئەمە پەسەند ناکات، ڕێگربوون لە داواکانی ئافرەتـان، هەرچەنـد پیاوانیش دەمێك بوو ئایین و تەقالیدیان فڕێ دابوو، بەڵام بۆ بێدەنگکردن و نەهاتنە پێشی ئافرەتان بۆ ئەم مەیدانە، چەکی ئایین و تەقالیدیان بەکارهێنا.

شتێکی ئاسایی بوو لە ژینگەیەکی وەکو ئەورووپا کە هەموو تێگەیشـتنە لادەرەکـان زاڵ ببوون، ئافرەتان لە پێناو یەکسانیکردنیان لەگەڵ پیاوان، داوای لابردن و ڕادانی ئایین و تەقالید بکەن.

ئافرەتی ڕۆژئاوایی یەك لە دوای یەك (مافەکـانی) بەدەسـت هێنـا.. کە بەهۆیـانەوە مـافی فەسـادی و بەرەڵایـی دەستخسـت، ئەمەی کۆتـاییش (مـافی فەسـادی و بەرەڵایی) بە یارمەتی و هاندانی پیاوانەوە پێی گەیشتن، چـونکە پیـاوان وا بیریـان دەکردەوە کە لەم ڕێگەوە ئاسانتر دەتوانن بگەن بە حەزە سەرکەشەکانی خۆیان.

ئافرەت چووە دەرەوە بۆ کار و بۆ فیتنەش لە یەك کاتدا!

بەهۆی ڕێنماییە جنسییەکانی فرۆید، وە بەهۆی حەزکردنێکی بێسنوور لە شتە دونیاییەکان، وە بەهۆی کارە ژێربەژێرەکانی زایۆنێتی بۆ بڵاوکردنەوەی گەندەڵیی ئەخلاقی و زاڵبوونیان بەسەر گەلانی تردا لە ڕێی ئارەزووەکانەوە، ئافرەت فێری جۆرەها (فریودان) بوو -فریودان و ڕاکێشانی پیاوان بۆ بەدئەخلاقی-. هەرچەندە پێویستی بە فێربوونیش نەبوو، چونکە سروشتی ئافرەت وایە کە سەرنجڕاکێشە[1]، پاشان سەرنجراکێشی جیاوازە لە فیتنە، یەکەمیان حەڵاڵ و پاکە (چونکە سروشتییە) دووەمیان حەرام و پیسە، ئەورووپاش وەنەبێت هۆکارە پاك و حەڵاڵەکان هەڵبژێرێت، چونکە ئەورووپا تەڵقین درابوو بە ڕێنماییە جنسییەکانی فرۆید.

ئافرەت چوویە مەیدانەوە بە پیسترین چەك.. چەکی فریودان، فریودان بوویە ئامانج لە خودی خۆیدا، نەك بووبێت بە هۆکاری گەیشتن بە هاوسەرگیری یان تەنانەت عیشق و خۆشەویستیش، فریودان لە پێناوی فریودان! لە پێناوی ئەوەی ئافرەت هەست بکات کاریگەرە و خاوەن هێزە! بە فیعلیش خاوەن هێز بوو:

مادام پیاو ئەو کائینە بێت کە داروین باسی دەکرد.

مادام پیاو ئەو کائینە بێت کە ژێردەستەی حەزە جنسییەکانیەتی، وەکو کە فرۆید باسی دەکرد.

---

(١) ئەمە لە هەردوو ڕەگەزدا هەیە، بەڵام بەهۆی پێکهاتەی لاشەی ئافرەتەوە، لە ئافرەتدا زیاترە ئەگەر ئاین و تەقالید سنورێکی بۆ دانەنێت.

مادام پیاو بەم شێوەیە حەزی بێسنووری بۆ شتە دونیاییەکان هەبێت.

مادام پیاو بەم شێوەیە بێت، ئەوە دەسەڵات و هێزی گەورە بەسەریدا دەسەڵات و هێزی ئارەزوویە، هەر شتێك ئارەزووی لاشەی بجوڵێنێت، ئەوە خاوەن هێزە بەسەریدا.. ئافرەتیش هەستی دەکرد هەرکاتێك فریودانەکەی زیاتر بکات، دەسەڵات و هێزەکەیشی بەسەر پیاودا زیاتر دەبێت.

لێرەوە فریودان لە خودی خۆیدا بوویە ئامانجی ئافرەتان، نەك بۆئەوەی بگەن بە هاوسەرێك، یان خۆشەویستی...، بەڵکو چەكێك بوو لەبەرامبەر پیاو بەکاریان دەهێنا تاوەکو هەست بکەن ئەمانیش (بوون)یان هەیە لەبەرامبەر پیاواندا.

ئافرەت کاری دەکرد، ڕەنجی دەدا، شەکەت و ماندوو دەبوو، قەرەبووی ئەم ماندووبوونەیشی بە دەستخستنی (هێز) دەکردەوە کە لە ڕێی فریودانەوە دەستی دەخست! لە دڵی پیاواندا خۆی نیشان دەدا و پیاوانی تووشی فیتنە دەکرد.

لە پشتی هەموو ئەمانەشەوە، زۆر ڕێگای تر بەکار دەهات، لە ڕێی سینەما و مەسرەحە و تەلەفزیۆن و...، هەموو هۆکارێکی هەست جوڵاندن و فریودان بڵاودەکرایەوە و گرنگی پێ دەدرا، هەموو شوێنێك بوو بە مەیدانی فیتنە.

ئەمە ئەو پێشکەوتنە ئەورووپییە بوو کە پێشکەشی مرۆڤایەتی کرا بەناوی شارستانێتی و پێشکەوتنەوە! تا بەهۆیەوە ئەگەر شتێکی کەمیش لە ئایین و عادەت و تەقالیدی ڕەسەن مابێت؛ نەهێڵرێت.

شتێکی ئاسایی بوو کە ئەم بەناو پێشکەوتنە بێتە ناو جیهانی ئیسلامییەوە کە پێشتر

له هه‌موو لایه‌ك و به‌هه‌موو جۆرێك تووشی شكست بوویه‌وه‌.

له‌گه‌ڵ هاتنی بزووتنه‌وه‌ و ڕێكخراوه‌كانی مافی ئافره‌تان، عاده‌ت و ته‌قالید و هونه‌ره‌كانی فریودانیش هاورده‌ی جیهانی ئیسلامی كران، ئیستیعماریش پاڵپشتی ده‌كردن.

ئافره‌تی موسوڵمانیش فێری هونه‌ره‌كانی فریودان بوو! له‌ شاری خۆی و به‌ زمانی خۆی سینه‌ما و ڕۆژنامه‌ و ته‌له‌فزیۆنی ڕووتی ده‌ستكه‌وت و له‌ ڕێیانه‌وه‌ فێری هونه‌ره‌كانی فریودان و تێكدانی ئه‌خلاق ده‌بوو.

كه‌سانێكیش به‌ناوی سه‌ربه‌ستكردنی ئافره‌تانه‌وه‌، زیاتر هانی ئافره‌تانیان ده‌دا بۆ ئه‌م كاره‌یان، فریودان له‌ ماڵ و كۆڵان، قسه‌ و جوڵه‌كردن، جلوبه‌رگ و روخسار، له‌ ڕۆیشتن و دانیشتن و سه‌یركردن..، فریودان لای ئافره‌تی موسوڵمانیش بوویه‌ ئامانج و نوسه‌ره‌ به‌ناو ئازادیخوازه‌كانیش ببوونه‌ ئاراسته‌وان!

*******

ئێستا له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و پیلانگێڕی و دژایه‌تییه‌ی كه‌ به‌رامبه‌ر ئیسلام و موسوڵمانان ده‌كرێت و هه‌وڵده‌درێت عه‌قیده‌ی ئیسلامی به‌ جۆره‌ها هۆكار نه‌هێڵرێت و هه‌موویان بوونه‌ته‌ هاوپه‌یمان و پاڵپشتی یه‌ك له‌سه‌ر ئه‌م ئامانجه‌یان.. ئایا چاوه‌ڕێ ده‌كرێت ئیسلام و موسوڵمانان بمێنن؟

چۆن چاوه‌ڕێ ده‌كرێت بمێنن له‌ كاتێكدا ژیانێكی ئارام بۆ موسوڵمانان بووه‌ته‌ شتێكی مه‌حاڵ؟! ژیانیان كراوه‌ به‌ دۆزه‌خ، زۆرداری و چه‌وساندنه‌وه‌ و ڕاوه‌دوونان،

موسوڵمانان له لایەنی دەروونی و فیكری و ڕۆحی و كۆمەڵایەتییەوە نامۆ بوونە، بە تـایبەتیش ئـافرەتی موسـوڵمانی پۆشـتە لە كـۆمەڵگە داڕووخـاوە ڕووتەكەدا تەواو نامۆیە.

ئاسان نییە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا كەسێك بمێنێت و بڵێت:

(لا إله إلا الله محمد رسول الله)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا سەرت سوڕدەمێنێت كە پێت بڵێم:

داهاتوو بۆ ئیسلامە؟!

# داهاتوو بۆ ئیسلامە

داهاتوو بۆ ئیسلامە.. ئەرێ کەس باوەڕ بەم قسەیە دەکات؟

دوای هەموو ئەو هۆکار و کۆششانەی دەدرێ بۆ ڕووخاندن و نەهێشتنی ئیسلام، هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دەگیرێتە بەر، کەس باوەڕ دەکات بڵێین: داهاتوو بۆ ئیسلامە؟

بەڵێ..

ئیستیعمار ئەوەی لە توانایدابوو کردی و جیهانی ئیسلامی بەش بەش کرد بۆ چەند دەوڵەتێك، هەر یەکێك لەم دەوڵەتانەشی بەتەواوی لە دەوڵەتەکانی تری داماڵی و ناکۆکی و ڕق و کینەی خستە ناویانەوە.

لە هەموو ئەو دەوڵەتانەشدا ئایین و شەریعەتی لە کۆمەڵگە و ژیان داماڵی.

دژایەتی هەر بزووتنەوەیەکیشی دەکرد کە لەم وڵاتانەدا دروست دەبوون و ئامانجیان زیندووکردنەوە و گێڕانەوەی ڕۆڵی ئایین بوو بۆ ژیانی واقیعی.

سیاسەتێکی فێرکردنیشی دانا کە گەنجانی بە تەواوی لە ئایین دورخستەوە، ناشارەزای کردن بە ئایین، جگە لە چەند گومانێك هیچیان لە ئایین نەدەزانی.

زۆریش بایەخی دەدا بە دروستکردنی جیلێك کە ناوی نابوون (ڕۆشنبیر) کە لە ئایین ڕابکەن و بەرگی ئایین لەخۆیان داماڵن.

زۆریش توندبوو بەرامبەر هەر بزووتنەوەیەك -بەتایبەتی کە بزووتنەوەکە لە ناو جیلی ڕۆشنبیران پەیدا بووایە- کە بانگەشەی گێڕانەوەی ئیسلامی بکردایە، چونکە ئەوە گوریسی دوو سەدەی ئیستیعماری دەکردەوە خوری.

ئیستیعمار لەوەدا سەرکەوتوو بوو، سەرکەوتوو بوو لە دوورخستنەوەی موسوڵمانان لە ئایینەکەیان، سەرکەوتووش بوو لە دواخستنی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بۆ سەدەیەك یان چەند سەدەیەك..

بەڵام پاشان چی؟

پاشان لەناو ئەمریکادا -کە بە ملیاران دۆلاری سەرف دەکرد لە موژدەدەرەکان بۆ دژایەتی ئیسلام- لەناو ئەفریقییەکانی ئەوێدا بزووتنەوەیەکی ئیسلامی پەیدا دەبێت و لە ماوەی تەنها سێ ساڵدا شوێنکەوتووانی دەگەنە نیو ملیۆن کەس.

ئەمریکا دەیانگرێت و لە زیندانەکاندا بەوپەڕی دڵڕەقییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، وەکو ڕۆژنامەی تایم (Time)ی ئەمریکی باسی لێوە دەکات؛ بانگەوازی ئیسلامی لەناو زیندانەکانیشدا بڵاو دەبێتەوە، وەکو ڕۆژنامەکە دەڵێت: ئەم موسوڵمانانە گوێ بە هیچ شتێك نادەن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، دڵڕەقی و توندوتیژی هیچ کاریان لێ ناکات، چونکە ئیتر ئەوان موسوڵمانن!

پاشان چی؟

پاش ئەوەی ئەمریکا هەرچیی توانی کردی بۆ وەستاندنی بانگەوازی ئیسلامی لە ئەفریقیا، بەڵام بەناچاری لەناو ئەفریقیادا ئاشتی و ڕاگرتنی جەنگ ڕادەگەیەنێت.

(مرۆڤ) دەتوانێت چی بکات لە بەرامبەر (ویستی خوای باڵادەست) کە ناهێڵێت نووری ئەم بانگەوازی خواییە بکوژێتەوە: ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴿٨﴾﴾ الصف: ٨ واتە: بێباوەڕەکان دەیانەوێت بە فووی (بە قاڵەی دەم)یان نوور و ڕووناکی بەرنامەی خوا بکوژێننەوە! لە کاتێکدا خوا خۆی تەواوکاری نووری ئایینی خۆیەتی، ئەگەرچی کافر و بێباوەڕانیش پێیان ناخۆش بێت.

ئەمە جیهانی ئیسلامی و موسوڵمانانن کە بەردەوام لە هەوڵی هەستانەوەدان.

لەولاشەوە ئەو ڕەوتە لادەر و تێکدەرانە بوونەتە خۆرەی ڕۆژئاوا و بەرەو فەوتان دەیبەن.. ئەو ئیفلاسە ڕۆحییەی کە ئەوروپا پێوەی دەناڵێنێت، ناکرێت بەردەوام بێت، حەتمەن دەبێت ڕۆژئاوا لەو خەوەی بێدار بێتەوە، هەر بە فیعلیش بێدار بووەتەوە، ئێستا هەست دەکات کە فەراغییەك هەیە لە دەروونەکاندا هیچ شتێك پڕی ناکاتەوە، نە سیستەمی ئابووری، نە سیستەمی دەسەڵاتداری، نە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، نە خۆشی و شتە ڕازاوەکانی دونیاش.

فەراغی ڕۆح و عەقیدە.

بەردەوام لە دەروونەکاندا ئەم فەراغییە هەست پێدەکەن، ئەم فەراغییە کار لەسەر دەروونەکان دەکات، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و سەرەنجام بە خۆکوشتن یان شێتبوون کۆتایی دێت، لەگەڵ هەموو ئەو ئاسانکارییانەی کە پێشکەوتنی سەردەم بەدەستی هێناوە، بەڵام هەرکاتێك خەڵکی نوقمی ڕابواردنی پیس بوون زیاتر هەست بەم فەراغییە دەکەن.

هەردەبێت بێداربینەوە، بگەڕێنەوە بۆ عەقیدە، باوەڕ بە خوا؛ کە هیچ شتێك ناتوانێت جێگای بگرێتەوە.

ئەو عەقیدەیشی کە هەر دەبێ بۆی بگەڕێنەوە، تەنها ڕۆحانی و قسەی باق و بریق نییە لەسەر حسابی هەموو پێکهاتە و پێویستییەکانی تری مرۆڤ، بەڵکو عەقیدەیەکە داگرندەی هەموو پێکهاتە و پێویستییەکانی مرۆڤە: عەقڵ، لاشە و ڕۆح.. هیچ عەقیدەیەکی گشتگیریش بەم شێوەیە نییە جگە لە ئیسلام.

زەروری نییە ئێستا خەڵکی ناوی خۆیان بنێن (محمد، ئەحمەد، عەلی...) بەڵام بە سروشت (فیطرەت)ی خۆیان و ئەو ئەزموونە تاڵەی دەیچێژن، لە کۆتاییدا هەر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو عەقیدەیەی کە هەموو پێداویستی و فەراغییەکانی مرۆڤ پڕ دەکاتەوە.

هەموو ئەو ڕێگریانەی کە ئێستا هەن لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵکی بۆ عەقیدە و ئایین؛ ئەوکات نامێنن.

کاتێك بیر و ئەندێشەکان هەست بەو خەوەیان دەکەن، کاتێك مرۆڤایەتی لەم خەوەی بێدار دەبێتەوە کە بە ئیفلاسی ڕۆحی گەمارۆ دراوە، ئەوکات بە ویست و حەزی خۆیان ڕوو دەکەنەوە ئەم عەقیدەیە و خۆیان لە بیروبۆچوونە لادەرەکانی سەردەم دادەماڵن.

ئەوکات حەزکردنیان لە شتی پیس و بێکەڵك دەگۆڕنەوە بە حەزێکی پەسەند کە دەروونیان پێی ئاسوودە دەبێت.

ئافرەتانیش لەو فریودانە بەدە کە لە ڕێیەوە دەیانەوێت بوونی خۆیان بسەلمێنن، وازی لێ دێنن و بوونی خۆیان لە چوارچێوەیەکی گەورەتر و پاکتر دەسەلمێنن کە شایستەی ڕێز و پلەی حەقیقیی ئافرەت بێت.

لەو ڕۆژەدا خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆ ئایین.. بۆ ئیسلام.

ئەو گەڕانەوەیەش ویستی هێزێکی باڵایە، باڵاتر لە ئیرادەی مرۆڤ، فیترەتێکە و خوای گەورە خەڵکی لەسەر درووستکردووە.

گرنگ نییە ئەو ڕۆژە کەی دێت، بە ویستی خوا دێت -ئەگەر خوای گەورە پێش ئەوە تیاچوونی مرۆڤایەتی نەنووسیبێت-.

کاتێك ئەو ڕۆژە دێت، هەموو ئەو قوربانیدان و ئازارانەی کە موسوڵمانان چەشتوویانە، تا پردێك ڕاڵ بکەن لەسەر کەندەڵانی نێوان کوفر و ئیلحاد و نێوان ئیسلام، دەبێت چی بێت؟ ئەو قوربانیدانانە پاداشتەکەیان مسۆگەرە: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ۝٤٠﴾ الحج: ٤٠ واتە: بێگومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پشتگیری ئایینەکەی خوا دەکات و هەوڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەهێز و بە دەسەڵاتە.

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | پێشەکی |
| ٧ | لادان و پووکانەوە |
| ١٣ | سەردەمی عەباسییەکان |
| ١٦ | سەردەمی عوسمانییەکان |
| ٢٢ | هۆکارە ناوخۆییەکان |
| ٢٥ | موسوڵمانان دوای هێرشی فەڕەنسی |
| ٢٨ | شکانی حەقیقی |
| ٣٠ | دوو خاڵی گرنگ.. |
| ٣٧ | هەوڵی ڕماندنی ئیسلام لە ناوەوە |
| ٤٤ | سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن |
| ٥٢ | پیلان دژی زمانی عەرەبی |
| ٥٤ | چالاکیی موژدەدەرەکان |
| ٦١ | فێربوونی زمانە ئەوڕوپییەکان |
| ٦٣ | بەراوردییەک.. |
| ٦٧ | پیلانەکان دژی زانکۆی ئەزهەر: |
| ٦٩ | ناردنی پزیشکی موژدەدەر بۆ وڵاتی موسوڵمانان: |
| ٧٥ | باسی ئافرەت |
| ٧٩ | کار و چالاکیی ڕۆژهەڵاتناسەکان |
| ٩١ | ڕەوتە جیهانییەکان |
| ٩٦ | بیردۆزەکەی داروین |
| ٩٩ | تەفسیری ماددیانە بۆ مێژوو |
| ١٠٠ | تەفسیری جنسی بۆ خوڕەوشت |
| ١٠٤ | حەزی بێسنوور لە شتە دونیاییەکان |
| ١٠٩ | ئافرەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان |
| ١١٥ | داهاتوو بۆ ئیسلامە |
| ١٢١ | ناوەڕۆک |